


# پەکەکە هێزێکی دژ نەک جیاواز



# دژایەتیکردنی پەکەکە بۆ هەموو بەهاکانی کوردایەتی سیمای جیاوازی و فرەیی سڕیوەتەوە



**هێورکردنەوەی بارودۆخەکە پێویستی بەهەنگاوی کوردانەو ڕاشکاوانەی پەکەکە هەیە کە ڕێز لە شکۆ و سەروەریی کوردستان بگرێت و خۆی نەکات بە جێگرەوەی حکومەت و پێشمەرگە لە کوردستاندا**

**• لەناو هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا تەنیا پەکەکە هێزێکە لە دەرەوەی بەرەی دژی تیرۆر**

لەم قۆناخە ناسك و هەستیارەی ئێستا کە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێت، بەهاو گرنگیی یەکریزی و یەکهەڵوێستی نێومالّی کوردستان نەك تەنیا لەسەر ئاستی باشوور، بەڵکو لەسەر ئاستی هەرچوارپارچەی کوردستان، فاکتەرێکی گرنگی بەهێزکردنی توخمی کوردە لەناو ئەو هاوکێشە سیاسییەی کە هێزە گەورەکانی جیهان و ناوچەکە گەمەی تێدا دەکەن. ئەمەش ئەوەی پێویستە کە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەوڵبدەن خاڵە سەرەکی و هاوبەشەکانی نێوانیان زیاتر پتەو بکەن و خاڵە جیاوازەکان بهێڵنەوە بۆ دانوستاندن و وتووێژی کوردانە لە نێوان خۆیاندا، بۆ ئەمەش لەنێوان سەرجەم هێزەکانی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، جگە لەپەکەکە و ئەو حزبانەی کە دروستکراوی دەستی پەکەکەن، ئەم لێکتێگەیشتن و هەماهەنگییە بوونی هەیە و هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە ستراتیژیەتێکی هاوبەش بۆ گوتاری کورد و کوردستانی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان دروستبکرێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زیاتر سەنگ و پێگەی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان و لەناو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر زیاتر دەربکەوێت.

گومانی تێدا نییە کوڕان و کچانی کوردستان لە هەر پارچەیەکی کوردستان بن، کاتێك بڕیاری مقاوەمەت و بەرخودان دەدەن و چەکی کوردایەتی دەکەنە شانیان، ئەو جوامێر و قارەمانانەن کە وەك کورد و کوردستانی سەرنجی جیهان بۆلای خۆیان ڕادەکێشن، شەڕی ئەمجارەی دژی تیرۆریستانی داعشیش لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان جیهانی بەوە سەرسام کردووە کە چۆن پێشمەرگە و شەڕڤانی کورد ئەو هێزەن کە دەتوانن هێزێکی دڕندەی وەك تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنن. ئەم جوامێری و قارەمانیەتییەی کوڕان و کچانی کوردستان پێویستی بەوە بوو کە پێشمەرگە و شەڕڤان لەیەك بەرەدا پێکەوە شەڕی دوژمنێکی هاوبەش بکەن کە تیرۆریستانی داعشەو پێکەوە بەشێك بن لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، بەڵام مخابن تاکە ڕێگرییەك لە ڕێگەی بوونی پێشمەرگەو شەڕڤان بەیەك هێز و بەیەك ئیرادە، ئەو ئایدیۆلۆژیەتە ناکوردانەیەی پەکەکەیە کە هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە شەڕڤان و گەریلا دژی پێشمەرگە بەکار بهێنێت و لەبری ئەوەی ئیرادە و هێزی پێشمەرگە و شەڕڤان لەم بارودۆخە ناسکەدا ببێتە یەك و چارەنووسی دوو پارچەی کوردستان یەکلایی بکاتەوە، بەڵام وەك دەیبینین هەموو هەوڵی پەکەکە بۆ ئەوەیە کە شەڕێکی نەخوازراو لە نێوان پێشمەرگە و شەڕڤانان دروست بکات کە سەرەنجام ئیرادەی کوردو کوردستان بەرەو کارەسات و ماڵوێرانییەکی گەورە دەبات.

**«جیاوازی بریتییە لە کرانەوە بە رووی ئەوی دیداو بەردەوامیش بە کراوەیی دەمێنێتەوەو هەرگیز یاخیبوون نییە دژی ئەوی دیکە، لەم حاڵەتەدا پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان هۆشیاری و بوونی هۆشیاری سەبارەت بە جیاوازی.»**

**• ژاک دریدا .. سەرچاوە: کتێبی ژاک دریدا و تەفکیک**

لەسەرەتای شەڕی دژی داعش و دوای ئەوەی تیرۆریستان پەلاماری باشووری کوردستانیان داو بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بڕیاری شەڕی مان و نەمانی دژی تیرۆریستانی داعش ڕاگەیاند، توانرا لەماوەی کەمتر لە ١٠٠ کاتژمێر شاری مەخموور ئازاد بکرێتەوە، هەر بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە کاتێك سەرۆکی کوردستان شاری مەخمووری بەسەرکردەوە، چۆن هێزەکانی پێشمەرگەی بەسەرکردەوە، بەهەمان شێوە سەردانی ئەو شەڕڤانانەی پەکەکەشی کرد کە لە کەمپی مەخموور پێشتر نیشتەجێ بوون و لەشەڕی ئازادکرنەوەی مەخمووردا هاوشانی پێشمەرگە لەدژی داعش لەیەك سەنگەردا بەرگرییان کردبوو، ئەم سەردانە ئەوەی پیشاندایین کە ئامانجی سەرۆکی کوردستان ئەوە بوو کە ئەو جیاوازییە لەنێوان پێشمەرگە و شەڕڤان نەهێڵێت کە پێشتر پەکەکە دروستی کردبوو، پاشانیش بۆ پشتگیری و پشتیوانی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا و هەوڵدان بۆ ئەوەی کانتۆنەکانی ڕۆژئاواش ببنە ئەزموونێکی دیکەی دیموکراتی و هاوشێوەی ئەزموونی دیموکراتیی باشووری کوردستان و کیانێکی دیکەی کوردی دیفاکتۆ لە ڕۆژئاواش دابمەزرێت، دیسان سەرۆك بارزانی هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای لەسەر یەك مێز کۆکردەوەو توانرا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی هەولێر هەموو لایەنەکان لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان ڕێکبکەون.

ئەگەرچی پەیەدە کە حزبێکە دروستکراوی پەکەکەیە پابەند نەبوو بە بەندەکانی ڕێککەوتنی هەولێرەوە، بەڵام کاتێك هەڕەشە کەوتە سەر کانتۆنەکانی ڕۆژئاواو تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کۆبانێ، جارێکی دیکە سەرۆکی کوردستان هەوڵیدا لایەنەکانی ڕۆژئاوا لە دهۆك کۆبکاتەوە و لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی دهۆك ڕێکبکەون، لەمەش زیاتر کە کار گەیشتە ئەوەی کۆبانێ بکەوێت و تەنانەت سەرۆکی تورکیا بەفەرمی ڕایگەیاند، کۆبانێ کەوتووە، ئەوا لەم کاتەدا سەرۆکی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ ئەوەی بڕیار بدات کە هێزی پێشمەرگە بەرەو کۆبانێ بجووڵێت، ئەم ئاراستەی سەرۆکی کوردستان بۆ پیشاندانی یەك ئیرادەیی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوا، بووە هۆکاری ئەوەی سەرۆك ئۆباما خۆی بێتە سەرخەت و تورکیا ڕازی بکات کە هێزی پێشمەرگە بۆ پشتیوانی براکانی لە ڕۆژئاوا بەناو خاکی تورکیادا بچنە کۆبانێ، ئازادکردنی کۆبانێ بە هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگەو شەڕڤانان، بووە سیمبولی ئیرادەو جوامێریی هێزی کوردو کوردستان لە تێڕوانینی جیهاندا، بەڵام دیسان مەخابن هەڵەکانی پەکەکە نەیهێشت ئەم سیما جوانە بەردەوام بێت و یەك ئیرادەیی کورد لە دوو پارچەی کوردستاندا سەرنجی جیهان ڕابکێشێت. لەمەش خراپتر لەسەر ئاستی سیاسی کە ناوی (ڕۆژاڤا)یە خەریك بوو دەبووە ناوێکی جیهانی

**ئەگەر پەکەکە بڕیار لەدەستی خۆیدا بێت و نەیەوێت باشووری کوردستانیش بە دەردی بەشەکانی دیکەی کوردستان ببات، ئەوا کێشەکە بەئاسانی چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، ئەوە بێت کە فیتنەو ئاژاوە لە کوردستان دروست بکات، ئەوا لەم حاڵەتەدا کە هیچ کوردێک ئومێدی بۆ ناخوازێت، پێشمەرگە ڕێگەنادات فیتنەو ئاژاوە لە کوردستان دروست بێت**

بۆ ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری کورد لەسووریا، گۆڕی بۆ فیدراڵیەتی باکووری سووریا هەڵکەندو ناوی کوردو کوردستانی لێکردەوەو، لەگەڵ ئەوەی ئێستا ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، پێویستییەکی یەکجار زۆریان بەهێزی شەڕڤانانی ڕۆژئاوا هەیە بۆ شەڕی دژی داعش و ئازادکردنەوەی ڕەققە، بەڵام ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش ئامادەنین تەنیا یەك فیشەك بەناوی شەڕڤانانی کوردستانی ڕۆژئاوا بدەنە ئەو هێزەو مەرجی ئەوەیان لەسەر داناون کە دەبێت ببنە بەشێك لە هێزەکانی سووریای دیموکراتی و ئەمە لەگەڵ ئەوەی هێزی شەڕڤانان زۆرینەی هێزە چەکدارەکانی هێزی سووریای دیموکراتی پێکدەهێنن.

لەوانەیە هەندێك بڵێن ئەو مامەڵەیەی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەرامبەر شەڕڤانان و ڕۆژئاوا دەیکەن، لەژێر گوشار و فشاری تورکیادایە و ئەوە تورکیایە وایکردووە کە ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شەڕڤانان و ڕۆژئاوا نەکەن، لەوانەیە ئەم بۆچوونە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕاستی تێدا بێت، بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە پەکەکە نەیهێشت ڕۆژئاواو باشوور وەك یەك هێز و یەك ئیرادە لەبەر چاوی جیهان دەربکەوێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تورکیا هەر ئەو تورکیایە بوو کە دەیگوت: پەیەدە بەشێکە لەپەکەکەو ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ داعش نییە، بەڵام کاتێك سەرۆکی کوردستان ڕایگەیاند هێزی پێشمەرگە دەنێرێتە کۆبانی و ڕایگەیاند نابێت کۆبانێ بکەوێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، تورکیایان ڕازی کرد، پێشمەرگە بە خاکەیەدا بچێتە کۆبانی و پشتیوانی ئەو هێزە بکات کە تورکیا بەئاشکرا بەتیرۆریست ناوی دەبردن، ئەمەش مانای ئەوەیە یەك ئیرادەیی کوردو گوشاری نێودەوڵەتی تورکیایان ناچار کرد کە نەتوانێت بە پەیەدە بڵێت تیرۆریست، ئەمەش گرنگترین هەنگاو بوو کە ئایندەی ڕۆژئاوای دیاری دەکرد، بەڵام پەیەدە لەژێر کاریگەری هەڵەکانی پەکەکە وایکرد ئەسڵەن ناوی ڕۆژئاوا بگۆڕێت بە باکووری سووریاو هەروەها ناوی شەڕڤانیش بگۆڕێت بۆ جەنگاوەری سوپای دیموکراتی، ئەوەی لەمەش سەیرترە ئەوەیە کە ئێستا پەکەکە و پەیەدە بەوە ڕازی نین ناوی ڕۆژئاوا و شەڕڤان نەمێنێ، کەچی لە کۆبوونەوەکانی ژنێف و ئەستانەدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادە نییە وەك نوێنەری شاندی سووریای دیموکراتیش، پەیەدە بەشداری لە کۆبوونەوەکانی بڕیاردان لە ئایندەی سووریا بکات، لەولاشەوە ڕژێمی بەشار ئەسەد کە ئێستا بە هۆی ڕووسیاوە مەترسی ڕووخانی لەسەر نەماوە، بە ئاشکرا بە جیهانی ڕادەگەیەنێت، کاتی خۆی ئەو ناوچانە بە ڕێککەوتن دراوەتە پەیەدە و دەبێت پەیەدە ئەو ئەمانەتە بۆ دیمەشق بگێڕێتەوە، هەروەها ڕژێمی ئەسەد زۆر بێباکانە ڕایدەگەیەنێت کە چەکی داوەتە پەیەدەو هەتا ئێستاش پەیەدە نەیتوانیوە ئەو بانگەشانەی ڕژێمی ئەسەد پووچەڵ بکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئامانجی پەکەکە لە دروستکردنی پەیەدە ئەوە بووە کە کوردستانی ڕۆژئاوا ئایندەی نەبێت، هەروەك چۆن ئێستا بە تەقاندنەوەی خۆکوژی و بردنە ناوەوەی شەڕەکان بۆ ناو شارەکانی باکووری کوردستان، هەوڵیداوە کە کوردستانی باکووریش هیچ ئایندەیەکی نەبێت.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دیارە پەکەکە ئەوەی نەشاردۆتەوە کە لەئێستادا بەئاشکرا ڕۆڵی پاسەوانی سنوور بۆ سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دەگێڕێت و بۆتە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتدا بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە بۆ ئەو پارچەیەی کوردستان و درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن. لە باشووری کوردستانیش کە لە ئێستادا هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش لە کوردستانن بۆ هاوکاری و پشتگیری هێزی پێشمەرگە، کەچی پەکەکە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی شەڕێکی نەخوازراو هەڵبگیرسێنێت و ئارامی و سەقامگیری باشوور تێکبدات و ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات کە ئێستا هەموو جیهان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتگیری لێدەکەن.

**هێزە سیاسییەکانی هەر پارچەیەک کاتێک لەبەر هەر هۆکارێک دەچنە پارچەیەکی دیکەی کوردستان، ڕاستە هەمووی خاکی کوردستانە، بەڵام دەبێت ڕێز لەسەرکردایەتی سیاسیی ئەو پارچەیە بگرن و هاوکار و هەماهەنگی ئەو سەرکردایەتییە سیاسییە بکەن، نەک ئاستەنگی بۆ دروست بکەن، یان خۆیان بە جێگرەوەی ئەو سەکردایەتییە سیاسییەی ئەو پارچەیە بزانن**

**سەرۆکی کوردستان تەنیا یەک ڕاسپاردەی بۆ هەموو هێزەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەبووە و پێی گوتوون: ئێوە خۆتان لەناو خۆتاندا یەکڕیز و یەکهەڵوێست بن و چ چارەسەرێک بۆ بەرژەوەندیی کوردی ئەو پارچەیە بە پەسەند دەزانن، ئێمە پشتگیری لە لەو چارەسەرە دەکەین کە ئێوە پێشنیاری دەکەن**

## • دژایەتیی پەکەکە بۆ باشووری کوردستان خزمەتی چ دەوڵەت و لایەك دەكات؟

ئەگەر جیاوازیی پەکەکە لەگەڵ حکومەتی کوردستانی باشوور ئەوەیە کە حکومەتی باشوور ئامانجی ئەوەیە تەنیا لەبەشێکدا دەوڵەت رابگەیەنێت و پەکەکە بڕوای بەوەیە کە دەبێت بەیەکجار یەك دەوڵەت لە هەر چوارپارچەی کوردستان رابگەیەندرێت، ئەگەر ئەمە بێت، ئەوا بیانوو و پاکانەی ئەوە هەیە کە ناوی لێبنرێت، تێڕوانین و بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە چەمکی دەوڵەتی کوردستان، بەڵام کێشەکە ئەوەیە پەکەکە خۆی بە ئاشکرا رایگەیاندووەو شانازیش بەو بۆچوونەی خۆیەوە دەکات کە ئەو دژی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییەو دەڵێت: سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەرچووە، کەواتە دژایەتی دەوڵەتی کوردستان لەگەڵ بیروبۆچوونی جیاواز سەبارەت بەچەمکی دەوڵەت و شێواز و چۆنیەتی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە دوو شتی زۆر لێکجیاوازن و دەرگاداخستنە بە رووی هەموو جۆرە دیالۆگ و کرانەوەیەکدا لەنێوان تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و پەکەکەدا.

پەکەکە یەکێکە لەو هێزانەی تووشی نەخۆشیی شێتیی گەورەیی (جنون العظمة) بووە، هەر هێزو لایەنێکیش تووشی ئەم نەخۆشییە بێت، ناتوانێت خۆگونجاندن و پێکەوەژیان لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە دروست بکات، بۆیە لەبری ئەمە هەوڵدەدات کۆپی خۆی لەو جوگرافیایە دروستبکاتەوە کە ئامانجی ئەوەیە تیایدا باڵادەست بێت، هەر بۆ نموونە سەدام حوسێن کە نەیتوانی لەگەڵ ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی کە نوێنەرایەتی راستەقینەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیان دەکرد، دانوستاندن و رێککەوتن ئەنجامبدات، دەهات حزبی کارتۆنی بۆ کورد دروستدەکرد بۆ ئەوەی وەك ئامێرێك بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بەکاریان بهێنێت، هەروەها لە ئێستادا رژێمی بەشار ئەسەد هیچ نییەتێکی تێدا نابیندرێت کە هەنگاو بۆ ئەوە هەڵبگرێت، کوردی سووریا بە هاونیشتمانیی وڵاتەکەی خۆی بناسێنێت، بەڵام کاتێك ناچار بوو هێزەکانی خۆی بۆ پارێزگاریی دیمەشق کۆبکاتەوە، چەند شارێکی سووریای تەسلیمی پەکەکە کرد، خۆ ئەگەر لەوە دڵنیا نەبوایە کە دواتر پەکەکە ئەو شارانە دەگێڕێتەوە بۆ رژێمی ئەسەد، ئەوا حزبی بەعسی سووریا و رژێمی ئەسەد هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ حزبی بەعسی عێراق و سەدام حوسێن نییە، هەر بۆیەش حزبی بەعسی عێراق و سەدام حوسێن دوای نزیکەی ٨ مانگ تێپەڕبوون بەسەر بڕیاری ٦٨٨ و دروستکردنی نەوای ئارام بۆ کوردستان، ئەوجا بڕیاریدا لە کوردستانی باشوور بکشێتەوە. خۆ ئەگەر ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش نەبوایە، ئەوا سەدام حوسێن و حزبی بەعس هەرگیز ئامادە نەدەبوون لە کوردستان بکشێنەوە، بەڵام بەشار ئەسەد بێ ئەوەی هیچ بڕیارێکی نێودەوڵەتی، یان پارێزگارییەکی بۆ کوردی سووریا هەبێت، خۆی ئارەزوومەندانە هێزەکانی کشاندەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە بەشار ئەسەد لەوە دڵنیابووە کە پەکەکە نەك هەوڵ بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی - کوردستانی نادات، بەڵکو زۆر لە رژێمی ئەسەد زیاتر دژی هەر قەوارەیەکی لەوجۆرە دەوەستێتەوە کە لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا دروست بێت. بۆ ئەوەی ئەم ئامانجەشی بەئاسانی سەربگرێت، پەکەکە هەوڵیداوە کە بێجگە لە پەیەدە کە دروستکراوی دەستی خۆیەتی و کۆپی پەکەکەیە، هیچ حزبێکی دیکەی سیاسی لە رۆژئاوای کوردستان بوونی نەبێت، یان بواری کارو چالاکی و ئازادی رادەربڕینی نەبێت.

پەکەکە لەچوارچێوەی ئەم دژایەتیکردنەی بۆ بەهاکانی کوردایەتی توانیویەتی ئاستەنگی گەورە لەبەردەم ئایندەی سێ پارچەی گرنگی کوردستان دروست بکات، بەمجۆرە:

١. تورکیای سەردەمی ئاك پارتی و ئەردۆگان پێش هەتا ساڵی ٢٠١٤ ش کە ئامانجی ئەوە بوو ئاك پارتی هەر لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە و خۆیشی بۆ ماوەی دە ساڵی دیکە سەرۆك کۆمار بێت، بۆ ئەمەش پێویستییەکی زۆری بە دەنگ و پشتگیریی کوردی باکوور هەبوو، بۆیە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو دەرگایەك بە رووی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا بکاتەوە، کوردی باکوور سوودێکی زۆر باشیان لەم دەرفەتە وەرگرت و بۆیەکەمجار لە مێژووی

**هێشتا رژێمی ئەسەد دانی بەوەدا نەناوە کە ناسنامەی سووریا بداتە هاووڵاتیانی رۆژئاوا، بەڵام هەموو کارئاسانییەک بۆ کوردانی سووریا دەکات بۆ ئەوەی ببنە چەکداری پەکەکە، ئەمەش مانای ئەوەیە کوردانی سووریا چەکداری پەکەکە بن، یان سوپای سووریا لای ئەسەد هیچ جیاوازییەکیان نییە**

**پەکەکە خۆی لەبەرەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش یاخی کردووەو خۆی خزاندۆتە بەرەی ئێران، رژێمی بەشار ئەسەد، حەشدی شەعبی و تەیاری نوری مالیکی لەعێراق و خۆگرێدانەوەی بە میلیشیای حزبولڵاکانەوە**

تورکیای نوێدا توانییان وەك كوتلەیەكی كوردی بـە نوێنەرایەتـی هەدەپـە ٨٠ كورسـیی پەرلەمـان بەدەست بهێنێـن، لەمـەش زیاتـر ئـاك پارتـی كـە رێـژەی كەمتـر لـە ٥٠٪ی دەنگەكانـی بەدەسـت هێنابـوو، ئامادەبـوو لەگـەڵ هەدەپـە حكومـەت دروست بـكات، بـەڵام سیاسـەتە هەڵەكانی پەكەكە كاریگـەری لەسـەر هەدەپـە هەبـوو و رێگـەی نـەدا لەگـەڵ ئـاك پارتـی حكومـەت دروسـت بـكات، بۆیـە هەڵبژاردنـی پێشـوەختە كرایـەوە و تەنیـا لەمـاوەی دوو مانگـدا رەفتـارە هەڵەكانـی پەكەكە وایكرد كـە كـوردی باكـوور ٢٠ كورسـیی پەرلەمانـی لەدەسـت بـدەن و ببنـە ٦٠ كورسـی لەنـاو پەرلەمانـی توركیـادا.

پەكەكـە لەبری ئـەوەی هەوڵەكانـی خـۆی بـۆ ئاشـتی چڕبكاتـەوە و بـە شـێوەیەكی سیاسـییانە كێشـەی كـوردی باكـوور چارەسـەر بكرێـت، هەوڵیـدا هێنـدەی دیكـە بارودۆخەكـە ئاڵـۆز بـكات و شـەڕی بـردە نـاو شـارە گەورەكانـی باكـوور و كوردسـتانی باكـووری كاولكـرد، زیـاد لەمـەش پرۆسـەی ئاشتی كۆتایـی پێهـات، دوای كودەتاكـەی ١٥ی تەممـوزی ٢٠١٦ كـە هەدەپـە زوو دژایەتـی خـۆی بـۆ كودەتاكـە راگەیانـد، بـەڵام بەردەوامیـی شـەڕ و كاری خۆكـوژی و خۆتەقاندنـەوەی پەكەكـە وایكـرد، ئـەوەی كـورد لەمـاوەی زیاتـر لـە ٤٠ سـاڵ خەبـات لـە باكـووری كوردسـتان پێكـەوەی نابـوو، هەمـووی لەدەست بچێت و پەرلەمانتـاری كـوردی باكـوور پارێزبەندیـان لەسەر هەڵبگیرێت و لە بەندیخانەكان توندبكرێـن، راسـتە ئـەم رەفتارانـەی توركیـا دژی كوردی باكوور رەفتاری رەگەزپەرستانەن و دژی مرۆڤایەتیـن، بـەڵام ئەگـەر پەكەكـە زەمینـەی بـۆ خـۆش نەكردایـە، حكومەتـی ئـاك پارتـی نەیدەتوانـی بەمشـێوەیە لەگـەڵ كـوردی باكـوور مامەڵـە بـكات، ئێسـتاش بارودۆخەكـە گەیشـتۆتە ئاسـتێك كـە زۆر زەحمەتـە بارودۆخەكـە وەك پێشـانی لـێ بێتـەوەو پرۆسـەی ئاشـتی دەسـت پـێ بكاتـەوە.

٢. رۆژئـاوای كوردسـتان دوای راپەڕینەكانـی گەلانـی سـووریا هەلێكـی دەگمەنـی مێژوویـی بـۆ هەڵكەوت،ئـەم هەلـە مێژووییـە بـۆ كـوردی رۆژئـاوا بایەخەكـەی لـەوەدا بـوو كـە رژێمـی سووریا هەرگیـز كـوردی رۆژئـاوای بە هاووڵاتـی سـووریا نەزانیـوەو ناسـنامەی ئـەو وڵاتـەی پێنـەداون، بۆیـە كاتێك ئـەو هەلـە هاتەپێشـەوە كـە كـوردی رۆژئـاوا خـۆی حوكمڕانـی خـۆی بـكات، ئەمـە مانـای ئـەوە بـوو كـە نـەك هـەر كێشـەی ناسنامەی هاووڵاتیبوونی چارەسـەر دەكرد، بگرە زەمینەیـەك بـوو بـۆ ئـەوەی ئەزموونێكـی دیكـەی دیموكراتـی لـە رۆژئـاوا بـە هاوشـێوەی باشـوور دووبارە بكرێتەوە، هەروەها لە رووی جوگرافیشەوە لـەو هەلـەی بـۆ رۆژئـاوا هاتەپێشـەوە، دەتوانـرا سـوودی لێوەربگیرێت بـۆ هـەردوو بەشـی باشـوور و رۆژئـاوا و كوردسـتانی لـە وڵاتێكـی داخـراوەوە دەگـۆڕێ بـۆ وڵاتێكـی كـراوەی سـەردەریای سپی ناوەڕاست، بـەڵام پەكەكە نـاوی رۆژئـاوای كوردسـتانی سـڕییەوە و كـردی بـە باكـووری سـووریا، هەروەها رێگەیەكی دیكـەی بۆ رژێمی ئەسـەد تەختكـرد كـە مافـی هاووڵاتیبـوون بەشایسـتەی كـوردی سـووریا نەزانێـت، لەمـەش خراپتـر لەبـەر ئـەوەی پێوەندیـی ژێـر بەژێـری لەگـەڵ رژێمـی ئەسـەد هەبـوو، خـۆری كـوردی رۆژئـاوای لای ئۆپۆزسـیۆنی سـووری ئاواكـرد و ئۆپۆزسـیۆنی سـووریا ئامادەنیـن كـە پەیـەدە وەك لقێكـی پەكەكـە بـە نوێنەرایەتـی كـوردی سـووریا بەشـداری كۆنگرەكانـی ئۆپۆزسـیۆن بكـەن، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە ئـەو هەلـەی كـە ١٠٠ ساڵ بـوو كورد چاوەڕوانـی دەكرد بۆ ئـەوەی بۆ رۆژئـاوای كوردسـتان هەڵبكەوێـت، ئـەوا پەكەكـە ئـەو هەلـەی لەدەسـتی كـورد داو زۆر زەحمەتیشـە جارێكـی دیكـە وا بەئاسـانی هەلێكـی دیكـە بـۆ رۆژئـاوای كوردسـتان هەڵبكەوێـت.

٣. مـاوەی نزیكـەی ٤٠ سـاڵە كـوردی رۆژهـەڵات چاوەڕێـی دەرفەتێـك دەكـەن كـە هەلـی ئەوەیـان بـۆ بڕەخسـێت هەتـا بگەڕێنـەوە بـۆ كوردسـتانی رۆژهـەڵات و لەنـاو خاكـی رۆژهەڵاتـدا خەباتـی چەكـداری و سیاسـی بكـەن، دوای دروسـتبوونی شـەڕی داعـش و لەرزۆكبوونـی سـنوورەكان و بوونـی هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتـی دژی داعـش لەناوچەكـە، دەرفەتـی ئـەوە دروسـتبوو كـە ئەوانیـش بگەڕێنـەوە بـۆ رۆژهـەڵات، بـەڵام ئـەوەی كـە چاوەڕواننەكـراو بـوو، ئـەوە بـوو كـە هێزەكانـی پەكەكـە رێگریـان لێكـردن و پێـش ئـەوەی لەگـەڵ سـوپای ئێـران رووبـەڕوو ببنـەوە، پەكەكـە شـەڕی پێفرۆشـتن

**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دوای ساڵانی ٢٠٠٣- ٢٠٠٩ كە توركیا تاسەرئێسقان دژایەتی ئەزموونی دیموكراتی كوردستانی دەكردو ئامادە نەبوو بە فەرمی ئەم كیانە بناسێت و بەبیانووی لێدانی پەكەكەوە هێرشی سەربازی دەكردە سەر باشووری كوردستان، ئەوا داواكاری سەرەكیی پەكەكە ئەوە بوو كە بڕوای بە خەباتی چەكداری نەماوە و دەیەوێت بە رێگەی ئاشتی لەگەڵ توركیا بگەنەچارەسەر و توركیا وەک رێكخراوێكی تیرۆریستی سەیری پەكەكە نەكات**

**ئامانجی ئەم دەوڵەتە ئەمری واقیعەی كوردستان نەک هەر دژایەتیكردنی پەكەكە نییە، بەڵكو سەركردایەتی سیاسی لە باشووری كوردستان هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بووە كە پەكەكە چیتر لە لیستی رێكخراوە تیرۆریستییەكان نەمێنێت و وەک هێزێكی نیشتمانی و نوێنەری گەلێكی مەزڵووم بناسرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت**

و ڕێگەی نەدان بگەڕێنەوە ڕۆژهەڵات، بێگومان ئەگەر پەکەکە ڕێگری لە هێزەکانی ڕۆژهەڵات نەکردایە، ئەوا ئەم بارودۆخە پڕ لە گۆڕانکارییەی تەواوی ناوچەکەی گرتۆتەوەو هەروەها فراوانبوونی ململانێی ئێران لەگەڵ تەواوی دەوڵەتانی کەنداو و ناوچەکە دەبووە یارمەتیدەرێکی باش بۆ ئەوەی زەمینەیەکی لەبار بۆ دانوستاندن لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵات و کۆماری ئسلامی ئێران بێتەئاراوە و ببێتە سەرەتایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵات، بەڵام دیسان پەکەکە ئەم دەرفەتەشی لەدەستی ڕۆژهەڵات دا.

ئەوەی ئێستا ماوەتەوە و بۆتە جێگەی ئومێدی هەر چوارپارچەی کوردستان و هەموو ڕەوەندی کوردستان لە جیهاندا، ئەو قەوارە سیاسییەی باشووری کوردستانە کە ئێستا بەکردەیی وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئامانجی ئەم دەوڵەتە ئەمری واقیعەی کوردستان نەك هەر دژایەتیکردنی پەکەکە نییە، بەڵکو سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بووە کە پەکەکە چیتر لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان نەمێنێت و وەك هێزێکی نیشتمانی و نوێنەری گەلێکی مەزڵووم بناسرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسامییە و چاودێری سیاسی ناتوانێت وەك واقیع مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەوەیە کە پەکەکە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەکار بۆ ئەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو دەوڵەت و لایەنانە دروستبکات کە بەئاشکرا ڕایدەگەیەنن دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانن، لەوانە: (سووریا، باڵی مالیکی و حەشدی شەعبی لە عێراق، کۆماری ئیسلامی ئێران)، خۆ ئەگەر حکومەتی تورکیاش وەك سووریا و ئێران دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی باشوور بوایە، ئەوا بێگومان پەکەکە ئێستا بیانووی جۆراوجۆری شەڕی لەدژی تورکیا ڕاگەیاندبوو، ئەم قسانە تۆمەت هەڵبەستن نییە بۆ پەکەکە، بەڵکو ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دوای ساڵانی ٢٠٠٣- ٢٠٠٩ کە تورکیا تاسەرئێسقان دژایەتی ئەزموونی دیموکراتی کوردستانی دەکردو ئامادە نەبوو بە فەرمی ئەم کیانە بناسێت و بەبیانووی لێدانی پەکەکەوە هێرشی سەربازی دەکردە سەر باشووری کوردستان، ئەوا داواکاری سەرەکیی پەکەکە ئەوە بوو کە بڕوای بە خەباتی چەکداری نەماوە و دەیەوێت بە ڕێگەی ئاشتی لەگەڵ تورکیا بگەنەچارەسەر و تورکیا وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی سەیری پەکەکە نەکات، بەڵام دوای ساڵی ٢٠٠٩ کە پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو کوردستان ئاسایی بووەو پاشان لە ٢٠١٠ سەرۆکی کوردستان سەردانی تورکیای کرد، لە میانەی سەردانەکەی سەرۆکی کوردستاندا، پەکەکە دەستی کردەوە بەشەڕکردن، ئەمەش وەك ئەوەی بە تورکیا بڵێت، ئەگەر تۆ لەگەڵ کوردستان پێوەندییەکانت ئاسایی بکەیتەوە، ئەوا ئێمە ئارامی و ئاسایشی تورکیا دەخەینە مەترسییەوە، لەو کاتەوە هەتا ئێستا لەگەڵ ئەوەی هەموو هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە بووە، زەمینەی ئاشتی لەنێوان تورکیا و پەکەکە دروست بکات، بەڵام پەکەکە زیاتر پەنای بۆ شەڕ و کوشتار بردووە، تەنیا لەبەر ئەوەی تورکیا بەبیانووی نەبوونی ئاسایشی سەرسنوورەوە هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان، بەڵام لۆژیك و دیپلۆماسیەتی سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویانە بارودۆخەکە ڕابگرن و نەیانهێشتووە پەکەکە ئامانجەکەی خۆی بێنێتەدی.

لەماوەی شەڕی دژی داعش، پەکەکە دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی بەناوی هاوکاریکردنی پێشمەرگە خۆی بگەیەنێتە شنگال، بەهەرحاڵ ئەوە ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکە کە لەکاتی پێویست و تەنگانەدا پشتگیری میللەتەکەی خۆی بکات و ئەمە جێگەی ڕێز و تەقدیرە، هەروەك چۆن شەڕڤانانی کەمپی مەخموور هاوشانی پێشمەرگە بەرگرییان لە مەخموور کرد، سەرۆکی کوردستان وەك پێشمەرگە بەسەریکردنەوە، بەهەمان شێوە هاتنی پەکەکەش بۆ پشتگیری خەڵکی شنگال جێگەی ڕێز و تەقدیرە و سوپاسیان دەکەین، بەڵام مانەوەیان لە ناوچەکەو هەوڵدانیان بۆ داگیرکردنی و لەمەش خراپتر هەوڵدان بۆ دابڕاندنی لە باشووری کوردستان

**پەکەکە خۆی لەبەرەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش یاخی کردووەو خۆی خزاندۆتە بەرەی ئێران، ڕژێمی بەشار ئەسەد، حەشدی شەعبی و تەیاری نوری مالیکی لەعێراق و خۆگرێدانەوەی بە میلیشیای حزبوڵاکانەوە**

**پەکەکە هەوڵیداوە جگە لە پەیەدە کە دروستکراوی دەستی خۆیەتی و کۆپی پەکەکەیە، هیچ حزبێکی دیکەی سیاسی لە ڕۆژئاوای کوردستان بوونی نەبێت، یان بواری کارو چالاکی و ئازادی ڕادەربڕینی نەبێت**

**ئامانجی پەکەکە لە دروستکردنی پەیەدە ئەوە بووە کە کوردستانی ڕۆژئاوا ئایندەی نەبێت، هەروەك چۆن ئێستا بە تەقاندنەوەی خۆکوژی و بردنە ناوەوەی شەڕەکان بۆ ناو شارەکانی باکووری کوردستان، هەوڵیداوە کە کوردستانی باکووریش هیچ ئایندەیەکی نەبێت**

و دامەزراندنی سیستمێکی جیاواز لە سیستمی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان بەناوی (کانتۆن و خۆسەری)، ئەمە ئیدی لەچوارچێوەی هاوکاری و پشتگیری دەچێتەدەرەوەو دەچێتە خانەی داگیرکردنەوە، ئەمە هەروەك ئەو هێرشەی داعش وایە بۆ سەر شنگال، لەبەر ئەوەی داعش کاتێك هێرشی کردە سەر شنگال ئامانجی ئەوە بوو ویلایەتێکی ئیسلامی لەو شارە دابمەزرێنێت کە جیاواز بێت لە سیستمی حوکمڕانیی کوردستان و عێراق، ئێستاش کە پەکەکە هەمان شێواز دووبارە بکاتەوە، مانای ئەوەیە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، ئەوجا وێڕای ئەوەی هەموو ئەمانەشیان تا ئێستا لێ قبووڵ کراوەو لە پێناوی ئەوەی خوێنی کورد بەدەستی کورد نەڕژێت، چاوپۆشی لەهەموو ئەو ڕەفتارە هەڵانەی پەکەکە کراوە، بەڵام پەکەکە یاری بە ئاگر دەکات و دەیەوێت بەشێوەیەکی کەڵگایی سنوور بۆ جووڵەی پێشمەرگە لەو ناوچەیە دابنێت، ئەمەش مایەی قبووڵکردن نییەو پێویستە گەلی کوردستان و حزبە سیاسییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان لێی بێنەدەنگ و ڕێگە نەدەن کە پەکەکە باشووری کوردستانیش بەدەردی سێ پارچەکەی دیکە بەرێت، بەتایبەتی کە ئێستا باشووری کوردستان لە دەروازەی سەربەخۆییدایە و هەموو کورد و کوردستانییەك چاوەڕێی ئەوە دەکات دەوڵەتێکی بەناوی دەوڵەتی کوردستان لەدایك بێت.

● **ئایندەی کورد لەبەرەی دژەتیرۆردایە نەك نەیارانی دژی سەربەخۆیی کوردستان**

ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین ئایا تێڕوانینی پەکەکە بۆ ئایندەی کوردستان دەبێت چی بێت؟ ئەوا ئەوە گرنگ نییە کە پەکەکە بانگەشەی بۆ دەکات و خەڵکی پێ چەواشە دەکات، بەڵکو ئەوە گرنگە کە بزانین ئەو بەرەیەی پەکەکە خۆی تیادا دەبینێتەوە چۆن سەیری کوردو ئایندەی کوردستان دەکەن.

لە ئێستادا جگە لەپەکەکە، هەموو هێزە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان خوازیاری ئەوەن کە کورد خۆی لەبەرەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش ببینێتەوە، هەروەها هەموو کورد و هێزە سیاسییەکان پشتگیریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن کە بە ڕێگەی باشووری کوردستان نوێنەرایەتی کورد لەچوارچێوەی ئەم هاوپەیمانییە دەکات.

خاڵی گرنگ کە دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لەگەڵ پێشمەرگەو باشووری کوردستان مامەڵەی پێدەکەن، پێشێلکردنی سیاسەتی (یەك عێراقە)، ڕاشکاوانەتر پشتگوێخستنی سەروەریی عێراقە وەك دەوڵەتێکی یەکپارچەو یەکگرتوو، بەڵام ئەم شێوازە بە جۆرێك پیادە دەکەن کە حکومەتی عێراقیش بەو ئەمری واقیعە ڕازی بێت کە دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ باشووری کوردستان بکەن، ئەم ئاراستەی شێوازی مامەڵەی بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش پێمان دەڵێت کە سەربەخۆیی کوردستان هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەرکەوتن لەشەڕی تیرۆردا، ئەوجا دژی داعش بێت، یان قاعیدە یان هەر ناوێکی دیکە.

بەڵام لەبەرامبەردا پەکەکە خۆی لەبەرەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش یاخی کردووەو خۆی خزاندۆتە بەرەی ئێران، ڕژێمی بەشار ئەسەد، حەشدی شەعبی و تەیاری نوری مالیکی لەعێراق و خۆگرێدانەوەی بە میلیشیای حزبوڵاکانەوە. لێرەدا گرنگە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ئەو بەرەی پەکەکە خۆی تێدا دەبینێتەوە چۆن سەیری کوردستان دەکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەچەند خاڵێك دەدەینەوە:

١. ئەوەی ڕابەرایەتیی ئەم بەرەیە دەکات، ئێرانەو هەرگیز ئەو ڕاستییەی نەشاردۆتەوە کە ئەو دژی هەڵوەشانەوەی خاکی سووریا و عێراقەو پابەندە بەیەکپارچەیی ئەو دوو دەوڵەتەوە و نابێت هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا بێت، کەواتە هەر هێزێکی سیاسیی کوردستانی ببێتە هاوپەیمانی ئێران لانیکەم دەبێت لەسەر ئەو خاڵە گرنگەی کە ئێران کردوویەتە خاڵێکی ستراتیژی بۆ دروستکردنی هیلالی شیعی، دەبێت لەو خاڵەدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێران یەکبگرێتەوە، ئەمەش واتە دەبێت دژی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت لەو دوو پارچەیەی کە مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت هەر دوو دەوڵەتی عێراق و سووریا

**پەکەکە ئەوەی نەشاردۆتەوە کە لەئێستادا بەئاشکرا ڕۆڵی پاسەوانی سنوور بۆ سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دەگێڕێت و بۆتە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتدا بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە بۆ ئەو پارچەیەی کوردستان و درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن**

**لە ئێستادا هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش لە کوردستانن بۆ هاوکاری و پشتگیری هێزی پێشمەرگە، کەچی پەکەکە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی شەڕێکی نەخوازراو هەڵبگیرسێنێت و ئارامی و سەقامگیری باشوور تێکبدات و ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات کە ئێستا هەموو جیهان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتگیری لێدەکەن**



لەبەر یەك هەڵدەوەشێن، بێگومان كە دژی دەوڵەتی كوردستان بن لە عێراق و سووریا، ئەوا دەبێت یەكپارچەیی ئێران وەك شتێكی پیرۆز سەیربكرێت و ئەگەر كوردی رۆژهەلات هەر جووڵەیەك بكات، دەبێت پێش ئێران ئەو لایەنە دژایەتی بكات و سەركوتی بكات. دیارە پەكەكە نەیشاردۆتەوە لەم خاڵەدا لەگەڵ ئێران یەك ئامانجیان هەیە، جیاوازی نێوان دەربڕینی ئێران و پەكەكە ئەوەندەیە، ئێران بەناوی پاراستنی یەكپارچەیی خاكی عێراق و سووریا بانگەشەی بۆ دەكات، پەكەكە بەناوی بڕوانەبوون بەدەوڵەتی نەتەوەیی و بەسەرچوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بانگەشەی بۆ دەكات.

**٢.** ئێستا پەكەكە شانازی بەوە دەكات وەك میلیشیایەكی حەشدی شەعبی حیسابی بۆ بكرێت و هەروەها شانازی دەكات كە هاوپەیمانییەكی پتەوی لەگەڵ نوری مالیكی هەبێت. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو میلیشیایەی حەشدی شەعبی كە هاوشێوەكانی مەهدی موهەندیس و قەیس غەزعەلی و نوری مالیكی سەرپەرشتی دەكەن، بۆچوونیان سەبارەت بە كوردو ئایندەی باشووری كوردستان چییە؟ بێگومان ئێمە بە ئاشكرا لە زاری مەهدی موهەندیس و نوری مالیكی و قەیس غەزعەلی بۆچوونی ئەوانمان نەك هەر گوێ لێبووە، بەڵكو گوێمان لەو هەڕەشانەشیان بووە كە داوادەكەن هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ سنوورەكانی **١٩**ی مارتی **٢٠٠٣** واتە پێش رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، هەروەها هەڕەشەی ئەوەمان لێدەكەن دوای موسڵ كوردستان داگیردەكەنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو هاوپەیمانەی پەكەكە لەگەڵیدا یەكدەگرێتەوە و دەیەوێت وەك حەشدی شەعبی لە شنگال خۆی بناسێت و داوای ئەوەمان لێدەكات حەشدی شەعبی فەرمانی پێبكات لە شنگال بكشێنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هیچ جیاوازییەك لەنێوان بۆچوونی پەكەكەو حەشدی شەعبی بەرامبەر بە دەوڵەتی كوردستان نییە.

٣. رژێمی بەشار ئەسەد تا رادەیەکی زۆر مەترسیی رووخانی لەسەر دوورکەوتۆتەوەو ئێستا ئەمریکاش بەشێوەیەك لە شێوەکان هێندەی پرسی تێکشکاندنی رووخانی خەلافەتی داعش و ئازادکردنی رەققەی لاگرنگە، رووخانی رژێمی ئەسەدی لا گرنگ نییە، هەر بۆیە شێوازی قسەکردن، یان پەیامەکانی بەشار ئەسەدیش بۆ ئیدارەی تازەی ئەمریکا جۆرێك لە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو ئەسەد بە ئاشکرا رایگەیاند ئەگەر ئەمریکا دەیەوێت بۆ شەڕی داعش هێز بنێرێتە سووریا، ئەوا دەتوانێت بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دیمەشق ئەو کارە بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە رژێمی بەشار ئەسەد ئێستا خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات، کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا وەك شانۆگەرییەك بەڕێوەبچن و خۆیشی لە ناوخۆ خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی سووریا ئامادەبکات، ئەمەش مانای ئەوەیە مەترسیی لەبەریەك هەڵوەشانی سووریا دوورکەوتۆتەوە، ئاشکراشە هێشتا رژێمی ئەسەد دانی بەوەدا نەناوە کە ناسنامەی سووریا بداتە هاووڵاتیانی رۆژئاوا، بەڵام هەموو کارئاسانییەك بۆ کوردانی سووریا دەکات بۆ ئەوەی ببنە چەکداری پەکەکە، ئەمەش مانای ئەوەیە کوردانی سووریا چەکداری پەکەکە بن، یان سوپای سووریا لای ئەسەد هیچ جیاوازییەکیان نییە.

لێرەوە گرنگە ئەو پرسیارە بکەین، کاتێك مەترسیی ئەوە هەبوو کە رژێمی بەشار ئەسەد بڕووخێت، بۆچی نوری مالیکی میلیشیای عەسائبی ئەهلی هەقی ناردە نزیك دیمەشق و حەسەن نەسڕولا میلیشیاکانی حزبوڵای ناردە نزیکی مەزاری سەیدە زەینەب، قاسم سولەیمانی -یش خۆی لە دیمەشق سەرپەرشتی شەڕەکانی دەکردو هەروەها هێزەکانی پەیەدە و پەکەکەش باکووری سووریان بۆ ئەسەد کۆنترۆڵ کرد؟ بێگومان نوری مالیکی و حەسەن نەسروڵا راشکاوانە رایانگەیاند ئەوان (بەرگری لەشیعە دەکەن، نەك ئەسەد)، بەڵام هێزەکانی پەکەکەو پەیەدە ئەوانیش بە ئاشکرا رایانگەیاند (دژی دەوڵەتی نەتەوەیین و دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەرچووە)، دیارە ئێستا مەترسیی رووخانی ئەسەد دوورکەوتۆتەوە، هەروەها باکووری کوردستانیش بەتەواوەتی شڵەژاوە و مەترسیی هێزەکانی رۆژهەڵاتیش لەسەر ئێران کەم بۆتەوە، هەر بۆیە ئەوەی لە تێڕوانینی ئەم بەرەیەدا وەك هەڕەشە سەیردەکرێت، ئەو ئومێدەیە کە لەباشووری کوردستان خەریکە پرۆسەی سەربەخۆیی سەردەکەوێت، بۆیە وەك دەبینین هەموو ئەو لایانانە پەکەکەیان کردووە بە وەکیلی خۆیان بۆ ئەوەی فیتنەیەك لە باشووری کوردستان دروست بکەن، پاشان وەك چۆن هەموویان لە دیمەشق یەکیان گرتەوە، ئەمجارەیان لە شنگال یەکبگرنەوە، بەڵام ئەمە خەیاڵ پڵاوەو زیاتر لە خەونی حوشتر دەچێت، ئەوەی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان تاقی بکاتەوە کە ئێستا بەرەی پێشەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییە دژی تیرۆر، ئەوا ئەوەی خۆی بخاتە بەرامبەر ئەم بەرەیە وەك ئەوانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت کە پێشتر ویستیان خۆیان لەگەڵ ئیرادەی پێشمەرگە تاقی بکەنەوە.

## ● پەکەکە بۆ دەیەوێت لوولەی تفەنگەکەی ئاراستەی سنگی براکانی بکات؟

هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان بێجگە لە پەکەکە بڕوایان بەو بنەمایە هەیە کە هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیەو پێویستی بەشێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك خاڵی هاوبەشیش لەنێوان هەموو هێزە سیاسییەکاندا بوونی هەیەو هەموو هێزە سیاسییەکانیش رێزی لێدەگرن، ئەم رێزگرتنە لەو تایبەتمەندییانە واتە بوار بە خۆنەدان بەدەستتێوەردانی راستەوخۆی هیچ هێزێکی سیاسی لە کاروباری ناوخۆی پارچەیەکی دیکەدا، هەروەها واتە رێزگرتن لەئاسایش و سەقامگیری هەر پارچەیەك و هیچ لایەك هەوڵنەدات لەسەر حیسابی پارچەیەکی دیکە سیاسەت بکات، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری هەوڵەکانی ناوبژیوانیی سەرۆکی کوردستان بکەین لەنێوان هێزەکانی رۆژئاوا و باکوور و رۆژهەڵات، ئەوەی هەتا ئێستا تێبینیمان کردووە، سەرۆکی کوردستان تەنیا یەك راسپاردەی بۆ هەموو هێزەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەبووە و پێی گوتوون: ئێوە خۆتان لەناو خۆتاندا یەکریز و یەکهەڵوێست بن

**رژێمی بەشار ئەسەد کە ئێستا بە هۆی رووسیاوە مەترسی رووخانی لەسەر نەماوە، بە ئاشکرا بە جیهانی رادەگەیەنێت، کاتی خۆی ئەو ناوچانە بە رێککەوتن دراوەتە پەیەدە و دەبێت پەیەدە ئەو ئەمانەتە بۆ دیمەشق بگێڕێتەوە، هەروەها رژێمی ئەسەد زۆر بێباکانە رایدەگەیەنێت کە چەکی داوەتە پەیەدەو هەتا ئێستاش پەیەدە نەیتوانیوە ئەو بانگەشانەی رژێمی ئەسەد پووچەڵ بکاتەوە**

**تورکیا هەر ئەو تورکیایە بوو کە دەیگوت: پەیەدە بەشێکە لە پەکەکەو رێکخراوێکی تیرۆریستییە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ داعش نییە، بەڵام کاتێک سەرۆکی کوردستان رایگەیاند هێزی پێشمەرگە دەنێرێتە کۆبانی و رایگەیاند نابێت کۆبانێ بکەوێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، تورکیایان رازی کرد، پێشمەرگە بە خاکەیەدا بچێتە کۆبانی و پشتیوانی ئەو هێزە بکات کە تورکیا بەئاشکرا بەتیرۆریست ناوی دەبردن**

و چ چارەسەرێك بۆ بەرژەوەندیی کوردی ئەو پارچەیە بە پەسەند دەزانن، ئێمە پشتگیری لەو چارەسەرە دەکەین کە ئێوە پێشنیاری دەکەن.

ئەگەر سەرنج لەم پەیامەی سەرۆکی کوردستان بدەین، ئەوا بە راشکاوی هەست دەکەین سەرۆکی کوردستان بێجگە لەوەی خۆی رێز لە تایبەتمەندیی شێوازی خەباتی هەر پارچەیەکی کوردستان دەگرێت، لە هەمانکاتدا پێشمان دەڵێت دەبێت هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان رێز لەو بنەمایانە بگرن بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە لەچوارچێوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا، خیتابێکی یەکگرتووی نەتەوەیی دروست بکەین.

ئەم بنەمایانە بە دیوێکی دیکەدا ئەوەمان پێدەڵێت، هێزە سیاسییەکانی هەر پارچەیەك کاتێك لەبەر هەر هۆکارێك دەچنە پارچەیەکی دیکەی کوردستان، راستە هەمووی خاکی کوردستانە، بەڵام دەبێت رێز لەسەرکردایەتی سیاسیی ئەو پارچەیە بگرن و هاوکار و هەماهەنگی ئەو سەرکردایەتییە سیاسییە بکەن، نەك ئاستەنگی بۆ دروست بکەن، یان خۆیان بە جێگرەوەی ئەو سەرکردایەتییە سیاسییەی ئەو پارچەیە بزانن.

بۆیە لە چوارچێوەی ئەو بنەما ئەخلاقییانەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەسەری وەستاوە، ئەگەر هێزێکی سیاسیی باشوور بچێتە باکووری کوردستان و لەوێ خۆی فەرزبکات و شەڕ لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیی باکوور، یان بۆ نموونە پەکەکە بکات، ئەوا لەناو خاکی باکووری کوردستاندا ئەو هێزەی باشوور دەستدرێژیکەرەو پەکەکە بەرگری لەخۆی دەکات، بەهەمان شێوە ئەگەر وەك ئێستا پەکەکە لە باشووری کوردستان بوونی هەیە، ئەگەر هەوڵبدات رەوشی ئاسایشی هەرێمی کوردستان تێکبدات، یان خۆی بەسەر حکومەت و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا فەرزبکات، ئەوا پەکەکە دەبێت بزانێت ئەو تەعەدا لە حکومەت و پێشمەرگە دەکات و حکومەت و پێشمەرگەش مافی خۆیانە بەرگری لەخۆیان بکەن. هەروەها هاتنی پەکەکە بۆ کوردستانی باشوور، لەسەر پەکەکە فەرزی دەکات کە پابەند بێت بە شەرعییەتی دامەزراوە سیاسییەکان و فەرمان و بڕیار و یاساکانی هەرێمی کوردستانەوە و دەبێت بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستان بجووڵێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر رێز لەسەروەریی و یاساکانی هەرێمی کوردستان نەگرێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە وەك تەنێکی نامۆ دەیەوێت فیتنەیەك لە کوردستاندا دروست بکات، بۆیە لەم حاڵەتەشدا دوورخستنەوەی فیتنە دەبێتە بەرگری لەخۆکردن و دەبێت رای گشتی کوردستان سەرچاوەی فیتنەو دەستدرێژی ریسوا بکات.

بەداخەوە پەکەکە هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە هەوڵیداوە ئەو بنەمایانەی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانی لەسەر بونیادنراوە پێشیلی بکات و هیچ رێزێك بۆ تایبەتمەندی و سەرکردایەتی سیاسیی بەشەکانی دیکەی کوردستان دانەنێت، ئەم حاڵەتە لەدوای دەستگیرکردنی بەڕێز ئۆجەلانەوە هێندەی دیکە لەناو پەکەکە رەنگدانەوەی هەبووەو پەکەکە هەوڵیداوە جڵەوی خۆی بخاتە دەستی داگیرکەرانی کوردستان و ئەوان هەر کاتێك ویستبێتیان هەوڵیانداوە پەکەکە وەك ئامێرێك بۆ فیتنەو ئاژاوەگێری بەکار بهێنن، لە ئێستادا ئەم پیلانەی پەکەکە بەوەکیلی چەند لایەنێك بەڕێوەی دەبات، لای سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بەگشتی و سەرۆکی کوردستان بەتایبەتی ئاشکرایە، بۆیە هەموو هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە لە شوێنی خۆیدا سنوورێك بۆ دەستدرێژییەکانی پەکەکە دابنرێت و تەشەنە نەکات و بارودۆخەکە هێور بکرێتەوە، بەڵام هێورکردنەوەی بارودۆخەکە پێویستی بەهەنگاوی کوردانەو راشکاوانەی پەکەکە هەیە کە رێز لە شکۆ و سەروەریی کوردستان بگرێت و خۆی نەکات بە جێگرەوەی حکومەت و پێشمەرگە لە کوردستاندا، ئەگەر پەکەکە ئەم بڕیارە لەدەستی خۆیدا بێت و نەیەوێت باشووری کوردستانیش بە دەردی بەشەکانی دیکەی کوردستان ببات، ئەوا کێشەکە بەئاسانی چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، ئەوە بێت کە فیتنەو ئاژاوە لە کوردستان دروست بکات، ئەوا لەم حاڵەتەدا کە هیچ کوردێك ئومێدی بۆ ناخوازێت، پێشمەرگە رێگەنادات فیتنەو ئاژاوە لە کوردستان دروست بێت.

**ئازادکردنی کۆبانێ بە هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگەو شەڕڤانان، بووە سیمبولی ئیرادەو جوامێریی هێزی کوردو کوردستان لە تێڕوانینی جیهاندا، بەڵام دیسان مەخابن هەڵەکانی پەکەکە نەیهێشت ئەم سیما جوانە بەردەوام بێت و یەک ئیرادەیی کورد لە دوو پارچەی کوردستاندا سەرنجی جیهان رابکێشێت**

**لەم قۆناخە ناسک و هەستیارەی ئێستا کە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێت، بەهاو گرنگیی یەکریزی و یەکهەڵوێستی نێومالی کوردستان نەک تەنیا لەسەر ئاستی باشوور، بەڵکو لەسەر ئاستی هەرچوارپارچەی کوردستان، فاکتەرێکی گرنگی بەهێزکردنی توخمی کوردە لەناو ئەو هاوکێشە سیاسییەی کە هێزە گەورەکانی جیهان و ناوچەکە گەمەی تێدا دەکەن**



جۆشوا لاندیز
بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئۆکلاهۆما بۆ گوڵان:

# ئێستا کورد بێجگە لە چیاکان پشتیوانیی ئەمریکاشی هەیە، بۆیە دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت

**جۆشوا لاندیز تایبەتمەندە لە کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شارەزای کاروباری سووریایە، بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك کۆمەڵگەو کەلتوور لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناکۆکیی عەرەب و ئیسرائیل. بۆ تاوتوێکردنی ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتوونەتەئاراوە و پرسی پێوەندییەکانی کوردو ئەمەریکا و رۆڵی ئێران لە ناوچەکەو چەند پرس و بابەتێکی دیکە، گوڵان لەمیانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کردو ئەویش بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بەتایبەتی لە پێوەندی بە هەوڵەکانی ئیدارەی ئەمەریکاوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تێکشکاندنی داعش؟**

- ئێمە چاوەڕێ دەکەین بۆ ئەوەی ببینین چۆن ئیدارەی ترەمپ مامەڵە لەگەڵ کێشەی گرتنەوەی شاری رەققە و شارەکانی دیکەی دۆڵی فورات دەکات کە لەژێر دەستی داعشدان، واتە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا پشت بە کورد دەبەستێت کە پێدەچێت ئەمە رێگاچارە روونەکە بێت، ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت ئەو کارە بە رەوتێکی خێرا ئەنجام بدات، ئایا چەند بایەخ بە هەڵوێستی تورکیا دەدات؟ ئایا هەوڵدەدات لە نێو دانیشتووانە مەحەلییە عەرەبەکاندا شەریکێك دروست بکات، یاخود پشت بە هێزی سووریای ئازاد دەبەستێت؟ لە ئێستادا ئیدارەی ترەمپ سێ بژارەی لەبەردەمدایە بۆ گرتنەوەی بەشێکی زۆر رۆژهەڵاتی سووریا، بژارەیەکیان کارکردنە لەگەڵ کورد، کە کوردیش خوازیاری دەستبەسەرداگرتنی خاکی عەرەب نییەو نایەوێت خەڵکی خۆی لەو خاکانەدا و لەشەڕی دژ بە داعشدا بە کوشت بدات، بەڵام دەیانەوێت بەڵێنی پشتیوانی لەلایەن ئەمەریکاوە بەدەست بێنن و خوازیارن ئەمەریکا مەشق و راهێنانیان پێبکات و کەلوپەل بۆ هێزەکانیان دەستەبەر بکات بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بتوانن لەبەرامبەر ئەسەد و تورکیادا بوەستنەوە. ئەوەی پێوەندی بە تورکیاشەوە هەبێت، ئەوا پێشنیارێکی تورکیاش لەئارادایە، بەدڵنیاییەوە تورکیا دەیەوێت خۆبەڕێوەبەرییەکی رۆژئاوا تا دوارادە سنووردار بێت، بژاردەی سێیەم بریتییە لە تەرحی سووریا و رووسیا کە بریتییە لە گەڕاندنەوەی خاك بۆ حکومەتی شەرعیی سووریاو گرتنەوەی ئەو خاکانە لەلایەن سوپای عەرەبی سووریاوە. چەند رۆژێك پێش ئێستا ترەمپ راپۆرتێکی لەلایەن ژەنەراڵ ماتیس و ژەنەراڵەکانی دیکەوە پێگەیشت کە وەڵامی ئەم پرسیارانە لەخۆدەگرن کە پرسی چۆنیەتی گرتنەوەی رەقەو تێکشکاندنی داعش لەخۆدەگرێت، بەڵام بە راستی ئێمە نازانین لە ناو راپۆرتەکەدا چی هاتووە. بەڵام پەیەدە دەڵێت کە ئەمەریکا کار لەگەڵ کوردا دەکات و لە راستیدا کوردو سووریا پێکەوە کاریان کردووە بۆ بەرگرتن بە بژارەکەی تورکیا، کە بینیمیان سوپای عەرەبی سووری بە خێرایی لە رۆژهەڵاتی حەلەبەوە پێشڕەوی کرد، بۆ بڕینی رێگای تورکیا لە شاری ئەلباب بۆ ئەوەی نەتوانن پتر پێشڕەوی بکەن بە دامێنی رووباری فوراتدا، بەڵام پێناچێت تورکیا سارد بووبێتەوە، بەڵکو بەردەوامە لە پرۆسەی قەڵغانی فورات. کەواتە ئەوە بارودۆخەکەیەو ئێمە نازانین لەو راپۆرتەدا چی هاتووە و نازانین ستراتیژیەتی ئەمەریکا چییەو ئایا ئەمەریکا کار لەگەڵ کورددا دەکات لەم رووەوە؟ کە پێدەچێت ئەمە رێگاچارەکە بێت ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت بە رەوتێکی خێرا ئەم کارە ئەنجام بدات، سەرۆك دۆناڵد ترەمپیش داوای کرد بە خێرایی ئەنجام بدرێت.

*** چۆن لە ئایندەی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا دەڕوانیت، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە کورد لە شەڕی دژ بە داعشدا هاوکارو هاوبەشێکی کارا بووە؟**

- ئەو پرسە گەورەیەی کە لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا رووبەڕووی ئیدارەی ترەمپ دەبێتەوە،

> **تێڕوانینی سیاسیی ئەمەریکا بۆ ئێران ئەوەیە کە ئێران هێزێکی دەستدرێژکارو شەڕانییە کە هەوڵی درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی خۆی دەدات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنێک کە بە زیانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی وەک ئیسرائیل، یان سعودیە و.. هتد بشکێتەوە**

> **ئەمەریکا و خەڵکی ئەمەریکا خۆشەویستییان بۆ کورد هەیە و پێیانوایە کورد بەها ڕۆژئاواییەکان و بەها ڕۆشنگەرییەکانی لە خۆگرتووە، لەو ڕووەوە کە ئافرەتانیشیان بەشداری پێکردووە لە هێزە چەکدارەکانیاندا، هەروەها هەوڵیانداوە کە فرەکەلتووری بچەسپێنن**

ئەوەیە تا چەند ئەمەریکا پشتیوانی لە خەونە نەتەوەییەکانی کورد دەکات، ئەگەر بە شێوەیەکی ستراتیژی لە نەخشەکە بڕوانیت، ئەوا ئەمەریکا خوازیاری پەرەپێدانی پێوەندی بەهێزە لەگەڵ کورددا هەم لە عێراق و هەم لە سووریاشدا، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا وەك خاکی دوژمن لە سووریا دەڕوانیت، ئەگەر ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێت، هەروەها حکومەتی بەغداش کە لە ژێر دەستڕۆیشتوییەکی زۆری ئێراندا بێت، دەبێتە شەریکێکی دژوار بۆ ئەمەریکا، ڕاستە عێراق پێویستی بە ئەمەریکا هەیە بۆ دەستەبەرکردنی چەك و مەشق و ڕاهێنان و پشتیوانی ستراتیژی، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵی لەگەڵ ئێراندایە، تورکیاش کە شەریکێکی گەورەی ئەمەریکا بووە لە ناوچەکەدا چیتر وەك هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو لێی ناڕوانرێت و لە ڕاستیدا زۆربەی بەرپرسانی ئەمەریکا پێیانوایە ئەردۆغان بەقووڵی دژ بەئەمەریکایە و هەنگاو بەرەو دیکتاتۆریەت هەڵدەگرێت، ئەمەش بە مانای پێوەندییەکی نالەبار دێت لەگەڵ ئیسرائیلدا، هەروەها ئەو لە ڕووسیا نزیك دەبێتەوە، لە ئێستاشدا دەیەوێت دۆخی ڕۆژئاوا لاواز بکات، بەدڵنیاییەوە — ئەو بەرپرسانەی ئەمەریکا- ئەردۆغان بە هاوپەیمانێکی خراپ لە قەڵەم دەدەن لە شەڕی دژ بە تیرۆریزمدا، لەبەر ئەوەی پێوەندی نزیکی لەگەڵ گرووپێکی وەك بەرەی ئەلنوسرە هەیە. کەواتە ئەوان متمانەیان بە تورکیای ژێردەسەڵاتی ئەردۆغان نییەو دەیانەوێت پارسەنگییەك لەبەرامبەر بەغداو ئەنقەرە و دیمەشقدا دروست بکەن، چۆن ئەم کارە دەکەن، بە کارکردن لەگەڵ کورددا، بەدڵنیاییەوە کوردیش پەرۆشە بۆ بینیی ئەم ڕۆڵە، لەبەر ئەوەی پێویستی بە هێزێکە پارێزگاری لێبکات، لەبەر ئەوەی نایانەوێت هەر تەنیا چیاکانیان هەبێت، بەڵکو دەیانەوێت ئەمەریکاش پشتیوانییان بکات، چونکە ئەگەر چیاکانیان هەبێت و پشتیوانی ئەمەریکاش دەستەبەر بکەن، ئەوا لە پێگەیەکی باشتردا دەبن.

*** ئایا پێشبینی هاتنەئارای پێوەندییەکی بەتین دەکەن لە نێوان کوردو ئەمەریکادا، بە ڕەوچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە کورد شەریکێکی متمانەپێکراو و هاوپەیمانێکی دڵسۆز دەبن؟**

- بەڵێ، دواتر من پێموایە لایەنی کەلتووریش زۆر گرنگە، چونکە لە ئێستادا ئەمەریکا و خەڵکی ئەمەریکا خۆشەویستییان بۆ کورد هەیە و پێیانوایە کورد بەها ڕۆژئاواییەکان و بەها ڕۆشنگەرییەکانی لە خۆگرتووە، لەو ڕووەوە کە ئافرەتانیشیان بەشداری پێکردووە لە هێزە چەکدارەکانیاندا، هەروەها هەوڵیانداوە کە فرەکەلتووری بچەسپێنن و نەك کەلتوورەکانی دیکەیان نەچەوساندۆتەوە، بەڵکو پەنایان داون، وەك ئێزیدی و مەسیحییەکان و تەنانەت عەرەبیش. لەبەر ئەوە گرنگە کە کورد ناسیۆنالیزمی کوردی سنووردار بکات، واتە هاوچەشنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، یان تورکی نەبێت کە زۆر شۆڤێنیستین. ئەمەش وادەکات کە ئەمەریکا بە چاوی خۆشەویستییەوە لە کورد بڕوانێت، ناکرێت ئەم مەسەلە کەلتوورییە بە کەم بگرین، ئەمە پرسێکی زۆر گرنگە. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە کورد لە سووریا خەریکە لە دیموکراسی دووردەکەوێتەوە، بۆ نموونە، پەیەدە زۆر خۆسەپێنەو لەوانەشە هەڵبژاردنی ئایندەش لە کوردستانی عێراقدا دوابکەوێت، ڕاستە ئەمەریکاش دەزانێت کە هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی سەختدا تێدەپەڕێت، بەڵام نایانەوێت دووچاری هەمان دۆخی کوردستانی سووریا ببنەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆرێ کورد دێنە ئەمەریکا و داوای لێدەکەن کە کار بۆ ئەوە بکات کوردستانی سووریا پتر دیموکراتی بێت، ئەمەش ئیحراجی بۆ ئەمەریکا دروست دەکات، چونکە پەیامی ئەمەریکا دیموکراسییە و ئەگەر کەسێك بێت و بانگەشەی ئەوە بکات ئەو ڕژێمانە دیموکراسی نین و لەسەر ڕەخنەگرتن خەڵکی خۆیان زیندانی دەکەن و سەرکوتیان دەکەن، ئەوا ئەمە دژوارییەکی زۆر دروست دەکات. کەواتە ئەمە مەترسییەکە بۆ سەرکردایەتی کوردو بۆی هەیە لە ئایندەدا گرفت بۆ پێوەندییەکان دروست بکات.

*** ئایا تا چەند تێکشکاندنی داعش دەبێتەهۆی قووڵکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق و سووریادا، بەتایبەتی کە ئێستا ئەو میلیشیایانە کە شەڕی داعش دەکەن لەم دوو وڵاتەدا، لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانییان لێدەکرێت؟**

- ئەمە تەواو ڕاستە و ئەمەریکاش زۆر نیگەرانە لەم بارەیەوە. لە چەند مانگی ڕابردوودا ڕاپۆرتێك لەلایەن ژنەڕاڵەکانی ئەمەریکاوە بڵاوکرایەوە لەبارەی ئەوەی کە سعودیە هەڵساوە بە پێدانی

چەک بە هۆزە سوننەکان بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆیان بکەن لە بەرامبەر ئەم میلیشیایانەدا، کەواتە مەترسییەکی گەورە هەیە کە تەنانەت لە دوای تێکشکانی داعشیشەوە شەڕی ناوخۆ بەردەوام بێت. ئەو گەمەیەی ئێرانیش دەیکات بریتییە لە بەرەودان بەم میلیشیایانە بۆ ئەوەی فشار لەسەر حکومەتی عێراق دروست بکات. بەڵام پێموایە لە کۆتاییدا ئەمەریکا درک بەوە دەکات کە لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکەوە ئەوە حکومەتی عێراقە دەیەوێت دەسەڵاتی مەرکەزی خۆی بچەسپێنێت و رازی نەبێت بەو میلیشیایانە، لە ئێستادا پێویستی بەو میلیشیایانە هەیە بۆ تێکشکاندنی داعش و خەڵکیش پتر ئامادەیە لە پێناوی ئایینـدا خۆی بەکوشت بدات پتر لەوەی ئامادەبێت لە پێناوی وڵاتدا خۆی بە کوشت بدات، لەبەر ئەوە میلیشیا تایفەگەرییەکان شەڕکەری باشترن و دەبێت دان بەمەدا بنێین و عەبادی-یش ناچاربوو بەکاریان بهێنێت، چونکە سوپای عێراقی داڕووخا، بەڵام کاتێک دۆخەکە لە شەڕەوە بۆ ئاشتی و لە کاولکارییەوە بۆ ئاوەدانکردنەوە دەگۆڕێت، ئەوا دەسەڵاتی مەرکەزی خوازیاری ئەوە دەبێت خۆی لەم میلیشیایانە رزگار بکات، ئەوەش شەڕێکی گەورە دەبێت، بەڵام عەبدولعەزیز سعود ناچار بوو شەڕی شەڕکەرە وەهابییەکان بکات —ئەوانەی هاوکاری بوون لە گرتنی سعودیە لەبەرامبەر خێڵەکانی دیکەدا-، چونکە ناپرسیارانە رەفتاریان دەکردو هاوکار نەبوون لە بنیادنانەوەی نەتەوەدا، لەبەر ئەوە ناچار بوو شەڕیان لەگەڵدا بکات و تێکیان بشکێنێت، کەواتە من گریمانەی ئەوە دەکەم دۆخێکی هاوشێوە لە عێراقدا روو بدات.

*** پێشبینییەکانت چین لەبارەی چۆنیەتی ئیحتیواکردنی ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە؟**


- ئەمە پرسێکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی لەئێستادا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پڕە لە ناسازی، چونکە تێڕوانینی سیاسیی ئەمەریکا بۆ ئێران ئەوەیە کە ئێران هێزێکی دەستدرێژکارو شەڕانییە کە هەوڵی درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی خۆی دەدات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنێک کە بە زیانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی وەک ئیسرائیل، یان سعودیە و.. هتد بشکێتەوە. ئەمەریکا بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەیەوێت ئێران ئیحتیوا و گۆشەگیر بکات، بەڵام ستراتیژیەتی ئەمەریکا بۆ تێکشکاندنی تیرۆریزمی ئیسلامیزمی سوننە- یاخود ئەوەی ترەمپ پێی دەڵێت ئیسلامی رادیکاڵی، بریتییە لە بەکارهێنانی شیعە، لەچەکدارکردن و مەشقپێکردنی شیعە بۆ کوشتنی سوننە، ئەمەریکا ئەم کارە دەکات لە عێراقدا و رووسیاش ئەم کارە دەکات لە سووریادا. کەواتە ستراتیژیەتی ئەمەریکا بە چەشنێکە کە هاوکارە بۆ ئەوەی ئێران دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی خۆی برەو پێبدات، لە کاتێکدا ئەمەریکا رایدەگەیەنێت کە دەیەوێت ئێران ئیحتیواو سنووردار بکات. ئێمە لەو ژەنەراڵە ئەمریکییانەمان بیست کە لە عێراقدان دەڵێن میلیشیا شیعەکان شەڕکەری زۆر باشن و توانیویانە داعش ئیحتیوا بکەن لە تەلەعفەر و کارێکی باش دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا لە رووی سیاسییەوە بەرپرسانی ئەمەریکا رایدەگەیەنن کە میلیشیاکان رۆڵێکی خراپ دەگێڕن. کەواتە ئەمەریکا ئەو میلیشیایانە بەکار دەهێنێت بۆ کوشتنی ئەندامانی داعش، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیەوێت ئەو میلیشیایانەش نەمێنن و بچنەوە ژێر کۆنترۆڵی بەغدا، بەدڵنیاییەوە ئەو میلیشیایانەش ئاگاداری ئەم هەوڵەن و نایانەوێت هەڵبوەشێندرێنەوە و دەزانن ئەوان چەند بەهێزن و چ کارێک دەکەن.

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە ئایندەی ئەم ناوچەیە دەڕوانیت؟**

لە راستیدا ئەم ناوچەیە دوچاری بارودۆخی هەرە خراپ بۆتەوە، هەڵکشانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥دا خراپترین رەوش بوو کە هاتەئاراوە، لە ساڵی ٢٠٠٦و ٢٠٠٧دا عێراق لە دۆخێکی خراپدا بوو لە سەروەختی بوونی زەرقاویدا، بەڵام بینیمان کە بەغدا دەسەڵاتی خۆی چەسپاندەوەو هەڵکشانی ناسیۆنالیزممان بینی، هەروەها بینیمان کە ئەسەد دەسەڵاتی مەرکەزی خۆی چەسپاندەوە، بە هەمان شێوە شەڕە ناوخۆییە گەورەکان لەم قۆناغەدا داکشاون، کەواتە راستە هەندێ پەرەسەندنی ئیجابی روویانداوە، بەڵام لە هەمان کاتدا تەحەددییە ئەمنی و ئابوورییەکانیش زۆر گەورەن و مەترسیی گەورەش هەن، بۆ نموونە لە رووی ئابوورییەوە میسر بە ئاراستەیەکی هەڵەدا دەڕوات، پرسیارێکی گەورە هەیە کە ئایا سیسی پلانێکی ئابووری هەیە بۆ گەشەپێدانەوەی ئابووری وڵاتەکەی.

**راستە عێراق پێویستی بە ئەمەریکا هەیە بۆ دەستەبەرکردنی چەک و مەشق و راهێنان و پشتیوانی ستراتیژی، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵی لەگەڵ ئێراندایە، تورکیاش کە شەریکێکی گەورەی ئەمەریکا بووە لە ناوچەکەدا چیتر وەک هاوپەیمانێکی متمانە پێکراو لێی ناڕوانرێت و لە راستیدا زۆربەی بەرپرسانی ئەمەریکا پێیانوایە ئەردۆغان بەقووڵی دژ بەئەمەریکایە**

# شوناسی پەکەکە



د.عوسمان عەلی وەیسی

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەركی لۆژیك ئەوەیە فێرمان بكات چۆن بیركردنەوەمان بەڵگەئامێز بێت، كەواتە دەبێ ئەو راستییەی بانگەشەی بۆ دەكەین، بیسەلمێنین و بۆ سەلماندنی هەموو راستییەك پەنا بۆ بەڵگە ببەین.

با پەكەكە و ئەرستۆ بكەین بە كەرەستەی گفتوگۆو بەڵگە، لە پێناسەی ئەرستۆییدا بەڵگەهێنانەوە پێویستی بە دوو پێدراو و ئاكامێكە، واتە دەرچوونی ئاكام لە دوو پێشەكییەكەوەیە و هەرگیز نابێت بەو جۆرە نەبێت.

ئەگەر كەسێك پاش بینینی هەموو قەلەڕەشەكانی دەوروبەری بەو ئاكامە بگات كە هەموو قەلێك رەشە، بە دۆزینەوەی قەلێكی سپی ئاكامەكەی پووچەڵ دەبێتەوە، بەڵگەهێنانەوەكەی نادروست دەردەچێت.

ئەم لۆژیك و یاریكردنە لە دنیای سیاسەت و شەڕی ئایدیاكاندا، كارەساتی هێناوە، پێوەندیی ئایدیاییانەی پارتە سیاسییەكانی كوردستان و سەردەستەیان پەكەكە، مێژوویەكی كارەسات ئامێزی بۆ كوردستان دروست كردووە، كە كەم و زۆر لە هەموو پارچەكان، ناخ و سەنتەری ماناكانی نیشتمانیبوون مایەپووچ دەكات.

**لە لۆژیكەوە:** هەموو پارتە سیاسییەكانی كوردستان نیشتمانپەروەرن، بۆ كوردستان و ئازادی و سەربەخۆیی خەبات دەكەن، ئەمە دەستەواژەیەكی هەمەكیی پۆزەتیڤە.

پارتە سیاسییەكانی كوردستان بۆ كوردستان و ئازادی و سەربەخۆیی خەبات ناكەن و دوورن لە مۆراڵی نیشتمانی، ئەمە دەستەواژەیەكی هەمەكیی نێگەتیڤە.

با لایەنگری پۆزەتیڤ بین، مامەڵەی پەكەكە، بە هەرسێ یاساكانی ئەرستۆ (خۆیەتی، ناكۆكی، لە ناوەند بەدەر)، وەربگرین.

**یاسای خۆیەتی:** شوناس یا ناسنامە، واتە ئەو شتە خۆیەتی و شتێكی تر نییە، هەموو شتێك وەك خۆی هەیە و خاوەن شوناسە، بوون بوونە و نەبوونیش نییە.

لە یاسای خۆیەتی پەكەكەدا، شوناسی تایبەتی بوونی خۆی هەیە، لە دەرەوەی ئەوە نەبوویە و، نەبوونیش نەبووە، پەكەكە دەشوناسێنێ و دەبووێنێ، كە نوێنەرایەتی ٥٠ ملیۆن كورد دەكات و، دەبێ ٥٠ ملیۆن لەژێر هەر ناو و حزب و شوناس و گرووپ و حزب و ئایین و مەزهەبێكدا بن، دەبێ لە كورەخانەی پەكەكەوە خۆیان ببیننەوە، تا ئەو شوێنە ئازادن كە لە سیدرەتولمونتەهای پەكەكە نزیك نابنەوە، ئەگەر وابوو ئەوا بە یاسای خۆیەتی شوناسی پەكەكە دەكەوێتە مەترسی و دەبێ پلان و پیلان لە دژیان لە ئارادابێ.

هەروەك د. جەزا چنگیانی دەڵێ: (خەباتی پارتی کریکارانی کوردستان تەنیا لە باکووردا قەتیس نەما، گرفتی هەموو پارچەکانی کوردستان بوو بە ئەرکی پ ك ك).

یان سەنتەری کوردستان باکوورەو، لە بەرامبەر ئەمە شوناسێك هەیە، دەبێ ڕۆژهەڵات و باشوور و ڕۆژئاوا خزمەتی باکوور بکەن کە ئەو ئاغاو بەگزادەش تەنیا شێخ پەکەکەیە. لە باکووریش نابێ هەناسەیەکی تر هەبێت، بە ناوی ئازادی و دیموکراسییەوە، ئەگەر شنەباش بێت، دەبێ بسڕدرێتەوەو ئیعدامی شۆڕشگێڕانەی بکرێ، ڕەشەباش بێت دەبێ جیهادی دژ بکرێت.

بە گوێرەی یاسای دووەم، ناکۆکی یان لە ناکۆکی بەدەر، بۆ یاسای یەکەم، بوون بوونە و نەبوونیش نییە، تەنیا یەك بوون هەیە و، ئەگەر باسی ڕاستی هەبوویەکیش لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا بکرێت، ئەوا شوناسی هەبووە کە پۆزەتیف خۆی دەردەخات، یان خۆی بوونەو پۆزەتیڤە، لە پەیوەست بە یاسای دووەم، واتە بەگوێرەی یاسای دووەم، ڕاستی هەبوویەك لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بەیەك شێوە (پۆزەتیف یان نێگەتیف) دەردەبڕێت، بێگومان ناکرێت دوو خەسڵەتی دژ وەستاوی بۆ دابنرێت.

پەکەکە ئەم یاسایەش هەر بەم ڕەهاییە وەردەگرێت، یان باشە، یان خراپ، نیوە پڕ و نیوە بەتاڵ نییە، واتە دەبێ یەکێکیان بێت و ئەوی تر نا.

چۆن عیرفانی! یان دەبێ بۆ دنیا واز لە خۆشەویستەکەی بێنێ، یان بۆ خۆشەویستەکەی واز لە دنیا بهێنێت، نابێت هەردووکیانی پێکەوە هەبێت، یان هیچیانی نەبێت، پەکەکەش بە ڕەهایی چاك و خراپ ناتوانێ بوون و هەماهەنگی و بەرژەوەندیی هیچ پارچەیەك و هێزێکی سیاسی لە دەرەوەی بوونی خۆیدا بە هەبوو ببینێ.

لە بەرئەوەی لە دیدی پەکەکە باوونێك هەیە، کە تابۆیە و تەوتەم کراوە، ئیتر ئەم بوونە دەبێ وەك خۆی لە هەر کوێیەك قەتار و ڕەشماڵ هەڵبدات، ئازادە.

یاسای سێیەم ئەو واتایە دەبەخشێت کە ڕاستی هەبوویەك، ئەمە یان ئەوەیە و نابێت شتێك بێت لە نێوانیاندا، واتە لە نێوان دوو ئەگەردا تەنها دەبێ یەکێکیان بێت، دەرگاکە یان دەبێت کراوە، یان داخراو بێت، نیوە داخراو، یان نیوە کراوە نییە!

پەکەکە بوون و بەردەوامی لە مانابەخشینی ڕەها بە خۆی و ڕەتکردنەوەی ئەوانی تردا دەبینێ، بەرژەوەندی و شوناسی لای خۆی پلە یەکە و، بوونی هەر بەرژەوەندییەك کە شوناس بداتە ئەوی تر، چەندیش ڕەوا بێت، نابێت هەبێت، چونکە لای ئەو بوونێك هەیە، ئەویش دەبێت هەبێت کە پەکەکە و لە دەرەوەی یاسا و لە سەرووی یاسایە و، بوونێکی تر، واتە نەبوونی ئەو.

ئەم یاسایانە ئەگەر بۆ بیرکردنەوە گرنگن، بەڵام لە فۆڕمە ڕووتکراوەکەیاندا، وەکو (ئەوە هەیە)، (ئەوە هەیە، یان نییە) و، (ئەوە دەبێت هەبێت، یان نەبێت) باشتر گشتگیرییەکەیان دەسەلمێندرێت، هەندێك جار لە حاڵەتە کۆنکرێتییەکەیاندا تووشی کێشەمان دەکەن، دەکرێ جیاوازتر بیر لە ڕاستییەك بکەینەوە.

قسەمان لە سەر ئەوە نییە کە ئەرستۆ بەم لۆژیکانە چ خزمەتێکی پێشکەش کردووە، چ گۆڕانێکی لە فەلسەفە و یاساو سیاسەتدا کردووەو، دواتر ئەم یاسایانە لە دنیای فەلسەفەدا چارەنووسیان چییە، قسەکە ئەوەیە کە پەکەکە هەڵگری عەقڵییەت و دەقی سیاسی و فیکری شمولی و دۆگما و ڕادیکاڵ ئایدیایە سەبارەت بە بیرکردن و کارکردن لە خۆی و ئەوی تر. سەرچاوەی هەموو دیدو ڕێکخراوو ئەکتە تیرۆریەکانیش ئەم دوالیزمەی کوفرو ئیمانە.

بە یەك دێڕ لەم لۆژیکەی سەروەڕا پەکەکە دەڵێ: بۆ من کوردستان بۆ کوردستانییانە، پەکەکەش کوردستانییە! کەواتە هەموو شوێنێکی کوردستان بۆ پەکەکەیە، دەتوانێ بڕیار بدات، سیاسەت بکات، شەڕ بکات، کلکایەتی بکات، چەکداری بکات، گرووپ و کۆمەڵ دروست بکات، تەڤگەر بێنێ و ببات، کێشە بکات، چاکە بکات، خراپە بکات، ئەو هاوکیشەیەکی نەگۆڕی یاسایی هەیە کە خۆی بەڕەوای دەبینێ و تەنها بۆ ئەویش ڕەوایە!

پەکەکە چۆن بیردەکاتەوە دەبێ واز لەو لۆژیکە بهێنێ: کە چ زیان بێت بۆ بەغداو تاران و دیمەشق ئەوە بۆ ئەویش زیان و کارەساتبارە، بەپێچەوانەوەش لە خزمەتی پڕۆژەی سێ دەوڵەتی داگیرکەردا بێت بە کۆنفیدڕاڵی دیموکراسی و دژە دەوڵەت — نەتەوە پێمانبناسێنێت!!

**پێوەندیی ئایدیاییانەی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و سەردەستەیان پەکەکە، مێژوویەکی کارەسات ئامێزی بۆ کوردستان دروست کردوە، کە کەم و زۆر لە هەموو پارچەکان، ناخ و سەنتەری ماناکانی نیشتمانیبوون مایەپووچ دەکات**

**پەکەکە هەڵگری عەقڵییەت و دەقی سیاسی و فیکری شمولی و دۆگما و ڕادیکاڵ ئایدیایە سەبارەت بە بیرکردن و کارکردن لە خۆی و ئەوی تر. سەرچاوەی هەموو دیدو ڕێکخراوو ئەکتە تیرۆریەکانیش ئەم دوالیزمەی کوفرو ئیمانە**

**پەکەکە چۆن بیردەکاتەوە دەبێ واز لەو لۆژیکە بهێنێ: کە چ زیان بێت بۆ بەغداو تاران و دیمەشق ئەوە بۆ ئەویش زیان و کارەساتبارە، بەپێچەوانەوەش لە خزمەتی پڕۆژەی سێ دەوڵەتی داگیرکەردا بێت بە کۆنفیدڕاڵی دیموکراسی و دژە دەوڵەت — نەتەوە پێمانبناسێنێت!!**

محەمەدی حاجی مەحمود

سکرتێری حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەربەخۆیی کوردستان پێویستی بەبڕیاری خۆمانە ئینجا پشتگیریی نێودەوڵەتی



**پێشنیار دەکەم ئەنجوومەنێکی سیاسی لە کوردستان دابمەزرێت و نوێنەری حزبەکان و سەد کەسێکی ڕۆشنبیر و بێلایەنیش لە خۆی بگرێت**



**پرسی سەربەخۆیی کوردستان خەریکە پشتگیریی نێودەوڵەتی راستەوخۆی بۆ دروست دەبێت و چیتر هێزە گەورەکان دژی راناوەستن، ئەمەش بەرەنجامی قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئەو ژینگە سیاسییەی کوردستانە کە توانیوویەتی لێبووردەیی و پێکەوە ژیان لەنێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان دروست بکات و هەموو پێکەوە کوردستان بە نیشتمانی خۆیان بزانن، هەروەها لە ئێستادا کە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ بەرەو کۆتایی دەچێت، ئەمەش مانای ئەوەیە خەلافەتی ئیسلامی داعش دەڕووخێت و قۆناخێکی دیکەی سیاسی لە نێوان کوردستان و عێراق دەست پێدەکات و ئاماژەکان بەرەو ئەوەن کە شاندی کوردستان راشکاوانە باس لە پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ حکومەتی عێراق بکات، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە ناوماڵی کوردستان یەکگرتوو بن و حزبە سیاسییەکان ئامادەباشیان هەبێت بە دیالۆگ و وتووێژ کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، بۆ قسەکردن لەسەر کۆی ئەم پرسانە، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ فەرماندەی پێشمەرگە بەڕێز محەمەدی حاجی محمود سکرتێری حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بە ئاراستەیەکی ئەرێنی هەنگاو بەرەو کۆتایی هەڵدەگرێت، بەبۆچوونی ئێوە ئەم پرۆسەیە چۆن بەرێوەدەچێت؟**

- بە بۆچوونی من بڕیاردان بۆ سەربەخۆیی لەسەر خۆمان ماوە و دەبێت خۆمان بڕیاری خۆمان بدەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوەی پێداویستیی سەرەکییە بۆ بوونی دەوڵەت ئێمە بەشی زۆریمان هەیە، لەوانە: خاك و خەڵك، سەرچاوەی وزەو کانزای ژێر زەوی، پێوەندیی نێودەوڵەتیی فراوان و ئابوورییەکی نیمچە سەربەخۆمان هەیە. ئەمانە کۆڵەگە سەرەکییەکانی دەوڵەتن و ئێمەش بەشی زۆریمان هەیە. زۆر دەوڵەت هەیە بەشێك لەم کۆڵەگە سەرەکییانەشی نییە، بەڵام دەوڵەتە، بەڵام ئێمە هەموو ئەمانەمان هەیە، کەچی دەوڵەتمان نییە. ئەم واقیعە پێمان دەڵێت راگەیاندنی دەوڵەت لەسەر بڕیاری خۆمان ماوە، نابێت چاوەڕێی ئەوە بین کە خەڵك سەربەخۆییمان بەدیاری بۆ بهێنێت، لەبەر ئەوەی هەرگیز سەربەخۆییمان لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکەش ناکەن، ئەم بڕیارەش تەنیا پێویستی بە رێکخستنەوەی نیوماڵی خۆمان و ئەنجامدانی گشتپرسی هەیە.

*** لە مانگی رابردوودا وەك ئەندامی شاندی کوردستان بەشدار بوویت لە ٥٣هەمین کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان، لەوێ کۆمەڵێك کۆبوونەوەی گرنگتان ئەنجامداو پرسی سەرەکییش سەربەخۆیی کوردستان بووە، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن تەفەهومی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن؟**

- بەشداری شاندی هەرێمی کوردستان لە ٥٣هەمین کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی هێجگار گرنگ بوو لەبەر ئەوەی لەم کۆنفرانسەدا کە نزیکەی هەموو دەوڵەتانی جیهان بەشدارییان تێدا کردبوو، تەنیا هەرێمی کوردستانی تێدا بوو کە دەوڵەتی سەربەخۆ نەبوو و بەشداری ئەو کۆنفرانسە گرنگەی کردبوو، ئەمەش نیشانەی گرنگیی هەرێمی کوردستانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەلایەکی دیکەوە بەشێکی زۆری ئەو شاندانەی لەو کۆنگرەیە بەشداربوون، بەپەرۆشەوە دەیانویست لەگەڵ شاندی کوردستان کۆببنەوە، بۆ ئەمە چەندین هۆکار هەبوو، یەکەمیان ئەوە بوو کە ئێمە تەنیا شاند بووین کە لەسەر هەرێمێك بەشداریمان کردبوو، هەروەها بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی سەرۆکی شاندەکە بوو، خاڵێکی دیکەش ئەوە بوو شەڕی دژی داعش ئەولەوییەتی هەموو قسەکان بوون، لەبەر ئەوەی کاتێك باس لە دابینکردنی ئاسایش و ئاشتی دەکرێت، بێگومان

**ئەگەر حزبەکان بگەنە رێککەوتن دەتوانین هەنگاوی باش بۆ چارەسەری قەیرانەکانی کوردستان و بەتایبەتی قەیرانی ئابووری و بۆ بڕیاری گەورەش هەڵبگرین**

دەبێت باسی مەترسیی تیرۆریستانی داعشیش بکرێت، ئاشکراشە کە جوگرافیای کوردستان لەناو شەڕی هاوپەیمانی دژی داعش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بایەخێکی هێجگار گرنگی هەیە، بەتایبەتی کە هێزی پێشمەرگە توانیویەتی داعش لەسەر زەوی تێکبشکێنێت، هەروەها گەلی کوردستان بڕوای بە دیموکراتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان هەیە، بۆیە ئەم پرسانە وایکردبوو کە شاندی کوردستان جێگەی بایەخی شاندە ئامادەبووەکانی کۆنفرانسەکە بێت. لە ماوەی ئەم کۆنفرانسە کە ٣ ڕۆژی خایاند، کۆبوونەوەکانمان زۆر چڕوپڕ بوون، تەنانەت من خۆم نەمتوانی سەردانی هۆڵی کۆنفرانسەکە بکەم و بەشداری لە هیچ پەنێڵێکی ئەو کۆنفرانسە گرنگەدا بکەم، لەگەڵ ئەمریکییەکان چەندین کۆبوونەوەی گرنگمان ئەنجامدا، ئەم کۆبوونەوانە زۆر گرنگ بوون، لەبەر ئەوەی ئەوان نوێنەری ئیدارەی تازەی ئەمریکا بوون و ئاشکراشە ئەم ئیدارە تازەیەی ئەمریکا زۆر جیاوازترە لەوەی پێش خۆی، بۆیە بۆ ئێمە گرنگ بوو کە گوێمان لە هەڵوێستی ئیدارەی تازەی ئەمریکا بێت بەرامبەر کوردستان، ئەوانیش مەبەستیان بوو گوێ لەئێمە بگرن و بزانن ئێمە هەڵوێستمان چۆنە، ئەو کۆبوونەوانەش بریتی بوون لە کۆبوونەوە لەگەڵ (جێگری سەرۆکی ئەمریکا، وەزیری بەرگریی ئەمریکا، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، هەروەها زیاتر لە ٢٠ سیناتۆر و کۆنگرێسمان لەهەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی ئەمریکا)، لە هەموو ئەم کۆبوونەوانە جەختیان لەسەر پشتیوانیی کوردستان و یارمەتی و هاوکاریی پێشمەرگە و بارودۆخی سیاسی و ئابووریی کوردستان دەکردەوە، بەو زمانە قسەیان لەگەڵ دەکردین، کە ئەوان خۆیان بە قەرزداری کورد دەزانن لە ناوچەکەداو باسی ئەوەیان دەکرد، کورد تەنیا هێزێك بووە کە توانیویەتی تیرۆریستانی داعش لەسەر زەوی تێکبشکێنێت. هەروەها چەندین کۆبوونەوەی دیکەی گرنگمان ئەنجامدا، لەوانە، کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا، حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا، جێگری سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی کوەیت، سەرۆك وەزیرانی عێراق، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرۆك وەزیرانی تورکیا، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەموو ئەم کۆبوونەوانەدا ئێمە گوێمان لە بیربۆچوونی ئەوان گرت و ئەوانیش بە هەمان شێوە گوێیان لە ئێمە گرت، لەگەڵ ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان باس لە پێشوازی لەو هەموو ئاوارەیە کرا کە هاتوونەتە کوردستان، بۆ ئەمەش زۆر سوپاسی کوردو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکومەتی کوردستانیان کرد، داواکرا هاوکاریی کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکی ئەو هەموو ئاوارەیە بەڕێوەبەرێت، بەتایبەتی کە ئێستا نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە لە کوردستان هەن، کە لەوانەیە تەنیا ٣٠٠ هەزاریان ئاوارەی سووریا بن، ئەوانی دیکە هەموویان ئاوارەی عێراقن کە شیعە لەترسی سوننە و سوننە لە ترسی شیعە و کریستیان لە ترسی هەردووکیان ڕوویان لە کوردستان کردووە.

*** ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت هەڵوێستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە شاندی کوردستان چۆن باسی پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ ئیدارەی تازەی ئەمریکا کرد؟**

- پێش هەموو شت باسی ئەوەمان کرد کە بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووس، مافێکی ڕەوای هەر نەتەوەیەکەو کوردیش مافی خۆیەتی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، پاشان باسمان لە مێژووی حوکمڕانیی عێراق کرد، ئاشکرایە ماوەی ٨٠ ساڵ عەرەبی سوننە حوکمڕانیی عێراقی کردووە، لەو ماوەیەدا پشکی کورد لە عێراقدا ئەوە بووە کە کیمیابارانیان کردووین و پرۆسەی ئەنفالیان لە دژی خەڵکی کوردستان پیادەکردووە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣شەوە کە ئەوە ماوەی ١٣-١٤ ساڵە عەرەبی شیعە حوکمڕانیی عێراق دەکەن، پشکی کورد ئەوە بووە کە ئەوانیش بودجەو مووچەی خەڵکی کوردستانیان بڕیوەو ئەمەش مانای ئەوەیە حوکمڕانانی شیعە کورد بە هاووڵاتی عێراق نازانن، هەروەها بەپێی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق، بڕیار بوو پێشمەرگە وەك بەشێك لە سیستمی بەرگریی عێراق حیساب بکرێ و ئەو ئیمکانیەتە سەربازییانەی دێتە عێراقەوە،

**لە ٥٣هەمین کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی کە نزیکەی هەموو دەوڵەتانی جیهان بەشدارییان تێدا کردبوو، تەنیا هەرێمی کوردستانی تێدا بوو کە دەوڵەتی سەربەخۆ نەبوو و بەشداری ئەو کۆنفرانسە گرنگەی کردبوو، ئەمەش نیشانەی گرنگیی هەرێمی کوردستانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی**

**بەرەی کوردستانی توانی سەرکردایەتی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بکات و پاشانیش یاسای دەرکردو هەڵبژاردنی ئەنجامدا، دوای ئاکامی هەڵبژاردن دەسەڵاتی گێڕایەوە بۆ گەلی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات**

**کێشەکان نە بە دوو حزب و نە بە پێنج حزب چارەسەر ناکرێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، ئەوا بینیمان پارتی و یەکێتی وەک دوو حزب نەیانتوانی پێکەوە کوردستان بەڕێوە ببەن و ئاکامەکەی ئەوە بوو گەیشتنە شەڕی ناوخۆ، پاشان ئەمجارەیان ئەمەش ئاکامی پێنج حزبەکەیە کە گەیشتنە ئەو قەیرانەو خەڵکی دووچاری ئەو هەموو کارەسات و ماڵوێرانییە کردووە**

**ئێستا ڕێککەوتن لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پێنتاگۆن، هەروەها ڕێککەوتن لەنێوان کوردستان و ناتۆ هەیە، ڕێککەوتنیشمان لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش هەیە کە لە هاوپەیمانی ناتۆش گەورەترە**

**هەموو میرنشینەکانی کورد لەشکریان بۆ سەر یەکتری کۆکردۆتەوەو هەمیشە شەڕی ناوخۆیان لەگەڵ یەکتری هەبووە، بەڵام ئێستا هەموو پێکەوە لەیەک سەنگەردان و بەرامبەر یەک دوژمن ڕاوەستاوین. ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە کوردی کردۆتە باڵانس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**ئێستا هێزی پێشمەرگە بە درێژایی ئەم ١٠٠٠ کیلۆمەترە هەر لە خانەقین و نەفتخانەوە تا دەگاتە شنگال هەمووی لەیەک سەنگەردان و دژی یەک دوژمن ڕاوەستاون، ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی کوردستاندا ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە بوونی هەیە**

پشکی پێشمەرگەی لێ دیاری بکرێت، بەڵام پێشمەرگە لە مووچە و چەك و هاوکاری بێبەش کراوە، پاشان بەپێی دەستوور دەبوو لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت، بەڵام چارەسەر نەکرا، لەمەش زیاتر حکومەتی بەغدا بە هیچ جۆرێك دەستووری جێبەجێ نەکردووە، هەروەها نەیانتوانی کە هاوسەنگی لە نێوان شیعە و سوننە و کورد ڕابگرن، ئەمەش وایکرد کە گرووپێکی تیرۆریستی وەك داعش دروست بێت، ئەوە نزیکەی سێ ساڵە ئەو شەڕە گەورەو ترسناکە دروست بووە کە بە دەیان هەزار کەس شەهید بوون و بە سەدان هەزار کەس کۆمەڵکوژ و بێسەروشوێن کراون، بۆیە دەبێت ئەو پرسیارە بکەین، ئایا کێ لەم بارودۆخە کارەساتاوییە بەرپرسیارە؟ بێگومان حکومەتی عێراق لێی بەرپرسیارەو ئێستا عێراق بەکردەیی دەوڵەتێکی لەبەریەك هەڵوەشاوەیەو یەکگرتوو نییە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر لەماوەی نزیکەی ئەم ١٠٠ساڵە و لەهەردوو ئەزموونی حوکمڕانیی عەرەبی شیعە و سوننە نەیانتوانیبێت لەسەر بنەمای هاوبەشی لەگەڵ کورد زەمینەیەك دروست بکەن بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە بژین، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە کوردستان و عێراق لە ئایندەدا دوو دراوسێی باش بن پێکەوە.

*** وەڵامدانەوەی ئەوان بۆ ئەم خستنەڕووەی ئێوە چۆن بوو؟**

- ئەوان (ئەمریکییەکان) چەند شتێکیان پێگوتین، یەکەم: پێیانگوتین جارێکی دیکە نابێت هیچ کام لەو کارەساتانەی پێشوو ڕووبەڕووی کورد ببێتەوە. دووەم: پێیانگوتین ئێمە خۆمان بە قەرزداری ئێوە دەزانین. سێیەم: پێیانگوتین بەتەنیا بەجێتان ناهێڵین و پشتیوانی ئێوە دەبین. چوارەم: پێیانگوتین نامانەوێت کورد پاشکۆی هیچ لایەنێك بێت. ئەم قسانە ڕوون و ئاشکران و دیارە چیمان پێدەڵێن.

*** ئاماژەتان بەوە کرد، ئێستا پێویستمان بە چارەسەری کێشە ناوخۆییەکان هەیە، پێش ئەوەی بڕیاری سەربەخۆیی بدەین، ئایا چۆن هەوڵەکان چڕبکەینەوە بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکەین؟**

- دوای ئەوەی بەڕێز کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامی خۆی ڕاگەیاند سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان، لەو پەیامەدا داوای لەهەموو هێزە سیاسییەکان کردووە کە پێکەوە کۆببنەوەو بگەنە ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت، کەواتە ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی حزبەکاندایەو ئەوان دەبێت هەوڵبدەن کۆببنەوە و لەسەر چارەسەرێك ڕێکبکەون. دوای ڕاگەیاندنی ئەم پەیامە شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان جارێك کۆبوونەوەی لەگەڵ حزبە سیاسییەکان ئەنجامداوەو حزبەکانیش هەر یەکەیان بەجۆرێك پشتیوانییان لە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە، هەروەها پارتی و یەکێتی چەندین کۆبوونەوەیان کردووەو کۆبوونەوەکان جێگەی بایەخ بوون. من پێموایە دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەڕاوەتەوە کوردستان، جارێکی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان دەست بە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ حزبە سیاسییەکان دەکاتەوە. ئەم هەوڵانە هەموویان هەن، بەڵام ئەگەر حزبەکان بیانەوێت کێشەکان چارەسەر بکەن، ئەوا بواریان لەبەردەم هەیە بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرێك، بەڵام ئەگەر نەیانەوێت، یان نەگەنە ڕێککەوتن، باشترە هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت، یان کۆببنەوەو خۆیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئامادەبکەن کە تەنیا ٦-٧ مانگی ماوە، لەم ماوەیەدا دەتوانرێت ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن بکرێت و کێشەکان یەکلایی بکاتەوە، خۆ ناکرێت تاسەر ئەم کێشانە بەبێ چارەسەر بمێننەوە، بەڵام لە ئێستا باس لە شتێکی دیکە دەکرێت و دەڵێن ئەگەر حزبەکان بگەنە ڕێککەوتن، دەکرێت هەڵبژاردن دوابخرێت، بەبۆچوونی من ئەمە کارێکی باش نییەو لەوانەیە دواخستنی هەڵبژاردن هەمان ئەزموونی کەرکووك دووبارە بکرێتەوە کە ماوەی زیاتر لە ١٢ ساڵە هەڵبژاردن لە کەرکووك ئەنجام نەدراوە، بۆیە گرنگە حزبەکان بەجددی هەنگاو هەڵبگرن و ئەم کێشانە چارەسەر بکەن، بە ڕاستی حزبەکان دەبێت بەرپرسیارانە هەنگاو هەڵبگرن و بەدەنگ ئەو پرسەوە بچن، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە زۆر هەستیارو چارەنووسسازە، ناکرێت ئێستا خۆمان

بەوە سەرقاڵ بکەین، کە ئەو حزب چەند وەزیر و چەند پۆستی بەردەکەوێت، لەبری ئەوە دەبێت بیر لەئایندەی خۆمان بکەینەوەو بیر لەو کێشە گەورانە بکەینەوە کە پرسی سەربەخۆیی کوردستانە و ئێستا هەموو دنیا بایەخ بە کورد دەدات و ناوچەکەش رووبەڕووی تەوژمێکی گەورەی گۆڕانکاری بۆتەوە، دەبێت بزانین لەناو ئەم گۆڕانکارییانەدا بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرین.

*** بەڵام ئەوەی ئێستا تێبینی دەکرێت، ئاستەنگی سەرەکی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندایە، بەتایبەتیش کە ئێستا رێکخەرەکەی کوردستانی بەجێهێشتووەو لە بەریتانیایە، ئایا ئەم عینادییە نابێتە هۆی پەکخستنی ئەو هەوڵانە؟**

- لەوانەیە بۆ ئێستا کە پێوەندیکردن ئاسانە دوورکەوتنەوە زۆر کاریگەری نەبێت و پێوەندی لەنێوان گۆڕان و رێکخەرەکەی بەردەوام بێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە پرسی پێکەوە کارکردن و یەکتری قبووڵکردنە، ئەگەر بڕوامان بەمە هەبوو، بڕوا ناکەم هیچ شتێك مەحاڵ بێت، پارتی و یەکێتی پێشتر چەندین ساڵ شەڕی ناوخۆ لەنێوانیاندا هەبووە، بەڵام دواتر رێککەوتنەوە، بۆیە رێککەوتنەوەی نێوان پارتی و گۆڕان ئاسانترەو دەتوانن بگەنە رێککەوتن، بەڵام دەبێت ئەو نییەتە لە هەردوولاوە هەبێت کە پێکەوە کاربکەن و یەکتری قبووڵ بکەن، بێگومان هەر دەبێت یەکتریش قبووڵ بکەن، چونکە هەموو لەیەك وڵاتدا پێکەوە دەژین و دەبێت بگەینە رێککەوتن، بەڵام ئێستا کێشەکە لە عێراق و کوردستانیش ئەوەیە کە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەهەوڵی ئەوەدان لە حکومەتدا بەشداری بکەن، یاسایەك نییە کە ناوی یاسای ئۆپۆزسیۆن بێت و ئەرك و کاری ئۆپۆزسیۆن دیاری بکات، ئەمانە هەموویان کەموکورتین، بۆیە من پێموایە پێویستمان بەوەیە ئەنجومەنێکی سیاسی دروست بکەین بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە کۆبکاتەوە و پێکەوە کێشەکان چارەسەر بکەین.

*** مەبەستت لە ئەنجومەنی سیاسی چییە؟ ئایا ئەنجومەنێك بە هاوشێوەی پێنج حزبە سیاسییەکەو فراوان بکرێت؟**

- من هەر لە بنەڕەتدا لەگەڵ کۆبوونەوەی پێنج حزبەکە نەبووم، کێشەکان نە بە دوو حزب و نە بە پێنج حزب چارەسەر ناکرێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردوو، ئەوا بینیمان پارتی و یەکێتی وەك دوو حزب نەیانتوانی پێکەوە کوردستان بەڕێوە ببەن و ئاکامەکەی ئەوە بوو گەیشتنە شەڕی ناوخۆ، پاشان ئەمجارەیان ئەمەش ئاکامی پێنج حزبەکەیە کە گەیشتنە ئەو قەیرانەو خەڵکی دووچاری ئەو هەموو کارەسات و ماڵوێرانییە کردەوە، پێشتریش لەسەردەمی شاخ دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆ توانیمان بەرەی کوردستانی دابمەزرێنین، بەرەی کوردستانی رۆڵێکی زۆر گرنگی لەو قۆناخە گێڕا، وێڕای ئەوەی حکومەت کیمیاباران و ئەنفالی کردین، بەڵام توانی رایەڵەیەك لە نێوان خەڵك و پێشمەرگە و حزبەکان دروست بکاتەوە و بەرەی کوردستانی توانی سەرکردایەتی راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بکات و پاشانیش یاسای دەرکرد و هەڵبژاردنی ئەنجامدا، دوای ئاکامی هەڵبژاردن دەسەڵاتی گێڕایەوە بۆ گەلی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات، ئێستاش پێویستمان بە ئەنجومەنێکی سیاسی هەیە کە نزیکەی ١٠٠-١٥٠ کەسایەتی لە هەموو حزبەکان و کەسایەتی و رۆشنبیرانی بێلایەن لەخۆی بگرێت، ئەوجا کاری ئەم ئەنجومەنە هێندەی راوێژکاری دەبێت بۆ پەرلەمان و حکومەت، کاری یاسادانان و جێبەجێ کردن نابێت و دەبێتە هاوکار بۆ پەرلەمان و حکومەت.

*** ئایا ئەم ئەنجومەنە هەر پێشنیاری تۆیە، یان مەسەلەیەکەو قسەی لەسەر کراوە؟**

- ئەمە پێشنیاری منە، ئەم پێشنیارە لەوە سەرچاوە دەگرێت کاتی خۆی د.یوسف سەرۆکی پەرلەمان پێشنیاری ئەوەی بۆ حزبەکان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد کە ژوورێکی عەمەلیات لەناو پەرلەمان بۆ حزبە سیاسییەکان دروست بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لەسەر پرسەکان رێکبکەون و هەر لەوێ بڕیار بدەن. لەو کۆبوونەوەیە من پرسیارم کرد، بۆچی دەسەڵاتی پەرلەمان دەدەیتەوە بە حزبەکان؟ ئەو لەوەڵامدا پێی گوتم ئێستا پەرلەمانتاران دەسەڵاتیان نییە، هەر پەرلەمانتارێك پرسێك پێشنیار بکات،

**بەڕێز کاک مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان، پەیامی خۆی راگەیاندو داوای لەهەموو هێزە سیاسییەکان کرد کە پێکەوە کۆببنەوەو بگەنە رێککەوتن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت، کەواتە ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی حزبەکاندایەو ئەوان دەبێت هەوڵبدەن کۆببنەوە و لەسەر چارەسەرێک رێکبکەون**

**پێشتر بە قاچاخیش چەکیان پێ نەدەفرۆشتین، بەڵام ئێستا بە فڕۆکە چەک دێتە کوردستان، زیاتر لە ٢٨ دەوڵەت ئێستا لە کوردستان بوونیان هەیەو مەشق بە هێزی پێشمەرگە دەکەن**

**ئێستا کێشەکە لە عێراق و کوردستانیش ئەوەیە کە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەهەوڵی ئەوەدان لە حکومەتدا بەشداری بکەن، یاسایەک نییە کە ناوی یاسای ئۆپۆزسیۆن بێت و ئەرک و کاری ئۆپۆزسیۆن دیاری بکات**

**ئەمریکییەکان پێیانگوتین: جارێکی دیکە نابێت هیچ کام لەو کارەساتانەی پێشوو رووبەڕووی کورد ببێتەوە. گوتیان: ئێمە خۆمان بە قەرزداری ئێوە دەزانین و بەتەنیا بەجێتان ناهێڵین و پشتیوانی ئێوە دەبین و نامانەوێت کورد پاشکۆی هیچ لایەنێک بێت**

**ئەگەر لەماوەی نزیکەی ئەم ١٠٠ساڵە و لەهەردوو ئەزموونی حوکمڕانیی عەرەبی شیعەو سوننە نەیانتوانیبێت لەسەر بنەمای هاوبەشی لەگەڵ کورد زەمینەیەک دروست بکەن بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە بژین، ئەوا دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە کوردستان و عێراق لە ئایندە دوو دراوسێی باش بن پێکەوە**

**حکومەتی بەغدا بە هیچ جۆرێک دەستووری جێبەجێ نەکردووە، هەروەها نەیانتوانی کە هاوسەنگی لە نێوان شیعە و سوننە و کورد رابگرن، ئەمەش وایکرد کە گروپێکی تیرۆریستی هاوشێوەی داعش دروست بێت**

دەبێت دۆسیەکەی هەڵبگرێت و بگەڕێتەوە بۆ حزبەکەی، بۆیە ئەگەر ئەو ژووری عەمەلیاتە هەبێت، ئەوا هەر لەناو پەرلەمان دەتوانن بگەنە رێککەوتن و بڕیار بدەن، لە راستیدا من هەر لەگەڵ ناوەکەی نەبووم، لەبەر ئەوەی ژووری عەمەلیات، یان بۆ شەڕە، یان بۆ گواستنەوەیە، واتە ژووری عەمەلیات بۆ بەڕێوەبردنی وڵات دانامەزرێت، بۆیە دەکرێت ئەنجومەنێکی سیاسی دابمەزرێت، بۆیە دواتر پێشنیارم کرد کە ئەنجومەنێك بەناوی ئەنجومەنی سیاسی دروست بکەین و هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان کۆبکاتەوە، ماوەیەکیش بەر لە ئێستا بەفەرمی ناردوومە بۆ لایەنە سیاسییەکان و داوام کردووە کە پێویستە ئەنجومەنێکی سیاسی لە کوردستان دابمەزرێت.

*** ئێستا شەڕی موسڵ خەریکە بەرەو کۆتایی دەچێت، بێگومان دوای کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە پێویستە پرۆسەیەکی سیاسی لەگەڵ عێراق دەستی پێبکرێت. ئایا دوای کۆتاییهاتنی شەڕی موسڵ دەبێت پەیوەندیی نێوان عێراق و کوردستان بەرەو کوێ بچێت؟**

- ئێمە وەك کورد لەشەڕی دژی داعش تووشی زیان بووین و شەهید و بریندارێکی زۆرمان داوەو خوشك و برایانی ئێزیدی کۆمەڵکوژ و ئەنفالکران، هەروەها دوچاری قەیرانی ئابووری و تووشی شەڕێکی گەورەی بە درێژی زیاتر لە ١٠٠٠کم بووین، بەڵام وێڕای ئەم هەموو کارەساتەش کە بەسەر میللەتەکەمان هات، ئەگەر سەیری ئەو دەستکەوتانە بکەین کە دەستمان کەوتوون، دەستکەوتی گەورەن و کەم نین، هەر بۆ نموونە ٤٠٪ی خاکی کوردستان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئازادکراوە، هێزی پێشمەرگە بۆتە ناوێك کە هەموو سنوورەکانی بەزاندووە، چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ رووداوێکی زۆر گەورە بوو کە سنووری سێ دەوڵەتی بڕی، هەروەها پێشتر بە قاچاخیش چەکیان پێ نەدەفرۆشتین، بەڵام ئێستا بە فڕۆکە چەك دێتە کوردستان، زیاتر لە ٢٨ دەوڵەت ئێستا لە کوردستان بوونیان هەیەو مەشق بە هێزی پێشمەرگە دەکەن، سەرۆکی فەرەنسا کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشە سەردانی کوردستان دەکات، سەرۆك وەزیرانی تورکیا دێتە کوردستان، ئەمە بێجگە لەو هەموو شاندەی روودەکەنە کوردستان، هەموو ئەم گۆڕانکارییانە بەرهەمی ئەم شەڕەن، ئێستا کوردستان خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە کە هێزێکی گەورەو گرنگە و لەشەڕی پارتیزانییەوە گەیشتۆتە ئەوەی بەرەیەکی شەڕی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتری کۆنترۆڵ کردووە، لەمەش گرنگتر ئێستا هێزی پێشمەرگە بە درێژایی ئەم ١٠٠٠ کیلۆمەترە هەر لە خانەقین و نەفتخانەوە تا دەگاتە شنگال هەمووی لەیەك سەنگەردان و دژی یەك دوژمن راوەستاون، ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی کوردستاندا ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە بوونی هەیە، بۆیە من لەگەڵ ئەو قسانە نیم کە هەندێك لایەن باسی ئەوە دەکەن کە گوایە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی بوونی نییە، رەنگە کێشەکان لەنێوان چەند کەسێك، یان لەنێوان چەند حزبێکدا بێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، هەموو میرنشینەکانی کورد لەشکریان بۆ سەر یەکتری کۆکردۆتەوەو هەمیشە شەڕی ناوخۆیان لەگەڵ یەکتری هەبووە، بەڵام ئێستا هەموو پێکەوە لەیەك سەنگەرداین و بەرامبەر یەك دوژمن راوەستاوین. ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە کوردی کردۆتە باڵانس لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەوڵەتە گەورەکانی وەك ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و یەکێتی ئەورووپا، کێبڕکێی ئەوە دەکەن کامیان زیاتر لە کوردو پێشمەرگە نزیکتر ببنەوە، دوای ئەوە ئێستا رێککەوتن لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پێنتاگۆن هەیە، هەروەها رێککەوتن لەنێوان کوردستان و ناتۆ هەیە، هەروەها رێککەوتنمان لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش هەیە کە لە هاوپەیمانی ناتۆش گەورەترە، بۆیە کاتێك ئێمە ئەم هەموو رێککەوتنەمان لەگەڵ ئەو هێزە گەورانە هەبێت بۆ شەڕی دژی داعش، ئەوا چۆن لەشەڕەکەدا هاوبەشین، ئەوا دەبێت لە دەستکەوتی شەڕەکەشدا هاوبەش بین.

*** ئەی سەبارەت بە قۆناخی دوای داعش لەگەڵ عێراقدا؟**

- لەم شەڕەدا داعش لە رووی سەربازییەوە تێکدەشکێت، بەڵام فیکری داعش دژی کورد هەر دەمێنێت، ئەوجا لەوانەیە ناوێکی دیکەی

هەبێت، هەروەك لەشەستەكانی سەدەی رابردوو هێزێك هەبوو بەناوی حەرەس قەومی كە كوردیان دەكوشت و زەعیم سەدیق لە سلێمانی خەڵكی زیندەبەچاڵ دەكرد، پاشان ئەم هێزە بووە حەرەس جمهووری و دوای ئەو بووە فیدایی سەدام و دوای رووخانی سەدامیش بووە قاعیدەو سەحوەو ئێستاش بۆتە داعش، رەنگە ئەم داعشەی ئێستا سبەی ناوێكی دیكەی هەبێت، بەڵام ئەو ئەقڵییەتەی داعش هەر دەمێنێت، بەڵام دوای تێكشكاندنی تیرۆریستانی داعش كە دەوڵەتێكی تیرۆریستی و گەورە بوون و هەموو دنیا هاوكاری دەكردن و چەكی هەردوو سوپای سووریا و عێراق لەبەردەستیان بوو، كە لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە تێكشكان، بڕوا ناكەم جارێكی دیكە هیچ گروپ و لایەنێكی دیكە جورئەتی ئەوە بكات بیر لە هێرشكردنە سەر كوردستان بكاتەوە.

*** كەواتە ئەگەر پرۆسەی سیاسی لەنێوان كوردستان و عێراق دەست پێبكاتەوە، دەبێت میكانیزمی تازە بۆ رێكخستنەوەی پێوەندییەكانی كوردستان و عێراق چۆن بێت؟**

- دەبێت ئێمە لەسەر میكانیزمێك بۆ پێوەندیی ئایندەی نێوان كوردستان و عێراق، راشكاوانە لەگەڵ حكومەتی عێراق وتووێژ بكەین، ئەمەش لەسەر ئەوەی ئایا پێوەندیی ئایندەی نێوان عێراق و كوردستان وەك دوو دەوڵەتی كۆنفیدراڵی دەبێت، یان وەك دوو دراوسێ لە چوارچێوەی دوو دەوڵەتی سەربەخۆدا، ئێمە لەگەڵ عێراق كۆمەڵێك بەرژەوەندیی هاوبەش و كێشەی هاوبەشمان هەیە، بۆیە دەبێت راشكاوانە بكەوینە گفتوگۆ و كێشەكان یەكلایی بكەینەوە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێكدا بارودۆخەكە ناگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی داعش، بە تەجرەبەش دەركەوتووە كە حوكمڕانی لەسەر بنەمای شەراكەت فەشەلی هێناوە، بۆیە دەبێت لەسەر میكانیزم و شێوازێكی تازەی پێوەندی لەنێوان كوردستان و عێراق قسەبكەین.

*** بەم دواییە شاندێكی هاوپەیمانیی نیشتمانی شیعە سەردانی كوردستانیان كردو تۆش لەو كۆبوونەوەیە ئامادەبوویت، ئایا شاندی شیعە بۆچی هاتبوون و چییان پێ بوو؟**

- شاندی هاوپەیمانیی شیعە هیچیان پێ نەبوو، سەردانەكەیان لە دوو خاڵەوە سەرچاوەی گرتبوو، یەكەم سەید عەمار حەكیم خۆی بە دۆستی كورد دەزانێت، ئێستا كە ئەو سەرۆكی هاوپەیمانیی نیشتمانییە و سەردانی كوردستانی كردووە، پێش ئەو كەسێكی دیكە بوو، سەردانی كوردستانی نەكردبوو، خاڵی دووەمیان هاتبوون باسی ئەوەیان دەكرد، ئێمە هەموومان موسڵمانین و هەموو عێراقین، با هەموومان پێكەوە بژین، بەڵام هەموو هێزە سیاسییەكانی كوردستان كە لەكۆبوونەوەكە ئامادەبوون، رامان وەك یەكتری بووە، كە نابێت جارێكی دیكە بگەڕێینەوە بۆ پێش شەڕی داعش، لەبەر ئەوەی بە تەجرەبە دەركەوت كە ئەو شێوازە سەركەوتوو نەبووە، دەبێت بەدوای شێوازێكی دیكەدا بگەڕێین، ئەوە بارودۆخی عێراقە رۆژانە زیاتر لە ١٠٠ كەس لەسەر ئینتیمای سوننە و شیعە دەكوژرێت، زیاتر لە ملیۆنێك عەرەبی عێراق لەبەر ئەم بارودۆخە روویان كردۆتە كوردستان، بۆیە ناكرێت كورد باجی ئەم بارودۆخە بدات و دەبێت بڕیاری خۆی بدات.

*** دوایین پرسیارمان سەبارەت بە لێدوانێكی خۆتانە كە لە كۆنفڕانسی میونشن راتانگەیاند ئەمریكییەكان لە ئێمە بەپەرۆشترن بۆ سەربەخۆیی، ئایا ئەم لێدوانەت لەسەر چ بنەمایەك داوە؟**

- كاتێك لەگەڵ بەرپرسان و كۆنگرێسمان و سیناتۆرەكانی ئەمریكا كۆبووینەوە، شێوازی قسەكردنیان پەرۆشییەكی هێندە گەورەی پێوە دیاربوو بۆ چارەسەری كێشەكان و بۆ بارودۆخی كوردستان بۆ پاراستنی كوردستان، ئێمە بە ئاستی ئەوان ئەو حەماس و گەرموگوڕییەمان نەبوو، ئەوان راشكاوانە پێیاندەوتین ئێمە خۆمان بە قەرزداری كورد دەزانین، ئەم شێوازی قسەكردنە كە ئەمریكی و ئەوروپییەكان قسەی پێدەكەن، ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە كە زۆر بە پەرۆشییەوە پشتگیری كورد دەكەن، بۆیە من پێموایە ئەمساڵ واتە ساڵی ٢٠١٧ خۆری داعش بەرەو ئاوابوون دەچێت، ئەمە خۆی بۆخۆی سەركەوتنێكی گەورەیە بۆ كوردستان، سەبارەت بە قەیرانەكانی كوردستانیش بەتایبەتی قەیرانی ئابووری، ئەگەر حزبەكان بگەنە رێككەوتن دەتوانین هەنگاوی باش بۆ چارەسەری ئەو قەیرانانە و بۆ بڕیاری گەورەش هەڵبگرین.

**ئێستا نزیكەی دوو ملیۆن ئاوارە لە كوردستان هەن، كە لەوانەیە تەنیا ٣٠٠ هەزاریان ئاوارەی سووریا بن، ئەوانی دیكە هەموویان ئاوارەی عێراقن كە شیعە لەترسی سوننە و سوننە لە ترسی شیعە و كریستیان لە ترسی هەردووكیان روویان لە كوردستان كردووە**

**لە كۆبوونەوە لەگەڵ (جێگری سەرۆكی ئەمریكا، وەزیری بەرگریی ئەمریكا، نوێنەری تایبەتی سەرۆكی ئەمریكا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، هەروەها زیاتر لە ٢٠ سیناتۆر و كۆنگرێسمان لەهەردوو پارتی كۆماری و دیموكراتی ئەمریكا)، لە هەموو ئەم كۆبوونەوانە جەختیان لەسەر پشتیوانیی كوردستان و یارمەتی و هاوكاریی پێشمەرگە و بارودۆخی سیاسی و ئابووریی كوردستان دەكردەوە**


**جوگرافیای كوردستان لەناو شەڕی هاوپەیمانی دژی داعش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بایەخێكی هێجگار گرنگی هەیە، بەتایبەتی كە هێزی پێشمەرگە توانیویەتی داعش لەسەر زەوی تێكبشكێنێت**



# پرسی سەربەخۆیی و کورد

## بۆ پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین، گەلی کوردستان ئەم فۆرمانەی لەپێشە

بەشی (٤) و دیماهی



ئاسۆ کەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

١) فیدراڵیزم بەو شێوەیەی کە لە دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقدا جێگیرکراوە. پێشتر قامکم بۆ ئەوە راکێشا کە دەگوترێ ئەم فۆرمە جەڕبێندراو تاقیکرایەوە، لێ سەرکەوتوو نەبووە. وەك دەزاندرێ باشووری کوردستان بەفەرمی بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق، لێ بەکردەوە لینکێکی زۆر کەمی بەعێراقەوە ماوە. زۆر زاراوەو تێرم بۆ ئەو رەوشە دێتە کارئینان؛ دەوڵەت لەناو دەوڵەت، نیمچەدەوڵەت، دەوڵەتی دیفاکتۆ.

٢) دەستووری ئێستەی عێراق دەسکاری بکرێ و جۆرێ لە فیدراڵیزمی بۆ هەرێمی کوردستان تێدا جێگیر بکرێ کە لە فیقهی دەستووریدا پێی دەگوترێ asymmetrical Federalism. نموونەی کیوبیك لەناو کەنەدا. بەو مانایەی ئەگەر لە عێراقدا هەرێمێك یان زێتری دیکەی تێدا دروست ببێ، هەرێمێکیان دەسەڵاتی لەوانە دیکە جیاوازبێ. کەموزۆری دەسەڵاتەکان، بەرفەرمانی تەرازووی هێزو و یەکڕیزی ماڵی کوردو تایبەتمەندیی نەتەوەیی و دیفاکتۆی کوردستانی باشوورە لەناو عێراقدا. بەکردەوە ئەو جۆرە لە کوردستاندا پێڕەودەکرێ. هەرچەندە هیچ هەرێمێکی دیکە لە عێراقدا نەهاتۆتەگۆڕێ و ئەگەری بەدیموکراتیزەبوونی عێراق زۆر کزو لاوازە و ئەمەش دەرفەتی سەرگرتنی ئەو نموونەو فۆرمە کەمدەکاتەوە.



٣) دەوڵەتی عێراق هەر فیدراسیۆن بێ، بەڵام لە دوو کۆمار پێك بێ کە دەسەڵاتی وەکیەکیان هەبێ و دیسان بەگوێرەی دەستوورێکی تازە، یان بەگوێرەی ڕێککەوتنێکی دووقۆڵی ڕێکبخرێ. دەکرێ لە دەستوورەکەدا، سەقفێکی زەمەنیش بۆ ریفراندەم لەسەر مانەوە، یان جیابوونەوە لەناو ئەو دەوڵەتەدا ڕێککەوتنی لەسەر بکرێ. لەمبارەوە دەکرێ لە وتووێژەکاندا، سوود لە ئەزموونی باشووری سودان وەربگیرێ. ئاخر وەك لەبیرمانە، لە ڕێککەوتننامەی ئاشتی نێوان حکوومەتی سودان و بزووتنەوەی میللی و سوپای میللی بۆ رزگاریی سودان، وێڕای هەندێ خاڵی دیکەی گرنگ، لە ١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەکرا کە «گەلی باشووری سودان لەرێگەی ریفراندەمێکەوە بۆ دیاریکردنی ستاتۆی ئایندەی خۆی، مافی چارەی خۆنووسینی هەیە». ئەم تەجرەبەیە، شتێکی ناوازە بووە لە مومارەسەی دەوڵەتان و لە سیاقی ناکۆڵۆنیالیدا کە بەهۆیەوە هەرێمی ناو دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەرێگەی ئامرازێکی راستەوخۆی دیموکراتییەوە کە ئەویش ریفراندەمە، جیابێتەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێ.

٤)دەوڵەتی عێراق بکرێتە کۆنفیدراسیۆنێك، وەك دەوڵەتی سربیا-مۆنتینیگرۆ کە لە ٢٠٠٢ەوە تا

**کۆمەڵێ کێشەو گرفت لەنێوان بەغداو هەولێردا هەن و هیچ ئاسۆیەکی روون بۆ چارەسەرکردن نابیندرێ، چونکە دوو ئاراستەی جیا لە کوردستان و عێراقدا بەرانبەر کۆمەڵێ پرسی ناوخۆیی و ناوچەکە هەیە و ئەمەش چاوگەیەکی ناکۆکیی بەردەوام و بەیەکەوە هەڵنەکردنی لێ دەکەوێتەوە**

**باشووری کوردستان بەناهەق بە دەوڵەتی عێراق لکێندراوەو دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن لەو داوایە بکۆڵنەوەو وەک هەرێمێکی بەجیاهەڵکەوتوو حیسابی بۆ بکرێ**

٢٠٠٦بەردەوامبوو، واتە تا جیابوونەوەی مۆنتینیگرۆ کە لە ٢١ی ئایاری ٢٠٠٦دا ریفراندەمی تێداکراو بەرێژەی ٥٥,٦٪ لەو فیدراسیۆنە جودابووەوە و لە ٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٦دا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند. دەکرێ وەك پێناگاڤێك بۆ سەربەخۆیی تەواو، هەمان تاقیکردنەوە لە عێراقیشدا دووبارە بکرێتەوە.

٥)جیابوونەوەو سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان. ئەوەش چ لە رێگەی وتووێژو بە رەزامەندیی دەوڵەتی عێراق بێ، چ یەکتەرەفە.

هەموو ئەم فۆرمانە، ئەوەی دوایی نەبێ، پرسێکی ناوخۆیی دەوڵەتی عێراقن و هەرێمی کوردستان هەر چۆن لەگەڵ بەغدا رێکبکەوێ، ئەگەر دەوروبەر پێشیان خۆش نەبێ، لێ بەئاشکرا ناتوانن مایەی خۆیانی تێ بکەن و وڵاتانی دیکەش پێشوازی لێ دەکەن. کەواتەو بە بڕوای خۆم پێویستە ئەم فۆرمانە، باشی و خراپیان، بەوردی دیراسە بکرێ و پلانی A و B و C دابندرێ و بەدێم و بەگوێرەی هەلومەرج کار بۆ سێ ئەگەرەکەی دوایی بکرێ.

بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان گرفتێکی ئەوتۆمان نایەتەرێ ئەگەر عێراق رازی ببێ، چونکە ئەودەم مامەڵەی دەوڵەتان و بەئەندام وەرگیران لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاسان دەبێ. راستە لەگەڵ عێراقدا هەندێ گرفتمان دێنەپێش سەبارەت بە؛

- دیاریکردنی سنووری جیوگرافیی کوردستانی باشوور،

- مەسەلەی سەرچاوەکانی ئاو و نەوت و گاز،

- رەوشی ئەو کوردانەی دەکەونە ئەودیوی سنووری باشووری کوردستانەوە، واتە لە بەری عێراقدا.

لێ گرفتی بنەڕەتی، ئەودەمە سەرهەڵدەدا کە کورد یەکترەفە سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ. رەنگە لەم بارەدا گرفتی گەورە لەسەر سنوور لەگەڵ عێراقدا بێتەپێشێ، تەنانەت ئەگەر گریمان ئەو ناوچانەی ئێستە لە بندەستی خۆماندان ببنە تخوب و سنووری نێوان ئێمەو ئەوان، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ناوچە هەن کە لە رووی جیوگرافی و مێژووییەوە بە بەشێکی کوردستان دەزاندرێن، کەوتوونەتە دەرەوەو مەسەلەی داننان بە دەوڵەتە راگەیەندراوەکە بکەویتە بەر فەرمانی کۆمەڵێك هۆکارەوەو بەکورتی ئاسان نەبێ، بەڵام هزر دەکەم وردە-وردە وەك ئێستە، مامەڵە لەگەڵ قەوارە نوییەکەشدا بکرێ.

بۆ ئەو راگەیاندنە یەکتەرەفە و شەرعیەت پەیداکردن، دەکرێ پەنا بۆ دوو شت ببەین:

١- بەگوێرەی Remedial right of secession : ئەم ئەرگیومێنتانەمان بەدەستەوەیە:

- ویلایەتی موسڵ کە باشووری کوردستان زۆرینەی پێکدەهێنێ، لە ١٦ی ١٢ی ١٩٢٥دا بێ ئەوەی لە ریفراندەمێکی گشتیدا پرس بە دانیشتووانەکەی بکرێ، بەبڕیارێکی کۆمەڵەی گەلان بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئەوکاتەی عێراق لکێندرا. لەکاتێکدا پێشتر دەوڵەتێك نەبووە بەناوی عێراق و هەم ویلایەتی موسڵ لەگەڵ دوو ویلایەتەکەی دیکە، بەغداو بەسرا، لەناو یەك قەوارەدا کۆنەکرابوونەوە، بەڵکە ویلایەتی موسڵی زۆرینەی کوردنشین، ویلایەتێك بووە سەر بە ئەستانەی دەوڵەتی عوسمانلی بووە، لێ بەشەڕو وەك ئەنجامێکی شەڕی یەکەمی جیهان کە دەوڵەتی عوسمانلی تێدا شکەست، ئەو ویلایەتە کەوتە بندەستی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیاوە. دیارە لە ویلایەتی موسڵدا، (استطلاع) لەناو هەندێ خەڵکی بەنفووز کراوە نەك (ریفراندەم) و لێیان پرسراوە کە ئایا دەیانەوێ بچنە پاڵ دەوڵەتی عێراق، یان دەوڵەتی تورکیا، واتە تەنانەت لەو خەڵکە بەنفووزانەش نەپرسراوە کەئایا دەیانەوێ ببنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟

بەم مانایە، ئەو پێوەلکاندنە ناقانوونی بووە، زێتر لەبەر ئیعتوباراتی سیاسی و ئابووریی و ستراتیجی زلهێزانی ئەودەم بووە. ئەمەش پێچەوانەی خواست و ویستی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ و مومارەسەی ئەو وەختەی نێودەوڵەتی بووە و راستتر دەبوایە وەك هەرێمێکی جیا، وەك هەرێمێکی ناخۆبەڕێوەبەر non-governance territory بخرابایە ژێر ئینتیداب و دواتر ببوایە دەوڵەت.

- دەوڵەتی عێراق چ بەگوێرەی راسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٢٥ و چ دواتر بەپێی مەرجەکانی بوون بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان-یش لە ١٩٣٢، پابەندبوونەکانی خۆی بەرانبەر بەکورد جێبەجێ نەکردوون چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماریدا تا رووخانی سەدام لە ٢٠٠٣دا، بەو مانایە دەوڵەتی عێراق مایەی کارەسات وماڵوێرانی و کوشتوبڕو پاکتاوی نەژادی و تەعریب و گۆڕینی پێکهاتەی دیموگرافی و جینۆساید و بەکارهێنانی چەکی کۆکوژو



قەدەخەکراوی نێودەوڵەتی بووە، واتە ناعەدالەتییەکی گەورە دەرهەق بە کورد و مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ کراوە. لەدوای ٢٠٠٥یشەوە، دیسان عێراق ئیلتیزامەکانی خۆی بەگوێرەی دەستووری ٢٠٠٥ لەبەرانبەر کوردستاندا جێبەجێ نەکردووە، گرنگترینیان ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە سنووری جیوگرافی و کارگێریی کوردستانی دیاریدەکرد...

- کۆمەڵێ کێشەو گرفت لەنێوان بەغداو هەولێردا هەن و هیچ ئاسۆیەکی روون بۆ چارەسەرکردن نابیندرێ، چونکە دوو ئاراستەی جیا لە کوردستان و عێراقدا بەرانبەر کۆمەڵێ پرسی ناوخۆیی و ناوچەکە هەیە و ئەمەش چاوگەیەکی ناکۆکیی بەردەوام و بەیەکەوە هەڵنەکردنی لێ دەکەوێتەوە.

- گەلی کوردستان کە کورد زۆرینەی پێکدەهێنێ لە رووی ئیتنی و بنەچەکەو زمان و کولتوورەوە جیایە لە عەرەب و بەشێکە لە نەتەوەیەکی گەورەتر کە بەسەر ئێران و تورکیاو سوریەدا دابەش بووە. ئەو راستییە لە عێراقیشدا دانی پێدانراوە. بێ لەوە باشووری کوردستان ناوچەیەکی بەسەریەکەوەیە لەباری جیوگرافییەوە و نزیکەی ٨٠٠٠٠ کیلۆمەتر دووجا دەبێ و لەسەرووی ٦ ملیۆن خەڵکی تێدا دەژی، سەری ٢٦ ساڵە، خراپ یان باش، خۆی بەڕێوەدەبا و جۆرێ لە مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسینی ناوەکی خۆی دەکا، لەکاتێکدا بەکردەوە لە عێراقدا حوکمڕانیی، حوکمڕانیی زۆرینەی شیعەیەو لە هەر دوو پرەنسیپی شەراکەت و تەوافووق دوورکەوتووەتەوەو ئەمەش پێچەوانەی بڕگەی ٧ی پرەنسیپی ٥-ە لە جارنامەی پرەنسیپەکانی قانوونی نێودەوڵەتیی پەیوەست بە پێوەندیی دۆستانەی نێوان گەلان کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٠دا، بە بڕیاری ٢٦٢٥ی خولی ٢٥، پەسندی کردووەو مەرجێکی خۆپاراستن Safeguard Clauseی تێدا جێگیر کراوە و بەدەق باس لەوە دەکا کە دەبێ لە هەر وڵاتێکدا «... حکومەتێك هەبێ کە نوێنەرایەتی سەرجەم هەرێمی وڵاتەکە بکا بەبێ هیچ جیاکارییەك بەهۆی رەگەز، یان باوەڕ، یان رەنگی پێستەوە». ئەوە بێ لە هەوڵ و ئاخاوتنی ناو بەناوی سەرکرەکانی حەشدی شەعبی، بۆ پەلاماردانی ئەو ناوچانەی کە لە رووی جیوگرافی و مێژووییەوە بەبەشێك لە کوردستان دەزانرێن. هەر ئەم سیاسەت و رێبازەشە، وای کردووە کە خەڵکی کوردستان، لەباری سیاسییەوە ئینتیمایەکی ئەوتۆیان بۆ دەوڵەتی عێراق نەمێنێ.

٢- وەك لە سەرێ قامکمان بۆ راکێشا، باشووری کوردستان بەناهەق بە دەوڵەتی عێراق لکێندراوەو دەسەڵاتڕانانی هەرێمی کوردستان داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن لەو داوایە بکۆڵنەوەو وەك هەرێمێکی بەجیاهەڵکەوتوو حیسابی بۆ بکرێ و لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا ریفراندەمی تێدا ساز بدا بۆ دیاریکردنی ستاتۆی کۆتایی هەرێمەکە چ بە مانەوە لەناو عێراقدا و چ بە جیابوونەوە.

**بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان گرفتێکی ئەوتۆمان نایەتەڕێ ئەگەر عێراق رازی ببێ، چونکە ئەودەم مامەڵەی دەوڵەتان و بەئەندام وەرگیران لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاسان دەبێ**

## کارل کریستیان
### پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گۆڤاری گوڵان:

# بەرژەوەندیی گەورەی ئێران لەوەدایە مەزهەبگەرایی ببێتە نەریت لای شیعە



**کارل کریستیان خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستی سیاسی کە لە زانکۆی سەینت لویس بەدەستی هێناوەو لەئێستاشدا مامۆستایە لەبەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی ئاکرۆن، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی سەرەکیترینی ئەو تەنگژانەی کە رووبەڕووی ئەمەریکا دەبنەوە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو پرسی چۆنییەتی مامەڵەکردنی ئیدارەی ئەمەریکا لەگەڵ کێشەکانی ئەم ناوچەیە و چەندین پرس و بابەتی پێوەندیداری دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بیروبۆچونەکانی کرد.**

*** ئایا سەرەکیترینی ئەو تەحەددییاتانە چین کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رووبەڕووی ئەمەریکا دەبنەوە؟**

- لە راستیدا چەند تەحەددییەکی سەرەکی هەن، ئاشکرایە گرنگترینیان بریتییە لە تەحەددی رووبەڕووبوونەوەی داعش لە عێراق و سووریادا، کە هەوڵەکان لەم رووەوە بە باشی بەڕێوەدەچێت لە عێراقدا، بەڵام لە سووریادا بە رەوتێکی خاوتر بەڕێوەدەچێت و دروستکردنەوەی سووریای دوای داعشیش ئەرکێکی قورسترە، کە رەنگە ئەمەریکا بە قووڵی تێکەڵ بەم پرۆسەیە بێت، بەڵام ئەمەش زۆر زۆر زەحمەتە. ئەمە یەکێکە لە کێشەکان، کێشەیەکی دیکە بریتییە لە ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل، کە خراپتر بووەو باشتر نەبووە، خۆ ئەگەر ئەمەریکاش خۆی بەدوور بگرێت، ئەوا زەحمەتە بتوانێت ئەم کارە بکات، ئەویش بەهۆی ئەو پێوەندییەی ئەمەریکا هەیەتی لەگەڵ لایەنەکاندا، بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ ئیسرائیلدا. تەحەددییەکی دیکە کە رووبەڕووی ئەمەریکا دەبێتەوە بریتییە لە یەمەن، کە لە رەوشێکی خراپدایەو ئەمەریکای خستۆتە دۆخێکەوە کە ئاسوودە نییە پێی، چونکە هەوڵدەدات پشتیوانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی بکات و ئەوەندەی دەکرێت ئێران لە هاوکێشەکە دووربخاتەوە، بەڵام ئەمەش زەحمەتە، چونکە ئەمەریکا کارێکی زۆری پێناکرێت و ئەو چەکانەشەی کە بۆ سعودیەی دەستەبەری دەکات، بەو شێوەیە بەکارناهێنرێن کە ئەمەریکا خوازیارە بەکاربهێنرێن، کەواتە ئەمەش کێشەیەکی دیکەیە. نیگەرانییەکی دیکە پەیوەستە بە رۆڵی رووسیاوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە، کە دابەشبوونێکیش هەیە لە نێو حکومەتی ئەمەریکادا لەو بارەیەوە، چونکە کەسانێك هەن لە تیمەکەی ترەمپدا پێیانوایە ئەمە دەرفەتێکە، بەڵام کەسانێکیش هەن نیگەرانن لەو

بارەیـەوە، بەتایبەتـی لـە نێـو سـوپادا نیگەرانییەکـی زۆر هەیـە لـە بارەی رۆڵـی رووسـیاوە لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا. کەواتـە ئەمانـە نیگەرانییـە سـەرەکییەکانن، هەروەهـا نیگەرانـی دیکـە هـەن، وەك لقـی ئەلقاعیـدە لـە سـووریا، هەروەهـا لقـی ئەلقاعیـدە لـە باکـووری ئەفریقیـا و نیگەرانیـی ئەمنـی هەیـە لـەو ناوچەیـەدا. کەواتـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کێشـەیەکی زۆر دژوارە بـۆ ئەمەریـکا و گرتنەبـەری سیاسـەتگەلێکی تۆکمـە لەبـارەی ئـەو ناوچەیـەوە زۆر زەحمەتـە.

*** کەواتـە تـا چ رادەیـەك نەبوونـی سیاسـەتێکی روون و گەڵاڵەکـراو لەلایـەن ئیـدارەی ترەمپـەوە دەبێتەهـۆی ئـەوەی بۆشـاییەك دروسـت بـکات و ببێتەهـۆی ئـەوەی هێزەکانـی دیکـەی وەك ئێـران و رووسـیا هەڵبسـتن بـە پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییەو درێژەپێدانـی دەستڕۆیشـتوویی خۆیـان، کـە ئاشـکرایە ئەمـەش ئەوەنـدەی دیکـە رەوشـی دژواری ناوچەکـە ئاڵۆزتـر دەکات؟**

- ئەمـە مەسـەلەیەکە مـن لـە دۆسـتە عێراقییـەکان و دۆسـتەکانی دیکـەی ناوچەکەشـەوە گوێبیسـتی دەبـم کە بـاس لـەوە دەکـەن دڵنیانیـن لـە نیازەکانـی ئیدارەی ترەمپ لـە ئاست ناوچەکـەدا، واتـە ئامـاژەی تێکەڵـی بـەدی دەکـەن، بـۆ نموونـە ئەنجومەنـی ئاسایشـی نیشـتمانی لـە ئەمەریـکا لـە بارێکـی جێگیـردا نییـە، ژەنـەڕاڵ مایـکڵ فلیـن ناچـار بەدەست لەکارکێشـانەوە کـراو ئێسـتاش کەسـێکی دیکـە کراوەتـە راوێـژکاری ئاسایشـی نەتەوەیـی، کـە بەپێـی لێکدانـەوەی هەمـوان، کەسـێکە خاوەنـی بیرۆکـە و رێگاچـارەی جیـاوازە لـە ئاسـت رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بـە بـەراورد بـە فلیـن. ئێسـتاش پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایـا بیرۆکەکانـی ئـەو دەبنـە هەوێنـی سیاسـەتەکان یاخود بیرۆکـەی کەسـانی دیکـە، ئـەوەش پرسـیارێکی قورسـە. لەبـەر ئـەوە خـودی ئەمەریکییەکانیـش خۆیـان دڵنیانیـن لـەوەی سیاسـەتەکانی وڵاتەکەیـان لـە ئاسـت رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت چـی دەبێـت. کـە لـە راسـتیدا زۆرینـەی ئەمەریکییەکانیـش ئاشـنانین بـەوەی لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا رووەدەدات و بایەخێکـی زۆریشـی پێنـادەن، چونکـە سـەرقاڵن بـە چەنـد پرسـێکی ناوخۆییـەوە، وەك دیپۆرتکردنـەوەی کۆچبـەران و پرسـی دروسـتکردنی دیـوار لەگـەڵ وڵاتـی مەکسـیکدا، کەواتـە ئیـدارەی ئەمەریـکا هەسـت بـە فشـارێکی زۆر نـاکات لەلایـەن خەڵکـی ئەمەریکاوە بۆ داڕشتنی سیاسـەتێکی تۆکمـە لـە ئاسـت رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا. کەواتـە پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایا هاوپەیمانـەکان فشـاری پێویسـت دەکـەن بـۆ ئـەوەی ئیـدارەی ئەمەریـکا ئـەم سیاسـەتە لـە ئاسـت رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دابڕێژێـت. بـەڵام زۆر روونـە کـە ئیسـرائیل خۆشـحاڵە بـەوەی تـا ئێسـتا گوێبیسـتی بـووە لـە لێدوانەکانـی ترەمـپ، پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایـا تێڕوانینـی سـعودیە چییـە؟ بـەڵام تـا ئێسـتا ئەگـەرەکان بـەو ئاڕاسـتەیەن کـە ئەمەریـکا پشـتیوانی لـە سـعودیە دەکات. ئـەوەی پێوەنـدی بـە عێراقـەوە هەبێـت، ئـەوا ئامـاژەی تێکـەڵ هـەن، بـۆ نموونـە ترەمـپ بـاس لـە دەستبەسـەرداگرتنی نەوتـی عێراقـی کـرد، ئەگەرچـی پێدەچێـت لـە ئێسـتادا ئەمـە پرسـێکی جـددی نەبێـت، هەرچەنـدە چەنـد جارێـك ئەمەشـی دووبـارە کـردەوە، بـەڵام روون نییـە کـە ئایـا عێـراق لـە کوێـی سیاسـەتەکانیدا جێـی دەبێتـەوە. هەروەهـا سیاسـەتەکانی لـە ئاسـت سووریاشـدا روون نییـە، جگـە لـەوەی کـە باسـی دروسـتکردنی ناوچـەی ئارامـی کـردووە، بـەڵام روون نییـە چـۆن ئـەم کارە ئەنجـام دەدات، چونکـە ئەمـە پرۆسـەیەکی ئاڵـۆزە و تێچوونێکـی زۆری دەوێـت و رەنگـە مەترسـیداریش بێـت. کەواتـە ئەگـەر پوختـی بکەینـەوە ئـەوا دەڵێیـن کـە سیاسـەتەکان زۆر روون نیـن، بەشـێکی پەیوەسـتە بـەوەی هێشـتا کەسانێك هـەن ئیدارەکـە جێدەهێڵـن و کەسـانێکی دیکـەش هـەن دەسـتبەکار دەبـن تێیـدا و هێشـتا روون نییـە ئایـا کـێ جڵـەوی دروسـتکردنی سیاسـەتی دەرەوەی لـە دەسـتە لـە ئەمەریـکا؟.

*** باسـت لـەوە کـرد کـە لـە هەڵمەتەکانـی بەرەنگاربوونـەوەی داعـش لـە عێراقـدا بەرەوپێشـچوون بەدیهاتـووە، کـە ئاشـکرایە لـە ئێسـتادا پێشـڕەوییەکی بـاش بەدەسـت هاتـووە لـەو رووەوە، بـەڵام پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایـا چەنـد ئەمەریـکا گرنگـی و بایـەخ بـەو هۆکارە ریشـەییانە دەدات کـە لـە بنەڕەتـدا بوونەهـۆی سـەرهەڵدانی تیرۆریـزم؟**

- زەحمەتـە بتوانیـن ئەمـە بڵێیـن، لەبەشـێکیدا لەبـەر ئـەوەی مـن گفتوگـۆم لەگـەڵ ئـەو کەسـانەدا کـردووە کـە بەشداربوون لـە جێبەجێکردنـی سیاسـەتەکان لـە ئیـدارەی ئۆبامـا و ترەمپیشـدا، بـەڵام دیـار نییـە سیاسـەتی ئەمەریـکا بـۆ دوای داعـش چییـە، کەواتـە کـەس نەیبیسـتووە کـە ئـەم سیاسـەتە چـۆن دەبێت، مـن لـە پێگەیەکـدا ئـاگادار دەبـووم ئەگـەر سیاسـەتێکی تۆکمـە هەبووایـە.

*** بـەڵام ئایـا لـە تێڕوانینـی ئێـوەدا پێویسـتە ئـەم سیاسـەتە چـۆن بێـت؟**

- دەبێـت عێـراق هـەوڵ و کۆششـی زیاتـر بـدات بـۆ هێنانەئـارای ئاشـتەوایی و دروسـتکردنی متمانـە لـە

**حکومەتی عێراقی بەهۆی کێشەی پەیوەست بە پێدانی داهاتی نەوتەوە، بەشێک بووە لە هۆکاری ئەوەی زەحمەت بێت کوردستان بتوانێت لە رووی ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆی بوەستێت**

**متمانەکردن بە ئێران لە نێو شیعەکانیش بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بە رادەیەکی گەورە لە نێو سوننەکانیشدا متمانە بە ئێران نەماوە کە هەر لە بنەڕەتیشدا سوننەکان متمانەیەکی کەمیان بە ئێران هەبوو، ئەمە کوردیش دەگرێتەوە**

نێوان گروپە سەرەکییەکانی وڵاتەکەدا، راستە لەم رووەوە هەوڵدراوە، بەڵام دەبێت کاری زیاتر بکرێت، من نیگەرانم لەوەی کە لە ناوچە سوننەنشینەکانی عێراقدا رووداوەدات دوای نەمانی داعش لەو ناوچانەدا، ئیدی بە تەواوەتی بوونیان نەمێنێت، یاخود دووربخرێنەوە بۆ بیابان. نیگەرانی من ئەوەیە کە هەستی نادادپەروەری لای سوننەکان نەڕەوێتەوە، واتە هەستی ئەوەی کە هاوشێوەی زۆرینەی شیعە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا ناکرێت، کە ئەوەش لە ئایندەدا کێشەی زیاتر دروست دەکات و رەنگە ئەمە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش، یان هەندێ شێوەی دیکەی گروپی ئیسلامی توندڕەوەی سوننە کە پەنا بۆ توندوتیژی ببەن. هەروەها نیگەرانی هەیە لەلایەن سوننەکانەوە لەبارەی گروپەکانی حەشدی شەعبییەوە. من کارم لەسەر پرسی رای گشتی کردووە لە عێراقدا و پێدەچێت نیگەرانییەکی زۆر هەبێت لەلایەن سوننەکان لەبارەی هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە، شیعەکان بەو شێوەیە نیگەران نین، بەڵکو نزیکەی لە سەدا ٩٠ی شیعەکان متمانەیان بەم هێزانە هەیە، بەپێچەوانەوە تەنیا لە سەدا ١٠ی سوننەکان متمانەیان بەم هێزانە هەیە. کەواتە پێموایە ئاشتەوایی سیاسی لە نێوان شیعە و سوننەدا بەم شێوەیە نەهاتۆتەئاراوە کە پێویستە بۆ هاتنەدی ئایندەیەکی ئیجابی و پڕ لە تەبایی لە عێراقدا.

**یەکێک لە رێگاچارەکان پەنابردنە بۆ خەڵکانی تەکنۆکرات، کەسانێک کە مەرج نییە سەر بە بۆچوونێکی سیاسی دیاریکراو بن، بەڵکو لەبەر توانا و لێهاتوویان خەڵکی رێزیان لێدەگرن**

*** کەواتە پێتانوایە بەبێ هاتنەئارای گۆڕانکاریی سیاسیی گەورە و گۆڕانکاری لە بونیادی حکومڕانی هەر سەرکەوتنێکی سەربازی کورتخایەن دەبێت؟**

- بەڵێ، ئەوە تێڕوانینی منە، واتە دەبێت خۆبەڕێوەبەرییەکی –ئۆتۆنۆمی- مەحەلی گەورە هەبێت لە ناوچە سوننەکاندا کە مەرج نییە چوارچێوەیەکی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی بێت و هاوشێوەی ئەو دۆخە بێت کە لە کوردستاندا هەیە، چونکە بەدەستهێنانی دۆخێکی لەم چەشنە لە ناوچە سوننەکاندا زەحمەتە. بەڵکو دەبێت پرسە ئیدارییەکان و کاری پۆلیس بە چەشنێك رێکبخرێنەوە کە خەڵکەکە لەسەر ئاستی مەحەلی خۆیان ئەم کاروبارانە هەڵبسووڕێنن، هەروەها دەبێت زیاتر جەخت لەسەر دروستکردنەوەی متمانە بکرێت، بە راشکاویش دەڵێم دەبێت ئەوەندەی دەکرێت پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە بە سیاسی نەکرێت لە دوای تێکشکاندنی داعشەوە. یەکێك لە رێگاچارەکان پەنابردنە بۆ خەڵکانی تەکنۆکرات، کەسانێك کە مەرج نییە سەر بە بۆچوونێکی سیاسی دیاریکراو بن، بەڵکو لەبەر توانا و لێهاتووییان خەڵکی رێزیان لێدەگرن. -واتە پێویستە ئەم کەسانە- بۆ ماوەیەك هەڵبستن بە هەڵسووڕاندنی کاروبارەکان بۆ ئەوەی کاروبارەکان بکەونەسەر سکەی خۆیان. یەکێك لە نیگەرانییەکانی من ئەوەیە ئەم پرۆسەیە بە سیاسی بکرێت، واتە سیاسییەکان سوود لە هەستی بێبەشی وەربگرن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات کە ئەمەش دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. واتە رەنگە وا دەربکەوێت کە ئەو کەسانەی نوێنەرایەتی خەڵکەکە دەکەن لەسەر ئاستی مەحەلی، بەڵام ئەگەر بە سیاسی بکرێت ئەوا رەنگە دۆخەکە خراپتر بکات. کەواتە من کەسێکم باوەڕم وایە –بە لای کەمەوە لە مەودای کورتدا- پێویستە پشت بە شارەزایی کەسانی تەکنۆکرات ببەسترێت بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدا بوون.

**نیگەرانی من ئەوەیە کە هەستی نادادپەروەری لای سوننەکان نەڕەوێتەوە، واتە هەستی ئەوەی کە هاوشێوەی زۆرینەی شیعە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا ناکرێت، کە ئەوەش لە ئایندەدا کێشەی زیاتر دروست دەکات و رەنگە ئەمە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش، یان هەندێ شێوەی دیکەی گروپی ئیسلامی توندڕەوەی سوننە کە پەنا بۆ توندوتیژی ببەن**

*** ئەگەر بێینەسەر پرسی تایفەگەری، ئەوا ئاشکرایە کە ململانێیەکی قووڵی تایفەگەری لەم ناوچەیە لەئارادایەو لە ئێستادا ئەو میلیشیایانەی شەڕی داعش دەکەن لەعێراق و سووریادا لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند تێکشکاندنی داعش دەبێتەهۆی بەهێزکردنی دەسترۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا؟**

- حاڵی حازر ئەمە رووداوەدات و ئەمەش دەرئەنجامێکی باش نییە، ئێرانیش بەرژەوەندییەکی زۆری هەیە لەوەی تایفەگەری لە نێو شیعەکاندا بچەسپێت، لەبەر ئەوەی شیعە تایفەگەرییەکان مەیلی پشتیوانیکردنی ئێرانیان هەیە، من لە کارەکانماندا لەبارەی رای گشتییەوە ئەم دەرەنجامەم بینیوە. عێراقییەکان سەرەتا خۆیان بە عێراقی دەزانن نەك بە شیعە و سوننە و کورد و دەیانەوێت خۆیان خاوەن سەروەری بن و ئەگەر گوزارشتەکە راست بێت دەیانەوێت خۆیان جڵەوی کەشتیەکەی خۆیان بکەن. جەختکردنەوەی ئێران لەسەر دروستکردنی شوناسێکی شیعە بۆ عێراق زیانێکی زۆر بەو وڵاتە دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی دابەشبوونی تایفەگەری و ئەگەرەکانی ناکۆکیی نێوان هەردوولای شیعە و سوننە زیاتر دەکات، هەروەها ئەگەر ئێران لە عێراقدا دەسترۆیشتوو بێت، ئەوا ئەمە فشار لەسەر کوردیش دروست دەکات و ئەو کاتە کوردیش لە دۆخەکە دەڕوانن و دەڵێن بڕوانن ئەمە ئەو وڵاتە نەبوو کە ئێمە دەمانویست بێتەئاراوە و هەروەها بەگومانەوە لە ئێرانیش دەڕوانن.

کە ئەمە مەسەلەیەکە بە راستی من نیگەرانم لەبارەیەوە. هەروەها یەکێك لەو دەرئەنجامانەی کە لە توێژینەوەکانمدا بۆم دەرکەوتووە، ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی عێراقییەکان تا رادەیەکی دیاریکراو نائارام دەبن لە ئاست ئێراندا، کە ئەمە شیعەکانیش دەگرێتەوە، واتە متمانەکردن بە ئێران لە نێو شیعەکانیش بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بە رادەیەکی گەورە لە نێو سوننەکانیشدا متمانە بە ئێران نەماوە کە هەر لە بنەڕەتیشدا سوننەکان متمانەیەکی کەمیان بە ئێران هەبوو، ئەمە کوردیش دەگرێتەوە، هەروەها ئەمەریکاش. کەواتە تا رادەیەکی دیاریکراو بێزاری لە نێو عێراقییەکاندا دروست بووە لە ئاست هێزە دەرەکییەکاندا، چونکە نەبۆتەهۆی ئەوەی کە هیوایان دەکرد بێتەدی. کەواتە ئەگەر عێراق بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت بەبێ ئەوەی دەستێوەرتوویەکی زۆری دەرەکی هەبێت لە وڵاتەکەدا و ئەگەر بتوانێت ئاشتەوایی لە نێوان شیعە و سوننەدا دروست بکات، ئەوا ئەمە هۆکارێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی گەشبین بین بە ئایندەی وڵاتەکە.

*** هەروەك ئاشکرایە هەرێمی کوردستان نەبۆتە بەشێك لە کێشەی سوننەو شیعە، هەروەها کوردستان توانیویەتی دۆخێکی لەبار و گونجاو دروست بکات بۆ فرەیی ئایینی و ئیتنی و بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە، ئایا ئایندەی ئەم هەرێمە چۆن دەبینن؟**

- من پێموایە هەندێ فاکتەر لەئارادان کە دەبنەهۆی ئەوەی گەشبین بین، ئەگەرچی ئەم هەرێمە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا دووچاری دژواری ئابووری بۆتەوە کە ئەمەش بۆتە سەرچاوەی هەندێ نیگەرانی. ئەگەر کەسێکی ئەمەریکی ئاسایی لە دۆخی کورد بڕوانێت، ئەوا دەڵێت کورد یەکگرتووە، بەڵام مەرج نییە ئەمە راست بێت، چونکە دابەشبوونی قووڵ لە نێوان کوردان هەیە، هەرچەندە زۆربەیان دابەشبوونی سیاسین، بەڵام هەندێ هۆکاریش هەن کە وامان لێدەکەت تا رادەیەك نیگەران بین لەبارەی ئایندەی کوردستانەوە، دۆخە ئابوورییەکەش هاتەسەر ئەو دابەشبوون و ململانێیەی لەئارادا بوو. کەواتە گرنگە کوردستان بتوانێت لە رووی ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆی رابوەستێت. کە بەشێکی زۆری ئەم مەسەلەیەش پێوەندی بەو کارەوە هەیە کە حکومەتی عێراقی دەیکات، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی بەهۆی کێشەی پەیوەست بە پێدانی داهاتی نەوتەوە، بەشێك بووە لە هۆکاری ئەوەی زەحمەت بێت کوردستان بتوانێت لە رووی ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆی بوەستێت. هەروەها یەکێکی دیکە لەو مەسەلانەی کە سەرنجم داوە — کە من پێی ناڵێم سەرچاوەیەکی گەورەی نیگەرانی- ئەوەیە کە ژمارەیەکی کەم -بەڵام ناکرێت بڵێین بێبایەخ- هەن لە کوردستاندا کە هاوسۆزن لەگەڵ داعشدا، واتە مەسەلەکە ئەوەیە نییە کە خەڵکی پێیانوایە کورد لە سەدا سەد دژ بە داعشن، من نازانم ئایا ئەم رێژەیە زیاتر دەبێت یان دەبێتە فاکتەرێکی ئەمنی گرنگ، بەڵام دەتوانین بڵێین هێشتا ئەمە روونەداوە، بەڵام ئەگەر دۆخە ئابوورییەکە بەردەوام بەرەو خراپبون بچێت، ئەوا دەبێت ئەم مەسەلەیەش لەبەرچاو بگرین، چونکە نابێت بوار بدرێت کە دۆخی ئابووری ببێتەهۆی هەڵکشانی توندڕۆیی سوننە لە کوردستانی عێراقدا.

*** ئێوە باستان لەوەکرد کە کێشەی دابەشکردنی داهاتی نەوت هەیە لە نێوان کوردستان و عێراقدا، لە ئێستاشدا هەرێمی کوردستان پێیوایە مافە دەستوورییەکانی لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە پێشێل کراون، بەو پێیە ئەو بۆچوونە دروست بووە کە چیتر پێویست ناکات کوردستان وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە، ئایا چۆن لە هەنگاونانی کورد بەرەو سەربەخۆیی دەڕوانن؟**


- من ناڵێم ئەمە هەنگاوێکی باشە لەم ساتەوەختەدا، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێگە لاوازەی ئێستا عێراقی تێدایە، رەنگە لە داهاتوودا بیرۆکەیەکی باش بێت، بەڵام لە ئێستادا دۆخەکە لە عێراقدا ئەوەندە لەرزۆکە کە پێموایە هەنگاوهەڵگرتن بەرەو سەربەخۆیی کاریگەری لەسەرتاسەری عێراقدا لێدەکەوێتەوە و دەبێتەهۆی داڕووخانی رەوشەکە. رەنگە روانگەی هەرێمی کوردستان ئەوەبێت کە لە ئێستادا حکومەتی عێراقی لاوازە و پێویستە لەم کاتەدا کار بۆ سەربەخۆیی بکرێت. بەڵام ئەگەر عێراق کێشەی بۆ دروست بێت، بەهۆی سەربەخۆبوونی کوردستانەوە، ئەوا کوردستانیش بەهۆی ئەو سەربەخۆییەوە کێشەی بۆ دروست دەبێت، لەبەر ئەوە ئەوەندەی پەیوەستە بە عێراقەوە ئەوا کارکردن بە ئاڕاستەیەکدا کە ببێتەهۆی نغرۆبوونی کەشتیەکە دەرئەنجامێکی باشی نابێت. لە رووی سیاسییەوە من کەسێکی ئەنتی کورد کورد نیم و باوەڕم بە مافی بڕیاردانی چارەنووسە، بەڵام وەك کەسێك کە خوازیاری هاتنەئارای باشترین دەرئەنجامم بۆ سەرجەم عێراق، ئەوا رەنگە ئەمە کاتی گونجاو نەبێت بۆ ئەوەی رووبدات.

**جەختکردنەوەی ئێران لەسەر دروستکردنی شوناسێکی شیعە بۆ عێراق زیانێکی زۆر بەو وڵاتە دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی دابەشبوونی تایفەگەری و ئەگەرەکانی ناکۆکیی نێوان هەردوولای شیعە و سوننە زیاتر دەکات**

**ئیدارەی ئەمەریکا هەست بە فشارێکی زۆر ناکات لەلایەن خەڵکی ئەمەریکاوە بۆ دارشتنی سیاسەتێکی تۆکمە لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**ئەمەریکا کارێکی زۆری پێناکرێت و ئەو چەکانەشەی کە بۆ سعودیەی دەستەبەری دەکات، بەو شێوەیە بەکارناهێنرێن کە ئەمەریکا خوازیارە بەکاربهێنرێن**

# ناسنامە.. گەڕان بەدوای پێناسەکردن و گەیشتن بە قۆناخی بەدیهێنان



سەلاح بەدرەدین
بۆ گوڵانی نووسیوە

دوابەدوای بەدیهێنانی فیدراڵی و ئاساییکردنەوەی بارودۆخ، سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە گەڕان بەدوای ناسنامەی گەلەکەی لای خاوەنەکانی چارەسەر و لایەنی پێوەندیدار، بۆ ئەمەش گۆڕەپانی نێودەوڵەتی تێپەڕاند، لەمیانی گەشتێکی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نیسانی ٢٠٠٠ و سەرپەرشتیکردنی کۆنفرانسی (گەڕان بە دوای ناسنامە) بە بۆنەی کردنەوەی ناوەندی مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی لە زانکۆی واشنتۆن بە بەشداریی بژاردەیەکی بەرچاوی ئەمریکا لە نوێنەرانی رای گشتی و نزیك لە سەرچاوەکانی بڕیار، ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی تازە لە هۆشیاربوونی کاری سیاسی و دیبلۆماسیی کوردی لە کوردستانی عێراق، هەروەها هەوڵدان بەدوای تەواوکردنی بەدیهێنانی مافی چارەنووس گەیشتۆتە ئاستێکی باڵا لە تێگەیشتنی هاوکێشەی نێودەوڵەتی، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی پەرەپێدانی ژێرخان و ئاوەدانکردنەوە لە کوردستان بە پشتبەستن بەو سامانەی لە پشکی هەرێم لەبەردەستدایە، دوای زیاتر لە سەدەیەك لە وێرانکاری وای کرد کە چاودێران گەشبین بن بە ئایندەی فیدراڵیی هەرێم.

لایەنێکی دیکە کە دەرفەتەکانی سەرکەوتنی ئەزموونی تازەی کوردستانی بەهێزکرد بەو ناوەی کە مۆرکێکی تایبەتی ئاشتیخوازانەی هەیە لە شێوەی رێبازەکانی دیکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی عێراق، بەتایبەتیش ئەوەی کە سەرکردەی مێژوویی نەمری کورد مەلا مستەفا بارزانی بناغەی داڕشت، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای لێکگەیشتن و سازان و پێکەوەژیان لەگەڵ دەوروبەر دامەزراوە نەك لەسەر هاوکێشەی هێزو ململانێ و سەرکێشیی، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە لەکاتی سەردانەکەی بۆ ئەمریکا، سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ گەڕان بەدوای ناسنامەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە بواری خستەڕووی پوختەی روون و ئاشکرای ئەزموونی کوردستان کە خۆی دەبینێتەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ئابووریی ئازاد و لێبووردنی ئایینی و یەکدی قبوڵکردنی نەتەوەیی و ئازادیی ئافرەت و بەلاوەنانی توندوتیژی و رووبەڕووبوونەوەی هەموو شێوازێکی تیرۆر لەپاڵ پابەندبوون بە مافی چارەنووسی وەك هەموو گەلانی جیهان.

ئەمڕۆ دوو دەیە بەسەر گەشتەکەی بەڕێز نێچیرڤان بۆ گەڕان بەدوای پێناسەدا تێدەپەڕێت، هەرێمی کوردستانیش رووبەڕووی قۆناخێکی مەترسیدارو هەستیار دەبێتەوە، هەنگاوەکانی یەکەمی تەواودەکات و رێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم ناونیشانی قۆناخێکی تازە لەبەردەم گەلەکەی و هەموو جیهان دادەڕێژێت ئەویش (بەدیهێنانی ناسنامە)یە لە چوارچێوەی مافی چارەنووسی بە هەموو ئەو تواناو هەوڵ و تەقەلایانەی کە پێویستن، دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لە هۆشی مرۆڤی کوردستانی هاتۆتە ئاراوە، هەروەها ئەو پەرەسەندنانەی لە رووداوەکانی ناوخۆ و عێراق و وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانی سەریانهەڵداوە، ئەوەش لەبەرچاوگیراوە چۆن بەرەنگاری تەحەدیگەلی ناوخۆیی و دەرەکی دەبنەوە لەسەرووی هەمووشیانەوە شەڕی دژ بە داعش.

**تەواوکردنی ئەرکی مەرجەکانی (بەدیهێنانی ناسنامە)**

لەسەر ئاستی ئەزموونەکانی گشت بزووتنەوەکانی رزگاریخوازیی گەلاندا زانراوە کە پرەنسیپی مافی چارەنووسی کە مرۆڤایەتیی لەوەتەی سەدەکانی رابردوو پێی قایل بووەو لە پرەنسیپەکانی (ویلسۆن)دا خۆی نواندووەو شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیستیش پشتی پێ بەستووەو بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك بناغەیەکی نەگۆڕ چەسپاندی، بەتایبەتیش دوای هەردوو جەنگ و رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، ئەمە بە شێوازی جیاجیا بەپێی ئیرادەی گەلانی ئازاد کاری پێکراوە وەك مەرجێکی بنەڕەتی نموونەی کۆنفیدرالی و فیدرالی و ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزی..تاد، کە زیاتر لە شێوازە نموونەییەکەدا خۆی دەخاتەڕوو ئەویش ئازادی و سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەتە، لە حاڵەتی کوردیی عێراقدا بە تایبەتی، دەبینین گەلی کوردستانیش بە ویستی ئازاد و بە رێکەوتن لەگەڵ عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق لەوەتەی سێ دەیەیە سیستەمی فیدرالی هەڵبژاردووە، ئەو بژاردەیەش لە کاتی خۆیدا چارەسەرێکی باش بووە، بەڵام مەرج نییە تا هەتایە هەر بەردەوام بێت، بەڵکو قابیلی پێداچوونەوەو گۆڕانکاری

و پەرەسەندنە بەپێی هاوكێشەكانی هێزە كوردستانی و عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەكان.

دیارە چەند مەرجێكی بنەڕەتی پێویستە هەبن تاكو چارەسەركردنی كێشەی نەتەوەیی كورد لە كوردستانی عێراق سەركەوتوو و یەكلاكەرەوەو دادپەروەرانە بێت و لە ئیرادەی زۆرینەی گەل هەڵقوڵابێت، یەكەم مەرجیش هێناكایەی كۆدەنگیی ناوخۆیە بە ڕێكەوتنی نێوان پێكهاتە نەتەوەییەكان و ڕەوتە سیاسییەكان، ئەمەش مەرجێكی سەركەوتووە لەوتەی یەكەم ڕاپرسییەوە بەر لە چەند ساڵێك، بە چاوپۆشین لە هەڵوێستە حزبییەكان و ئەو كۆسپانەی كە كاتیی بوون و لە سۆنگەی بەرژەوەندیی تەسكی حزبایەتی و كەسێتییەوە هاتبوونە ئاراوە، بەڵام لە ئێستادا كاریگەرییان نییە، مەرجی دوومیش سازانی نیشتمانیی عێراقییە لەگەڵ شەریكەكانی وڵات، بۆیە لەبەر چەند هۆیەك لەوانە كۆنترۆڵكردنی ناوەندەكانی هێزی شیعە كە جومگەكانی حوكمڕانییان لە بەغدا بە دەستە و هەوڵدەدەن دیكتاتۆرییەتی تایفی و نا سەربەخۆیی بچەسپێنن، هەروەها گوێڕایەڵییان بۆ بڕیاری ئێران دژ بە مافەكانی كورد، دەبینین ئەو مەرجە تا ڕادەیەك سستی دێنێتە ئاراوە، بەڵام مەرجی سێیەم كە فاكتەرێكی یاریدەدەرو كاریگەر دەبێت، ئەویش دانپێدانانی نێودەوڵەتیی و یاساییە لەگەڵ پشتیوانیی ئابووری و ئەمنی، بەڵام نابێ ئاكارە نێگەتیڤەكانی ئەو فاكتەرە نادیدە بگرین بەهۆی تەگەرە نێودەوڵەتییەكانی ئەم سەردەمە و ناسەقامگیریی سیاسەتەكانی ئیدارەی تازەی ئەمریكی و هەڵكشانی فراوانخوازیی ڕووسیا كە بۆچوونێكی دوژمنكارانەی هەلپەرستانەی هەیە، هاوكات ململانێی هێزەكان و گواستنەوە بۆ قۆناخەكانی بنیاتنانی سیستەمی تازەی جیهانی كە تا ئێستا ئاكارەكانی ڕوون نەبوونەتەوە.

ئەوەی پەیوەستە بە فاكتەری دەرەكییەوە- نێودەوڵەتی، كوردی جیهان بە گشتی و كوردی عێراق بەتایبەتی ئەزموونێكی تاڵیان هەیە، دیارترینیان ئەوەیە كە یەكێتیی سۆڤێتیی جاران پشتی لە كۆماری دیموكراتیی كوردستان لە مەهاباد كرد، هەروەها خیانەتی ئیدارەی ئەمریكا بەرامبەر شۆڕشی ئەیلول و سەركردەكەی، كاتێ هێنری كێسنجەر وەزیری دەرەوە بوو، ئەمە لە ڕاپۆرتەكەی (بایك) سەپێنراوە، بۆیە هیچ سوودێكی نابێت كە پشت بە بەڵێنی دەوڵەت و ڕژێمەكان ببەستین، ئەدی ئەگەر تەنیا گوێگرتن و بێدەنگیی بێت لە ئاست باسكردنی پرسی مافی چارەنووسی گەلی كوردستانی عێراق، بێدەنگییش هەموو جارێك نیشانەی ڕازیبوون نییە، لە كۆتاییشدا ئەم فاكتەرە بە هەموو گرنگییەكەیەوە ڕووبەڕووی قازانج و زیان دەبێتەوە لە جیهانی بەرژەوەندییەكاندا (گەمەی نەتەوەكان) هەروەها كاریگەریی بۆ سەر ئەم هاوكێشەیە دەوەستێتە سەر ئاستی سەركەوتنی دیبلۆماسییەتی كوردی لە نزیكبوونەوە لە دۆستەكان و قایلكردنیان بە سوودی هاوكاریكردن و قۆستنەوەی بەرژەوەندیی لەسەر ئەرزی واقیعدا. لەبەردەم ئەم دیمەنەشدا لەسەر سەركردایەتیی هەرێم و بەتایبەتیش سەرۆك مسعود بارزانی كە لەلایەن گەلەكەیەوە جێگەی ڕێزو پێزانینەو كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ڕێزی تایبەتیی دەگرێت، پێویستە ئەو لەمپەرو تەگەرانە لابەرێت و مەرجەكان دەستەبەربكات، دیارە ئەویش هەر بەو ئاراستەیە بەردەوامەو لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بۆ ساتەوەختێكیش درێخی ناكات، ئەو هیچ دەرگایەك نەماوە لێی نەدابێت و لە هەموو كۆبوونەوەیەكی نێودەوڵەتیش ئامادەیی هەبووەو هەیە و بە ئەمانەتەوەش خواست و ئامانجە ڕەواكانی گەلەكەی خستۆتەڕوو، لێرەدا ئەوەمان بیردەكەوێتەوە ئەگەر نیوسەدە بگەڕێینەوە دواوە دەبینین چۆن بارزانیی نەمر لە هەوڵ و كۆششدا بووە بۆ بەلاوەنانی لەمپەرەكان و دواجار گەیشتن بە مۆسكۆ لەسەردەمی سەرۆك نیكیتا خرۆشۆف دوای ئەوەی ئازارو مەینەتیی هاوڕێكانی لە تاراوگە زۆر ماندووی كرد، تا كار گەیشتە ئەوەی بچێتە بەردەم دەرگاكانی كرملین تا بە دوو دەست لە دەرگا ئاسنینە داخراوەكە بدات و پڕ بەدەم هاواربكات بەڕووی پاسەوانەكان و خۆی پێیان بناسێنێت و داوای دیداری سەرۆك بكات تاكو ئەوەی دواتر ویستی بۆی هاتەدی.

كێشەی گەلان بە مافی چارەی خۆنووسین و ئازادیی هەڵبژاردنەوە وێڕای ڕەوایەتی و دادپەروەرێتی بەبێ بوونی مەرج و هۆكارە خودی و بابەتییە ناوخۆیی و دەرەكییەكان چارەسەر ناكرێن، بۆیە پشتگوێ خستن و تێپەڕاندن باجێكی زۆر دەخاتە سەر ئەو گەلانە، من لەگەڵ ئەوانەدا نیم كە داوادەكەن چ بە نیازپاكی یان بە بەدپاكی هەنگاو بەخێرایی و ڕەمەكییانە بنێن، ئەوانەش هەڵەن كە پێیانوایە و پێدادەگرن لەسەر ئەوەی پێویستە لەئێستادا سەربەخۆیی ڕابگەیەنرێت یان بەیەكجاری واز لەو بیرۆكەیە بهێنن، چونكە ئیرادەی ئازادبوون لە جەورو ستەم و چەوسانەوە هەردەم لە ناخدا زیندووە، بانگەوازی ئازادی لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكە دەگوازرێتەوە تا ئەو كاتەی كە دێتەدی، هەرێمی كوردستانیش لە قۆناخێكدایە پڕە لە سوپرایس چ لە ڕووی ئیقلیمی یان نێودەوڵەتییەوە و ئومێدیشی بە سەركردایەتییە داناكەی و گەلە خۆڕاگرەكەی هەیە، هەروەها بە پێشمەرگە دلێرەكەی كە خاوەن بیروباوەڕی سەربازیی داكۆكیكارانەیە لەسۆنگەی چەمكەكانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی كوردستانی و شۆڕش دژی ستەم و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، هەروەها قوربانیدان لەپێناو بەختەوەریی گەل و بەرگریكردن لە بوون و مافە ڕەواكانی و پابەندبوون بە پرەنسیپەكانی مافی مرۆڤ و پاراستنی ئاشتیی ناوخۆو پێكەوەژیان لەنێوان هەموو نەتەوەو پێكهاتەكان، لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەی كوردستان هەمیشە وەك پارێزەرێكی بەوەفای ئامانج و پرەنسیپەكان دەمێنێتەوە، هاوكات دەبێتە ئامرازو فاكتەرێكی كارا و ڕاستەقینەی (بەدیهێنانی ناسنامە).

**لایەنێكی دیكە كە دەرفەتەكانی سەركەوتنی ئەزموونی تازەی كوردستانی بەهێزكرد بەو ناوەی كە مۆركێكی تایبەتی ئاشتیخوازانەی هەیە لە شێوەی ڕێبازەكانی دیكەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی كوردستانی عێراق، بەتایبەتیش ئەوەی كە سەركردەی مێژوویی نەمری كورد مەلا مستەفا بارزانی بناغەی داڕشت**

**دوو دەیە بەسەر گەشتەكەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ گەڕان بەدوای پێناسەدا تێدەپەڕێت، كوردستانیش ڕووبەڕووی قۆناخێكی مەترسیدارو هەستیار دەبێتەوە، هەنگاوەكانی یەكەمی تەواودەكات و ڕێزدار مسعود بارزانی ناونیشانی قۆناخێكی تازە لەبەردەم گەلەكەی و هەموو جیهان دادەڕێژێت ئەویش (بەدیهێنانی ناسنامە)یە**



## ڕەبان یەعقوب باباویی

بەرپرسی دێر مار یوحناو کەنیسەی قەرەقۆش بۆ سریانی ئارسۆدۆکس:

# جگە لە هەرێمی کوردستان بستێک لە خاکی عێراق نەماوە کە مەسیحییەکان بەئارامی تێیدا بژین

ئاشکرایە کە جگە لە هەرێمی کوردستان مەسیحییەکان پەناگەیەکی ئارامیان لە عێراقدا بۆ نەماوەتەوە بۆ ئەوەی لە سایەی سەقامگیری ژیان بەرنەسەر، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەوان هێشتا ئومێدیان زۆرە لە دەشتی نەینەوا نەوایەکی ئارام و سەقامگیریان بۆ دامەزرێت، بۆ ئەوەی چیدیکە خێزانە مەسیحییەکان بەلێشاو روو لەهەندەران نەکەن، ئەم باسەو چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەرەی سەرەکیی دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ ڕەبان یعقوب باباویی بەرپرسی دێر مار یوحەنناو کەنیسەی قەرەقۆش بۆ سریانی ئارسۆدۆکس، کە لێرەدا دەقی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.

*** ئێوە وەکو پیاوانی ئایینی مەسیحی تا چ رادەیەك توانیوتانە رووبەڕووی فیکری توندڕۆیی ئایینی ببنەوە؟ ئایا بۆچی نەتوانراوە لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەهاوشێوەی هەرێمی کوردستان رێگە لەو فکرە توندڕۆییە بگیرێت؟**

- مەسەلەی پێکەوەژیان و کەلتووری لێبووردەیی لە نێوان ئایین و ئایینزاکان لەکوردستاندا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، تەشەنەکردنی ئەم کەلتوورە لەلایەن هاووڵاتیانی رەسەنی کوردستان و سەرکردەکانیانەوە هەنگاوی گەورەی بڕیوەو گەیشتۆتە قۆناغێکی گرنگ، ئەم واقیعی پێکەوەژیانەش لەنێوان ئایین و ئایینزاو نەتەوەو مەزهەبەکاندا بەتەواوەتی لەکوردستاندا دەرکەوت، کاتێك لەعێراق و تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فیکری توندڕۆیی و دەمارگیری ئایینی سەریهەڵداوماڵوێرانی و کوشتن و رفاندن و سەربڕینی هاووڵاتیانی سڤیلی لێکەوتەوە و تەنانەت کار گەیشتە دەستدرێژکردنە سەر شەرەف و ئابڕووی هاووڵاتیانیش، لە شارێکی وەکو موسڵ هێرشکرایە سەر کەنیسەو دێرە پیرۆزەکان، تەنانەت پیاوانی ئایینیش لەو هێرشانە بەدوور نەبوون، ئەوەبوو سەرەتا ئەبونا بۆڵس و رەغید و مەتران فەرەج شەهید کران، دواتر زۆربەی خێزانە مەسیحییەکان هەڕەشەی رفاندن و کوشتنیان لێکرا، لەگەڵ ئەمەشدا کوردستانیش بەدوور نییە لە مەترسیی تەشەنەکردنی فیکری توندڕۆیی و دەمارگیری، بەڵام ئێمەی پیاوانی ئایینی مەسیحی ئومێدمان زۆرە بەخەڵکی کوردستان، چونکە هەروەك چۆن پێشمەرگە لەشەڕی داعش سەرکەوت، هەرواش گەلی کوردستان دەتوانن رووبەڕووی ئەو فیکرە نامۆیە بەکۆمەڵگەی کوردستان ببنەوە، ئەم فکرە توندڕۆییەی داعش بەرهەمی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو رەگ و ریشەیەکی قووڵی هەیە و لەناو خەڵکدا تەشەنەی کردووە، لەمەشدا پیاوانی ئایینی مەسیحی و ئیسلامی و ئێزیدی و هەموو تائیفەو بۆچوونە جیاوازەکان رۆڵی جوامێرانەیان دەکەوێتە سەرشان، ئەویش بەچاندنی رۆشنبیری و فەرهەنگی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و یەکتر قبووڵکردن، بەتایبەتی لەنێوان باوەڕدارانی ئایینە ئاسمانییەکاندا، بەشێوەیەك رێزو بەهێزکردنی پێوەندییەکان جێگای رق و کین و کاری تاوانکاری بگرێتەوە. ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی مەسیحی سوپاسی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاك نێچیرڤان بارزانی دەکەین کە پاڵپشتییەکی زۆریان لە مەسیحیەکان کردووە و دەروازەکانیان واڵاکرد لەبەردەم لێقەوماوەکان و ئاوارە مەسیحییەکاندا، بە رادەیەك بەهەموو تواناو رێگایەك ویستیان رێز لەو خێزانە ئاوارەو پەناهەندانە بگرن کە لەناوچەکانی تری عێراقدا روویان لەهەرێمی کوردستان کرد بەتایبەتی لە پێکهاتەی مەسیحی، من پێموایە پابەندبوونی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبە کوردستانییەکانی دیکە بە پێکەوەژیان و ئارامی و سەقامگیری بەهۆی ئەوەیە کە دوای ئەجیندەو مەرامی وڵاتانی دەرەکی نەکەوتوون و کار بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری و پێکەوەژیان دەکەن. بوونی جەنابی مسعود بارزانی و حزبی نیشتمانپەروەر و کەسانی دڵسۆز رێگرە لەبەردەم تەشەنەکردنی فیکری داعشی، بڕیاری وەزارەتی رۆشنبیری بۆ رێکخستنی گوتاری مزگەوت هەنگاوێکی باشە بەو ئومێدەی بڕیارو رێنمایی تریش دەربکات، پێویستە گوتاری مامۆستای ئایینی دوور بێت لەدەمارگیری و توندوتیژی و هاندانی خەڵکی بۆ ئەنجامدانی کاری نەشیاوی دوور لەئایینەوە.

*** بەڵام ئەمڕۆ فیکری توندڕۆیی ئایینی و توندوتیژی توانیویەتی زیانی گەورە بگەیەنێتە ئایین و ئایینزاکان بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگەکانی مەسیحی و کوردی ئێزیدی؟**

- بەڵێ، راستە فیکری توندڕۆیی زیانی گەورە و خراپی بە کۆمەڵگەکانی عێراق و تەواوی ناوچەی موسڵ گەیاندووە، لەمەشدا کۆمەڵگەی عێراقی زیانی گەورەی بەرکەوتووە، ئەمڕۆ کاری رفاندن و کوشتن و دەرکردن و داگیرکردنی خاك و ماڵ و موڵکی کەمینە ئایینیەکان بووەتە دیاردەیەکی مەترسیدار، تەنانەت لەشاری موسڵ مەسیحییەکان لەوەزیفەی حکومیشدا لەلایەن یەکە ئیداری و بەڕێوەبەرەکانەوە نادادپەروەرییان دەرهەق دەکراو بەناڕاستەوخۆ ناچار دەکران دەستبەرداری وەزیفەکانیان ببن، ئەوە بوو دەرئەنجام مەسیحییەکان لەنەینەواو دەشتی نەینەواو تەواوی خاکی عێراقدا بستێك خاکیان نەماوەتەوە بەئارامی تێیدا بژین، مەسیحییەکان خەڵکی رەسەنی ناوچەکەن، تەنانەت

**ئێمە ئەزموونی کوردستان بەرز هەڵدەسەنگێنین و پیاوانی ئایینی مەسیحیش بەچاوی رێزو تەقدیرە دەڕواننە ئەم ئەزموونە کە سەرەڕای کەموکورتییەکانی لەناوچەکەدا ئومێدی گەورەی لەسەر هەڵدەچنرێت**

**ئەگەر فیکری داعش و توندڕۆیی مەترسی بێت بۆ سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەوا لەسەر کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان دوو ئەوەندە مەترسی هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ بوونی گرووپی توندوتیژ و دەمارگیر و بەردەوامیی سیاسەتی مەزهەبگەرایی**

**ئێمە قوربانییەکانی پێشمەرگەو سەربازە عێراقییەکان لەموسڵ و دەشتی نەینەوا بەرز دەنرخێنین، پیاوانی ئایینی مەسیحی لەهەموو نزاکانیاندا داوا لەخوای گەورە دەکەن پێشمەرگە سەربخات و بیپارێزێت لە تیرۆرستان و ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرەی کە سیاسەتی دەرەکی دەیجووڵێنێت**

لەهەموو پارێزگایەکی عێراقدا شوێنەوارمان هەیە لەنەجەف و بەسرەو بەغدا، هەربۆیە تەنیا پێگەیەکی ئارام مابێتەوەو روویان تێ کردبێت، هەرێمی کوردستانە، ئێمە وەکو پێکهاتەی مەسیحی نامانەوێت ببینە بەشێك لەو ململانێی توندەی لەنێوان عێراق و کوردستان هەیە، یا ئەو ململانێیەی لەنێوان حزبە عێراقییەکاندا هەیە، ئێمە زیانمان بۆ کەس نییە، پێویستیمان بەدەسەڵاتی یاسا هەیە کە پارێزگاری لەتایبەتمەندێتی پێکهاتەی گەلی کوردستان بکات.

*** وەکو پیاوانی ئایینی مەسیحی بەشداریتان لەو کۆنگرەیە کرد کە لەنێوان مامۆستاو پیاوانی ئایینی لەکوردستان بەڕێوەچوو، ئایا بەستنی ئەمجۆرە کۆنگرانە رۆڵیان لە هۆشیاریی ئایینی دەبێت؟**

- مەسەلەی هۆشیاریی ئایینی و گەڕانەوە بۆ دەقە راستەقینەکانی ئایینی کە وادەکات مرۆڤ لەئارامی و ئاسوودەییدا بژی و کەرامەت و مافی پارێزراو بێت، گرنگترین خاڵە بۆ دژایەتیکردنی فیکری توندڕۆیی ئایینی کە بۆ مەرام و مەبەستی بەرژەوەندی تایبەتی و حزبی و ئەجیندەی دەرەکی رەواج بەو فکرە دەدرێت و وا لەکۆمەڵگەکان دەکات رێز لەتایبەتمەندییەکانی بەرامبەر نەگرێت، لەکاتێکدا تەنیا خوای گەورە ئەو مافەی هەیە بڕیار لەسەر باوەڕداریی مرۆڤەکان بدات، لەناو هەموو دەقە پیرۆزە ئاسمانییەکاندا باس لەرێزگرتن لە مرۆڤایەتی کراوەو داواکراوە رێز لە تایبەتمەندێتی بەرامبەر بگیرێت، خوای گەورە داوامان لێدەکات هەروەکو چۆن حەز دەکەین رێزو خۆشەویستیی بەرامبەرمان هەبێت، هەرواش پێویستە ئێمەش سەرەتا هەمان هەڵوێستمان بەرامبەریان هەبێت. لەکۆنگرە ئایینییەکانیشدا باس لەم تەوەرانە دەکرێت و پیاوانی ئایینی کۆدەکاتەوە تاوەکو رێگا لەو دەمارگیری و توندوتیژییە بگرن کە بەناوی ئایینەوە ئەنجام دەدرێت.

*** واقیعی مەسیحی و کوردی ئێزیدی لەتەواوی پارێزگاکانی عێراقدا بەتایبەتی لەپارێزگای نەینەوا لەوە دەرچووە کە تەنیا بە پیاوانی ئایینی چارەسەر بکرێت، ئەمڕۆ لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا تۆوی دووبەرەکی و فیتنەو ئاشوب دەرچووەو چەندین حزبی ئیسلامی سیاسی و ئەجیندەی تائیفی تێکەڵ بەو کارە قێزەونانە بووە کە ئەمڕۆ داعش و گرووپە تەکفیرییەکان دەرهەق بەو تائیفانەی دەیکەن، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئێوە بۆچی داواناکەن هاوپەیمانەکان لەناوچەی دەشتی نەینەوا نەوایەکی ئارام و سەقامگیرتان بۆ زامن بکات و بیپارێزێت؟**

- لەناوبردنی پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقی گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار کە پێویستی بەدەستتێوەردان و هاوکاریی وڵاتانی هاوپەیمان هەیە، پێویستی بەدەنگی عەقڵانیی زاناو مامۆستاو پیاوانی ئایینی هەیە، پێویستی بە رووبەڕووبوونەوەی ئەو تاقم و گرووپە تەکفیرییانە هەیە، کە گوێ لەدەنگی هەق و دەقە پیرۆزەکان ناگرن، ئەوان تازە خزاونەتە ناو گێژاوی بەرژەوەندیی تەسکی دنیایی و ئەجیندەی وڵاتانی دەرەکییەوە، مەسیحییەکان لەدەشتی نەینەوا لەدۆخێکی باشتردا نەبوون بەو پێیەی ئەم ناوچانە بەناوچە کێشە لەسەرەکان دادەنران و نە حکومەتی مەرکەزی ئاوڕی لێدەدانەوە و نە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەتوانایدا هەبووە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابین بکات، هەربۆیە زۆربەی خێزانە مەسیحییەکان لەم ناوچانە کۆچیان کردووەو بەشێکیان روویان لەهەرێمی کوردستان کردووە تاوەکو لەوێستگەی دووەمدا روو لە دەرەوەی وڵات بکەن، چونکە ئەوان هەست بەئارامی و سەقامگیری ناکەن، دۆخی مەسیحییەکان لەو ناوچانەی پێشمەرگە باڵادەستە تێیدا باشترە، بەڵام لەوێش لەخزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بێبەشن، ئەمڕۆ لەناو سەنتەری شاری موسڵ و قەزای حەمدانیەو بەرتڵە کەسانێك هەن فیکری داعشیان هەڵگرتووەو هەر ئەوانیش بوون کاتێك داعش هات پێشوازییان لێکردو بەسووتاندن و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکی مەسیحییەکان ئەو رق و کینەیەی لەناخیاندا بوو، بەسەر خەڵکە سڤیل و رۆشنبیرە مەسیحییەکاندا تەقییەوە. لەناوبردنی شوێنەوارو کەنیسەو دێرو شوێنە پیرۆزەکان و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکی خەڵکی و هێرشکردنە سەر پیاوانی ئایینی ئەمەش تەواوکردنی ئەو ئەجیندە دەرەکی و دەستتێوەردانەیە کە پێشتر وایکرد مەسیحییەکان کۆچ بکەن لەبەغداو بەسرەو شارەکانی تری عێراق تەنانەت لە نەجەف و کەربەلاشەوە. مەسیحی لەعێراقدا هەروەك چۆن لەکوردستاندا

**پێویستە هێزە نیشتمانپەروەرەکان وەک پێشمەرگە هاوکاری مەسیحیەکان بکەن بۆ ئەوەی ناوچەکانیان بپارێزن و جارێکی دیکە رووبەڕووی شاڵاوی کوشتن و دەرکردن نەبنەوە**

**ئەمڕۆ لەناو سەنتەری شاری موسڵ و قەزای حەمدانیەو بەرتڵە کەسانێک هەن فیکری داعشیان هەڵگرتووەو هەر ئەوانیش بوون کاتێک داعش هات پێشوازییان لێکردو بەسووتاندن و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکی مەسیحییەکان ئەو رق و کینەیەی لەناخیاندا بوو، بەسەر خەڵکە سڤیل و رۆشنبیرە مەسیحییەکاندا تەقییەوە**

**هۆشیاری ئایینی و گەڕانەوە بۆ دەقە راستەقینەکانی ئایینی کە وادەکات مرۆڤ لەئارامی و ئاسوودەییدا بژی و کەرامەت و مافی پارێزراو بێت، گرنگترین خاڵە بۆ دژایەتیکردنی فیکری توندڕۆیی ئایینی کە بۆ مەرام و مەبەستی بەرژەوەندی تایبەتی و حزبی و ئەجیندەی دەرەکی رەواج بەو فکرە دەدرێت**

کوردستانییە بەهەمانشێوە لەعێراقدا عێراقییە، هەربۆیە ئەمە لەگەڵ فیکری توندڕۆیی و ئەجیندەی مەزهەبی وڵاتانی دراوسێدا ناگونجێت، ئەو ئەجیندانەی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەپێش هەموو بەها مرۆیی و ئایینی و نەتەوەییەکاندا ریزبەند کردووە. سەبارەت بە نەوایەکی ئارام لەدەشتی نەینەوا بەتەئکید بوونی ئەو ناوچە ئارامە بۆ ئێمە گرنگە، چونکە سەرەتا نەزیفی کۆچی مەسیحیەکان رادەگرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی تا ئێستا حکومەتی مەرکەزی کە سەرەڕای ئەوەی ناوچەکانی دەشتی نەینەواوی بە (منکوب) وەسف کرد، کەچی هیچی پێشکەش نەکردووە، گەڕانەوەی خێزانە مەسیحییەکان بۆ ئەم ناوچانە بەستراوەتەوە بەبوونی ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیرو خۆشگوزەرانەوە، دواتر پێویستە هێزە نیشتمانپەروەرەکان وەك پێشمەرگە هاوکاری مەسیحیەکان بکەن بۆ ئەوەی ناوچەکانیان بپارێزن و جارێکی دیکە رووبەڕووی شاڵاوی کوشتن و دەرکردن نەبنەوە، ناوچەی دەشتی نەینەوا پێویستی بە دووبارە خۆئامادەکردنێکی فیکری و ئەمنی و خزمەتگوزاری هەیە، بەبێ ئەم زەماناتەش زەحمەتە خێزانە مەسیحیەکانی دەشتی نەینەوا بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. من کەسێکی سیاسی نیم و لە رێککەوتنە سیاسییەکان شارەزاییم نییە، بەڵام ئومێدم وایە هەردوو لا لە حکومەتی ناوەندی و هەرێم بگەنە رێککەوتنێکی وا کە ئارامی و سەقامگیری لە دەشتی نەینەوا بگەڕێنێتەوەو رێز لە ئایین و ئایینزاو نەتەوەکان بگیرێت و ژیانێکی باشتریان بۆ زامن بکات، ئێمە قوربانیەکانی پێشمەرگەو سەربازە عێراقیەکان لەموسڵ و دەشتی نەینەوا بەرز دەنرخێنین، پیاوانی ئایینی مەسیحی لەهەموو نزاکانیاندا داوا لەخوای گەورە دەکەن پێشمەرگە سەربخات و بیپارێزێت لە تیرۆرستان و ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرەی کە سیاسەتی دەرەکی دەیجووڵێنێت، هێزی پێشمەرگەو سەرکردایەتییەکەی پەندو وانەیەکی گەورەیان وەرگرت لەو ماڵوێرانی و دووبەرەکییەی کە ئێستا لەعێراقدا بوونی هەیەو بووەتە هۆکاری وێرانبوون و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەکە.

*** بۆچی لە رێگەی پاپای فاتیکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە داوا ناکەن هێزەکانی هاوپەیمانان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهاوشێوەی پلانی مارشاڵ ناوچەی دەشتی نەینەوا ئاوەدان بکەنەوە؟**

- ئێمە پێویستمان بەهەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، سەرەتا پێویستە ململانێی نێوان هەردوو حکومەت چارەسەر بکرێت، عێراق و کوردستانیش وڵاتێکی دەوڵەمەندن بەسامانی ژێر زەوی و سامانی مرۆیی، هاوکات پێشوازی لەهەموو چاکسازی و ریفۆرمێك دەکەین کە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی و چارەسەری کەموکورتییەکان و دادپەروەری گیراوەتە بەر، ئومێدمان زۆرە جۆرێك لە لێکتێگەیشتن لەنێوان هەردوو حکومەت هەبێت بۆ ئەوەی هەم سەقامگیری و ئارامی لەناوچەکەدا بپارێزێت، هەم تەواوی ناوچەکە ئاوەدان بکرێتەوە.

*** ئایا تاچەند ئایینەدی پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەهەرێمی کوردستان مەترسی لەسەرە؟**

- ئەگەر فیکری داعش و توندڕۆیی مەترسی بێت بۆ سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەوا لەسەر کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان دوو ئەوەندە مەترسی هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ بوونی گرووپی توندوتیژ و دەمارگیر و بەردەوامیی سیاسەتی مەزهەبگەرایی، بەڵام ئەم هەرێمە بە شێوەیەکی حەکیمانە رووبەڕووی هەموو فیکرو ئەجندەیەکی دووبەرەکی دەبێتەوە، هەربۆیە سەرەڕای ئاستەنگ و بەربەستەکان، هێشتا بەئومێدەوە دەڕوانینە بەهێزکردنی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو گەلی کوردو مەسیحی، لەچەندین بۆنەشدا پاپای فاتیکان و کەنیسەکانی ئەوروپا پاڵپشتی و پشتگیری گەلی کوردیان کردووە، تەنانەت ئەگەر پاپای فاتیکان و هاوکارییەکانی کەنیسە نەبوونایە، دووچاری نەهامەتییەکی زۆر گەورەتر دەبووین کە لە رووی مرۆیی و کۆمەکەوە هاوکاری مەسیحییەکانی کردووە. سوپاسی جەنابی مسعود بارزانی دەکەین کە بەهەموو توانایەوە هاوکارو پاڵپشتمان بوو، بەتەئکیدیش دوای ئەوەی دەگەڕێینەوە بۆ دەشتی نەینەوا، رێزدار مسعود بارزانی بەجێمان ناهێڵێت و دەستی هاوکاری و یارمەتیمان پێشکەش دەکات. ئێمە ئەزموونی کوردستان بەرز هەڵدەسەنگێنین و پیاوانی ئایینی مەسیحیش بەچاوی رێزو تەقدیرە دەڕواننە ئەم ئەزموونە کە سەرەڕای کەموکورتییەکانی لەناوچەکەدا ئومێدی گەورەی لەسەر هەڵدەچنرێت.

**پابەندبوونی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبە کوردستانییەکانی دیکە بە پێکەوەژیان و ئارامی و سەقامگیری بەهۆی ئەوەیە کە دوای ئەجیندەو مەرامی وڵاتانی دەرەکی نەکەوتوون و کار بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری و پێکەوەژیان دەکەن**

**ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی مەسیحی سوپاسی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاک نێچیرڤان بارزانی، دەکەین کە پاڵپشتییەکی زۆریان لە مەسیحیەکان کردووە**

**کوردستانیش بەدوور نییە لە مەترسیی تەشەنەکردنی فیکری توندڕۆیی و دەمارگیری، بەڵام ئێمەی پیاوانی ئایینی مەسیحی ئومێدمان زۆرە بەخەڵکی کوردستان، چونکە هەروەک چۆن پێشمەرگە لەشەڕی داعش سەرکەوت، هەرواش گەلی کوردستان دەتوانن رووبەڕووی ئەو فیکرە نامۆیە بەکۆمەڵگەی کوردستان ببنەوە**



## ماگنوس بێرنهاردسۆن

پرۆفیسۆری مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئەگەر ترەمپ بیەوێت داعش تێکبشکێنێت دەبێت هەوڵی بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان بدات

ماگنوس بێرنهاردسۆن پرۆفیسۆری مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە کۆلیژی ولیام و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە، بایەخ بە مێژووی هاوچەرخی عێراق و پێوەندییەکانی ئەمەریکاو عێراق و ناسیۆنالیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەدات. بۆ تاوتوێکردنی رەوشی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێشبینییەکانی پەیوەست بەو رێگاچارە و سیاسەتانەی کە ئەگەری ئەوەیانی هەیە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا بیانگرێتەبەر، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بیروبۆچوونەکانی کرد.

*** با لە پرسیارێکی گشتییەوە دەست پێبکەین و بپرسین: پێشبینی دەکەن کە پایە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی بن؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی گەورەیەو هەموو کەس ڕووبەڕووی دەبێتەوە، چونکە ڕاددەیەکی گەورەی نادڵنیایی هەیە لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی هیچ کەسێك نازانێت دەقاودەق هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی نوێی ئەمەریکا چی دەبن. ئەگەر ئێمە لە ئیدارەکانی پێشوو بڕوانین، ئەوا ئاشکرایە کە کۆمەڵێك ڕاوێژکارو دامەزراوەی ئاشکرا هەبوون کە بەشدارییان دەکرد لە گەڵاڵەکردنی هەڵوێست و سیاسەتەکان لە ئاست پرسە جیاوازەکاندا. بەڵام تا ئێستا ئەوەی لەم ئیدارەیە بەدی کراوە، چەند لێدوانێکی گشتی بوون. لە پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە، ئەوا دۆخەکە هەر بەم شێوەیە بووە، واتە چەند لێدوانێکی گشتی داوە لە سەرەوەختی هەڵبژاردنەکانداو هەوڵیداوە خۆی لەسیاسەت و هەڵوێستەکانی هیلاری کلینتۆن جیا بکاتەوە و لەگەڵ ئەوەدا بووە ئەمەریکا ڕەوتی خۆگۆشەگیرکردن بگرێتەبەر، نەك دەستتێوەردان، وەك ئەو دەستتێوەردان و داگیرکارییەی لە ئەفغانستان و عێراقدا کرا. هەروەها ئەو باسی لە کێشەی داعش کردووە لە سووریاو باسی لەوە کردووە کە دەتوانێت تێکیان بشکێنێت، واتە پێدەچێت پشتیوانی ڕژێمی سووریا و ئەو ڕێگاچارەیە بکات کە ڕووسیا گرتوویەتەبەر لەو وڵاتەدا، بەو پێیە ترەمپ بە چەشنی ئیدارەی پێش خۆی هەوڵی هاوکاریکردنی موعارەزەی سووری نادات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا گۆڕانکارییە لە سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست ئەو وڵاتەدا. بە هەمان شێوە باسی لە ئەگەری پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێراندا کردووە، هەرچەندە من دڵنیا نیم کە ئایا دەتوانێت ئەم کارە بکات، یان نە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، ئەگەری ئەوە هەیە هەڵکشانێك ڕووبدات لە پێوەندی بە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئێراندا. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، ڕاددەیەکی گەورەی نادڵنیایی هەیە و هەوڵەکان بە ئاڕاستەی درێژەپێدانی بارودۆخەکە هەنووکەییەکەن، لەگەڵ گۆڕانێکی کەم لە سیاسەتەکاندا.

*** ئێوە باستان لە ئەگەری هەڵکشانی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا جگە لە پرسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، چاوەڕوان دەکرێت ئەمەریکا لەسەر پرسەکانی دیکە ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە؟**

- بڕیاری قەدەغەکردنی چوونی هاووڵاتیانی ئێران بۆ ئەمەریکا لە زۆر ڕووەوە کاریگەریی هەبووە، واتە ئەگەرچی تەرکیزەکە لەسەر پرسە ئەتۆمییەکەیە، بەڵام ئەم بڕیاری قەدەغەکردنە ئاستەنگی بۆ پێوەندییە ئابووری و کەلتوورییەکان دروست کردووە. لە پێوەندی بە پرسەکانی دیکەوە، وەك مافی کەمینەکان و بازرگانی بە ماددە هۆشبەرەکان و پرسی پیسبوونی ژینگە کە ڕووبەڕووی حکومەتی ئێران دەبنەوە، ئەوا من دڵنیانیم کە چۆن ئیدارەی ترەمپ مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسانەدا دەکات، چونکە هەموو تەرکیزەکە لەسەر پرسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەیە و لەو باوەڕەدا نیم کە سیاسەتێکی دیاریکراو، یان بۆچوونێکی بەهێز، یاخود دەستتێوەردان لە سیاسەتەکانی دیکەی حکومەتی ئێراندا بکەن.

*** پێتوانییە کە ئیدارەی ترەمپ کەمتر بایەخ بە پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و پەرەپێدانی دیموکراسییەوە بدات؟**

- ئەوە ڕاستە، چونکە ترەمپ ڕایگەیاندووە کە ئەمەریکا پۆلیسی جیهان نییە و تەنانەت ڕەخنەی لە دەستتێوەردانەکانی پێشووش گرتووەو پێیوابووە کە هەوڵدان بۆ بنیادنانی دیموکراسی و برەودان بە مافەکانی مرۆڤ ئەرکێکی هەڵەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەوەی ئێمە دەیڵێین دەچێتە چوارچێوەی مەزەندەکردنەوە، چونکە ئەوە تەنیا سێ هەفتە بەسەر دەستبەکاربوونی ئەم ئیدارەیەدا تێپەڕیوە.

*** بەڵام پێتوانییە دۆناڵد ترەمپ هەوڵی ئەوە بدات کە ئەمەریکا جڵەوی کاروبارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێتەوەدەست، بەتایبەتی کە ترەمپ بانگەشەی ئەوە دەکات کە شکۆ و مەزنێتی بۆ ئەمەریکا دەگەڕێنێتەوە؟**

- زۆربەی لێدوان و کردەوەکانی ترەمپ پەیوەست بە گەڕاندنەوەی شکۆی ئەمەریکا پەیوەست بوونە بە سیاسەتی ناوخۆیی ئەمەریکاوە و پێیوایە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی زۆر ئاڵۆزە و زەحمەتە بتوانرێت بە شێوەیەکی بەرچاو مەزنێتیی ئەمەریکای تێدا بەرجەستەبکرێت، بەڵام ڕەنگە ئەم کارەش لە ڕێی بەکارهێنانی هێزی سەربازیی ئەمەریکا ئەنجام بدات، بەڵام لە چوارچێوەیەکی زۆر دیاریکراودا و بۆ لێدانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی دیکەدا. بەڵام پێشبینی ناکرێت بۆ گەڕاندنەوەی مەزنێتی و

**ڕەنگە ئاستێکی باڵاتری خۆبەڕێوبەری واقیعێک دروست بکات کە ببێتەهۆی ئەوەی هەنگاوی دواتر بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بێت**

**تەواوی جیهان لەوە دەڕوانن کە بەرەوپێشچوونێکی زۆر بەدیهاتووە لە باکووری عێراقدا، واتە بەرەوپێشچوونی گەورە لە ڕووی بنیادنانی دامەزراوەکان، هەروەها بنیادنانی ئابوورییەوە، هەروەها بواردان بە پێکهاتەکان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بە زمانی دایک بخوێنن**

**زۆرێک لەو سوننانەی بڕیاریان دا بچنە نێو داعشەوە هەستیان کرد ئازادییەکانیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێشێل کراوە و ئایندەی خۆیان لەو عێراقەدا نەدەبینییەوە**

شکۆی ئەمەریکا هەڵبستێت بە بنیادنانی بنکەی سەربازی لە ناوچەی کەنداو، یان تورکیا یاخود ئاسیای ناوەڕاست و شوێنەکانی دیکە.

*** هەر لە پێوەندی بە تێکشکاندنی تیرۆریزمەوە، ترەمپ بەڵێنی ئەوەیدا بە رەوتێکی خێراو بە تەواوەتی هەڵدەستێت بە تێکشکاندنی داعش، لە ئێستاشدا بەرەوپێشچوونێکی باش بەدەستهاتووە لە عێراقدا لەم رووەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێویست ناکات ئەمەریکا هاوشان بە هەوڵە سەربازییەکان کار لەسەر سەقامگیرکردن و چارەسەرکردنی پرۆسە سیاسیەکەش بکات، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە گرووپی هاوشێوەی داعش دروست نەبێتەوە؟**

- بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، چونکە دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین کە چۆن و لە چ هەل و مەرجێکدا داعش هاتەئاراوە و دروست بوو. کەواتە ئەمەریکاش بە چەشنی وڵاتانی دیکە بەرژەوەندی هەیە لەوەدا کە عێراق ببێتە وڵاتێکی سەقامگیر و دامەزراوەکان سەقامگیر بن و هاووڵاتییانیش هەست بە ئارامی و ئاسایش بکەن و هەمووان هەست بکەن خاوەن مافن و بە شێوەیەکی یەکسان دەستیان بە سەرچاوەکانی عێراقدا رادەگات و شەفافییەت هەبێت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی سەقامگیریی سیاسییەوە دۆخێك دروست بوو لە عێراقدا کە ئەم گرووپانە بتوانن سوود لەو بۆشاییە وەربگرن. بەڵام هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، لە رووی سەربازییەوە بەرەوپێشچوونێکی باش بەدیهاتووە، بەڵام دەستەبەرکردنی ئاسایش پێویستی بە هێنانەئارای سەقامگیرییەو ئەو سەقامگیرییەش لەسەر حیسابی ئازادی بەدی نایەت.

*** پێتوایە هۆکارە ریشەییەکە ئەو سیاسەتە تایفەگەرییە بووە کە پێشتر حکومەتی عێراق پیادەی دەکردو بووە هۆی پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی سوننەکان و داعش توانیی سوود لە تووڕەیی و نیگەرانی سوننە وەربگرێت؟**

- هەروەك لە وەڵامەکەی پێشوودا ئاماژەم پێکرد کە پێویستە ئاسایش و سەقامگیری دەستەبەر بکەیت، بەڵام نابێت لەسەر حیسابی ئازادی بێت، پێموایە زۆرێك لەو سوننانەی بڕیاریان دا بچنە نێو داعشەوە هەستیان کرد ئازادییەکانیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێشێل کراوە و ئایندەی خۆیان لەو عێراقەدا نەدەبینییەوە. لەبەر ئەوە ئاسانکارییان بۆ ئەو هەنگاوانە کرد کە بە ئاڕاستەی هێنانەئارای بەدیلێك بوون بۆ ئەو حکومەتەی لەئارادابوو.

**بەهۆی نەبوونی سەقامگیریی سیاسییەوە دۆخێک دروست بوو لە عێراقدا کە ئەم گرووپانە بتوانن سوود لەو بۆشاییە وەربگرن**

**ترەمپ رایگەیاندووە کە ئەمەریکا پۆلیسی جیهان نییە و تەنانەت رەخنەی لە دەستتێوەردانەکانی پێشوش گرتووەو پێیوابووە کە هەوڵدان بۆ بنیادنانی دیموکراسی و برەودان بە مافەکانی مرۆڤ ئەرکێکی هەڵەیە**

**ترەمپ بە چەشنی ئیدارەی پێش خۆی هەوڵی هاوکاریکردنی موعارەزەی سووری نادات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا گۆڕانکارییە لە سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست ئەو وڵاتەدا**

*** بەڵام هەروەك دەزانن کورد لە عێراقدا، یان هەرێمی کوردستان نەبۆتە بەشێك لە شەڕ و ململانێی نێوان شیعەو سوننە و لە ژێر کاریگەرییەکی گەورەی ئێرانیشدا نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێستادا چۆن لە کورد دەڕوانێت؟**

- لە راستیدا تەواوی جیهان لەوە دەڕوانن کە بەرەوپێشچوونێکی زۆر بەدیهاتووە لە باکووری عێراقدا، واتە بەرەوپێشچوونی گەورە لە رووی بنیادنانی دامەزراوەکان و هەروەها بنیادنانی ئابوورییەوە، هەروەها بواردان بە پێکهاتەکان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بە زمانی دایك بخوێنن و بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت ژیانبەرنەسەر. هەروەها بینیمان کە کوردیش رووبەڕووی هێرشەکانی داعش بوونەوە و خاکیان داگیرکرا، چ لە عێراق بێت، یان لە سووریا. لەبەر ئەوە من پێموایە ئەگەر بەڕێز ترەمپ جددییە لە هەوڵەکانیدا بۆ تێکشکاندنی داعش، ئەوا دەبێت بە شێوەیەك لە شێوەکان هەوڵی بەهێزکردنی هەرێمە کوردییەکە- هەرێمی کوردستان- بدات بۆ ئەوەی ببێتە بەربەستێك لە بەردەم توندڕەوەکاندا، ئیدی شیعە بن، یان سوننە.

*** لە کوردستاندا رەوتێکی بەهێز هەیە کە پشتیوانی لە هەنگاوهەڵگرتن بەرەو سەربەخۆیی دەکات، راو بۆچونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- لە راستیدا نیگەرانییەکە پەیوەستە بە دووبارە دارشتنەوەی سنوورەکانەوە و ئەو ناسەقامگیرییەی کە ئەگەری ئەوە هەیە بەدوایدا بێت، کەواتە لەگەڵ ئەوەی کەسانێکی زۆر هەن کە بایەخ بە سەربەخۆیی کورد دەدەن، بەڵام نیگەرانن لە دەرئەنجامە عەمەلییەکانی، بەو پێیە ئەوان پشتیوانی لەوە دەکەن کە کورد ببێتە خاوەنی ئاستێکی باڵاتری خۆبەڕێوبەری لەبری سەربەخۆیی تەواو، بەڵام لە رووی مێژووییەوە بە زۆری ئەو خۆبەڕێوبەرییە سەردەکێشێت بۆ سەربەخۆیی. چونکە ئەگەر لە مێژووی ئەو وڵاتانە بڕوانین کە لە ماوەی ١٠٠ ساڵدا سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، ئەوا ئەمە پرۆسەیەك بووە کە چەندین هەنگاوی لەخۆ گرتووە، کە رەنگە ئاستێکی باڵاتری خۆبەڕێوبەری واقیعێك دروست بکات کە ببێتەهۆی ئەوەی هەنگاوی دواتر بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بێت.

*** لە پێوەندی بە بارودۆخی سووریاوە، پێشبینی دەکرێت کە هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان ئەمەریکا و رووسیادا دروست بێت بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئەو وڵاتە، لە ئێستاشدا بارودۆخەکە بە**



سەرۆك بارزانی لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەمەریکا

**چەشنێك گۆڕاوە کە هەموان بەوە رازین ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مانەوەی ئەسەد بە مانای درێژەکێشانی شەڕ و ناکۆکییەکە نایەت؟**

- هەندێ لە کردەوەکانی حکومەتی سووریا بوونەتە مایەی ئێش و ئازار بۆ خەڵکی سووریا و نیگەرانییەکەی منیش لەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم حکومەتە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوەو دواتر دەستبداتە هێرشبردن بۆ سەر ئەو کەسانەی لە موعارەزەدا بوون و بەم شێوەیە نەهامەتی و ئێش و ئازاری ئەو کەسانەش درێژە دەکێشێت کە پێشتر لە ریزەکانی موعارەزەدا بوون. کەواتە چارەسەرێکی ئاسان نییە بۆ دۆخی ئەو وڵاتە و ئومێد دەکەم هەر چارەسەرێکیش بێتەئاراوە نەبێتەهۆی درێژکێشانی خوێنرێژی.

*** لە ئێستادا هەژموون و باڵادەستیی ئێران بۆتە هەڕەشەیەکی بەرچاو و مەترسیدار بۆ چەند وڵاتێکی ناوچەکە، وەك سعودیە و ئیسرائیل، واتە لە ئێستادا ئێران بۆتە هەڕەشە و مەترسییەکی هاوبەش بۆ ئەم دوو وڵاتە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەم دۆخە دەبێتەهۆی لێکنزیککردنەوەی سعودیە و ئیسرائیل بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران؟**

- راستە، چونکە هەروەك دەڵێن دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە. لەلایەکی دیکەوە ئەم دوو وڵاتە پێوەندی چڕو پڕیان هەیە لەگەڵ ئەمەریکادا، هەروەها بەرژەوەندییان هەیە لە پارێزگاریکردن لەو دۆخەی لە ئێستادا لە ئارادایە، لە ئێستاشدا هەردوولایان بە نیگەرانییەوە لە هێزی ئیقلیمی ئێران دەڕوانن، هەروەها هەوڵی رێگریکردن لەو ناسەقامگیرییە دەدەن —بۆ ئەوەی نەگاتە سنووری وڵاتەکانیان- کە بەهاری عەرەبی بەدوای خۆیدا هێنای.